96

# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئاینییە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مانگێ جارێک دەری دەکات

## بە لێکنزیکبوون خزمەتی باشتر دەکرێت و چاکتریش لێک حاڵی دەبین

پابەندبوون بە مەزهەب، پابەندبوونە بە مەنهەجی سەلەف و ئیسلامی راستەقینە

زانایان لەچیدا میراتگری پێغەمبەرانن. ؟!



ئیبراهیم پێغەمبەر نەیدەویست کوڕەکەی بکاتە قوربانی

# ساڵیادو هەڵبژاردن



به بۆنەی ٤٣ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان پڕ به دڵ پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی دەکەمو دەستخۆشانەش لە مەکتەبی تەنفیزیو سەرجەم لقەکانو ستافی ناوچەو تەواوی ئەندامانی یەکێتی زانایان دەکەم، لەسەر ئەو هاوکاریو پشتیوانیەی هەیانە، هیوادارم زانایانی بەرێزمان هاوکاری زیاترو هەماهەنکی جددیتر پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بەهێزو بازوی هەموو لایەك کاری رێکخراوەیی ئەو یەکێتیەو، هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ خزمەتکردنی زیاتری مامۆستایانی ئایینیو بەرز راگرتنی سەروەریو تەقدیری مەلای کوردو مێژووە پاکەکەیان وەك خۆی رابگرین.

باش دەزانین دامەزراندنی ئەو یەکێتیە زەرورەتێکی مێژوویی گرنگ بوو، کە توانی وزەو توانای زانایان لە تەواوی کوردستان کۆبکاتەوەو لە خزمەتی گشتیو لە پێناو برەودان بە هەستی ئاینپەروەریو نیشتمانپەروەری بەکار بێنێ.

خۆشبەختانە لە ئێستادا تا رادەیەکی باش توانیومانە خزمەت بە مامۆستایانی ئایینی بکەینو ئاستی رێکخراوەیی ئەو یەکێتیە لە زۆر لاوە ببەینە پێشەوە، بەردەوام چالاکیمان هەبووە، بەردەوامیش لە ئاست ئەو ئەرکەی پێمان سپێردراوە لەسەر خەت بووین، گەیاندنی پەیامو راگەیاندنو بڵاوکردنەوەی پەرتووكو بەچاپگەیاندنی بەرهەمی زانایانو کردنەوەی خولی رۆشنبیریو زانستیو پتەوکردنی پەیوەندیەکانو چارەسەرکردنی کێشەی مامۆستایانو بەدواداچوونی گرفتەکانیان بەشێکی گرنگی کارو ئەولەویەتی بەرنامەی ئێمە بووە.

لەکاتێکدا ئێمە ئەو یادە دەکەینەوە، گەلەکەمان بە قۆناغێکی هەستیار تێپەڕ دەبێت، کە خۆی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو پێکهێنانەوەی حکومەتی نوێ دەبینێتەوە، لێرەوە وێڕای سوپاسی زۆرمان بۆ مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی، کە توانیان تا رادەیەکی باش هاوسەنگی رابگرنو دوور بن لە بەکارهێنانی مینبەر بۆ بانگەی هەڵبژاردن، هاوکات دەخوازین لایەنە پەیوەندارەکانو لیستە براوەکان بە گیانێکی بەرپرسانەو رەچاوکردنی بنەما دیموکراسیەکانو بەرژەوەندی گەلو وڵاتو راگرتنی ئارامی نیشتمانو رێزو یەکتر قەبوڵکردنەوە کار بکەنو حکومەتێکی لە ئاست قۆناغی ئێستاو داخوازی خەڵك پێك بهێنن.

هەروەك بە پێویستی دەزانم لێرەوە داوا لە هەموو لایەك بکەم، کە حیساب بۆ قیەمو هەستی دیندارانەی خەڵکی موسڵمان بکەنو بە چاوی رێزەوە لە زانایانو شوێنە ئایینیەکانەوە بڕوانن، بەتایبەت لە پێکهێنانی کابینەی نوێ پێویستە وەزارەتی ئەوقاف پێگەو سەنگو دەستەڵاتێکی ستراتیژیو زیاتری بدرێتیّ، نەك بکرێتە پاشکۆو وێستگەی ململانێی سیاسیو رازی کردنی ئەمو ئەو، چونکە بەلای ئێمەوە وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی سیادیو گرنگەو موهیمەیەکی گەورەشی دەکەوێتە سەر شان.

**خاوەنی ئیمتیاز**

# پەیامی زانایان

ژمارە ( ٩٦ )

ذي القعدة/ ١٤٣٤

گەلاویژ/ ٢٧١٣

ئەیلـــول/ ٢٠١٣

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئاینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی

amalazada@gmail.com

سەرنووسەر

مەلا جەعفەر گوانی

cefergwani@gmail.com



بەڕێوەبەری نووسین

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

Sherkaway83@gmail.com

07504632715

راوێژکارانی فەتوا

مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی

مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی

مامۆستا مەلا عومەری سوێری

راوێژکاران

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی

شێخ عەبدولباسیت بالیسانی

شێخ بەهائەدین نەقشبەندی

ستافی نووسین

مەلا تەیب زیارەتی

مەلا هەندرێن بالیسانی- ابن الشهیدین

فۆتۆ

تەها شەمسەدین




مەلا ئاراس رواندوزی:

## قورئان لە سەردەمی جیهانگیرییدا



د. مەلا محمد حسن:

## موسڵمانان و زانست



مەلا ئەحمەدی قامیشی:

## کلتوری بیگانەو خۆمانە کامیان لە تۆی کورد جوانە


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی ڕێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# پێویستە ئاشتی کۆمەڵایەتیو ئاسایشی نیشتمانی بپارێزین

لەمیانەی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (نورۆژ)ی کەناڵی ئاسمانی رووداو سەبارەت بە رۆڵی وتاری هەینی مامۆستایانی ئایینی لەسەر پرسی هەڵبژاردن، رۆژی ٢٠١٣/٩/٢٠ سەرۆکی یەکێتی زانایان بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی ئەو هەڵبژاردنەی لە گەلی کورد کرد، راشیگەیاند کە ئێستا میللەتی کورد لەبەردەم پرۆسەیەکی گرنگ دایە پێویستە رەچاوی بەرژەوەندی گشتی گەلو وڵات بکات.

لە بەشێکی بەرنامەکە سەرۆکی یەکێتی زانایان رۆڵی مامۆستایانی ئایینی بەرز نرخاند، کە توانیویانە هاوسەنگی رابگرنو پێگەی خۆیان بپارێزن، وە توانیویانە خەڵك ئاگادار بکەنەوە، کە بەهەست کردن بە گیانی بەرپرسیارێتی مامەڵە بکەنو خۆیان بەدوور بگرن لە کاری نەویستراوەوە.

هەروەها گوتیشی: زۆر گرنگە مامۆستای ئایینی لە وتاری هەینی خەڵك هۆشیار بکاتەوە، کە بەژداری دەنگدان بکەنو بەهێمنی پرۆسەکە بەڕێوە ببەنو رێز لەیەکتر بگرنو هاوکاری یەکتریو بەتایبەتی پیرو پەککەوتەو ئافرەتو کەسی نەخۆش بکەن.

لە بەشێکی تری قسەکانی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتیشی: ئەوەی زۆر بەلای ئێمەوە گرنگە لەو پرۆسەیە، پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتیە بەوەی خەڵك لەسەر ئینتیمای سیاسی لێك زویر نەبنو تەحەمولی یەکتری بکەن، هەروەها پاراستنی ئەمنو ئاسایشی هەرێمە، کە پێویستە خۆمانی لەئاست بە بەرپرسیار بزانینو بپارێزین، وە دەبێ هەمووان هۆشیاری بین، کە پشێویو ئاڵۆزی لە وڵات دروست نەبێ.

سەرۆکی یەکێتی زانایان جەختیشی لەوە کردەوە، کە دوای پرۆسەکەو یەکلایی کردنەوەی دەنگەکان پێویستە قەوارە سیاسیەکان دەرەنجامەکان قەبوڵ بکەنو کاندیدە دەرنەچووەکانیش شتی نەخوازراو نەخولقێنن، چونکە سروشتی هەڵبژاردن دەرچوونو دەرنەچوونی تێدایە، لەگەڵ ئەوەش هیوای خواست ئەوای سەرکەوتن بەدەست دێنن بتوانن لەئاست بەڵێنەکانیان بنو خزمەتی گەلو وڵاتو نیشتمان بکەنو هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی باشترو پێشکەوتنی زیاترو ئاوەدانی پتر ببەن.




# لەسەر ناوهێنانی پێشەوا قازیو کوردستان شەش ساڵ زیندانی دەکرێت



مامۆستایانی ئاینیی سوننە مەزهەب لە ئێران، لەلایەن دادگایەکی تایبەت دادگایی دەکرێن کە سەرجەم دادوەرانی شیعە مەزهەبن، ئەو دادگایە تاوەکو ئێستا چەند مەلایەکی کوردیشی حوکمداوە کە دواییینیان مەلایەکی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ئەو دادگایە، هیچ دادوەرێکی سوننە مەزهەبی نییە، تەنانەت هیچ لقێکی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە.

دادگاکە چەند رۆژێك لەمەوبەر مامۆستا مەلا سەلام گوڵنەواز، مەلای مزگەوتی حەزرەتی عومەری لەگەڕەکی شیوەبرایمی شاری سەردەشت، بە ٦ ساڵ بەندکردن و لێسەندنەوەی مۆڵەتی مەلایەتی سزا دا.

مەلا سەلام بە تۆمەتی ناوهێنانی پێشەوا قازی محەممەدو کوردستان، هەروەها هاندانی خەڵك بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خەڵکی هەژار، ئەندامێتی مەکتەبی قورئان و پێڕەویکردن لە ئەحمەد موفتی زادە، لە شاری تەورێز حوکمی بەسەردا سەپێندراوە.

عوسمان موزەییەن، پارێزەرو خەڵکی شاری سەردەشت بە (رووداو)ی گوت "مامۆستا گوڵنەواز تەنیا ئامۆژگاری و رێنوێنی کردووەو لەچوارچێوی یاساکانیش لاینەداوە". موزەییەن باس لەوە دەکات کە دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی بۆ پاراستنی کەسایەتی مامۆستایانی ئاینییە، بەڵام ئەم دادگایە ئێستا ناونیشانی خۆی لەدەستداوە و "بووەتە دادگایەك بۆ دژایەتیکردنی بیروباوەڕی مامۆستایان".

مەلا عەبدوڵڵا عەباسی، ساڵی پار زیاتر لە مانگێك لە زینداندا بووە. مەلا سەیفوڵڵا حوسێنی زیاتر لە دوو ساڵ زیندانی کرا. مەلا ئەیوب گەنجی زیاتر لە ٥ ساڵ زیندانی بوو. مەلا حوسێن حوسێنی، خەڵکی جوانڕۆ، مەولانا عەبدولحەمید، کەسایەتی بەناوبانگی سوننە مەزهەبەکانی سیستان و بەلوچستان و مەولانا عەبدولغەنی بەدری و مەولانا عوسمان خەڵکی سیستان. جگە لە مەلایانی سوننە مەزهەب، چەند مەلایەکی شیعە مەزهەبیش لەو دادگایەدا دادگایی کراون.

دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی لەساڵی ١٩٧٩ بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی، رێبەری پێشووی کۆماری ئیسلامی دامەزراوە. ئەم دادگایە راستەوخۆ لە ژێر چاودێری رێبەردایەو هەر ئایەتوڵڵا خامنەییش داواکاری گشتی دادگاکەیە. ئەم دادگایە بەمەبەستی پاراستنی کەسایەتی مامۆستایانی ئاینی پێکهاتووەو بەپێی ماددەی ٤٣ی یاسای تایبەت بە دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی، هەر مامۆستایەك تاوانێك ئەنجام بدات، یان ببێتە هۆی شکاندنی کەرامەت و پێگەی مامۆستایانی ئاینی سزا دەدرێت، یان ئەوانەی کە شیاوی لەبەرکردنی جلوبەرگی مەلا نین، ئەو جلەیان بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی لێدەسەندرێتەوە.

بەپێی ماددەی ٣٥ی ئەو یاسایە، ئەم دادگایە تەنانەت سەبارەت بە تاوانەکانی "دژی کۆماری ئیسلامی" یش دەتوانێ مامۆستایانی ئاینی دادگایی بکات.

ئەم دادگایە لەدەزگای دادی ئێران و دیوانی بەرزی وڵات سەربەخۆیە و دیوانی بەرزی وڵات ناتوانێ پێداچوونەوە بە حوکمەکانیدا بکات، بەڵکو تەنیا خۆی پێداچوونەوە بە حوکمەکانیدا دەکات. حەسەن شەریعەتمەداری، چالاکی سیاسی دەڵێت "دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی بۆ ترساندن، تۆقاندن و بێدەنگکردنی مامۆستایانی ئاینی رەخنەگر دامەزراوە".

ئەم دادگایە ١٠ لقی لە سەرتاسەری ئێراندا هەیە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ لقێکی نییە. مامۆستایانی ئاینی پارێزگای ورمێ لە دادگای تەورێز و مامۆستایانی ئاینی پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئیلام لە شاری هەمەدان دادگایی دەکرێن. ئەمەش نارەزایەتی مامۆستایانی ئاینی سوننی مەزهەبی کوردی لێکەوتووەتەوە. چونکە لەم دادگایانەدا مامۆستای ئایینی سوننەی لێ نییەو مامۆستای شیعە مەزهەب حوکم بەسەر مامۆستا سوننەکاندا دەسەپێنێ.

تێبینی: ئەم هەواڵە لەماڵپەری رووداو وەرگیراوە.

# سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ زانایانی ئایینی كۆدەبێتەوە



رۆژی ٢٠١٣/٩/١١ لە هەولێری پایتەخت بەمەبەستی لەنزیكەوە دانیشتن‌و قسەكردن لەسەر پرسە هەنووكەییەكان، سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ژمارەیەكی بەرچاوو لە زانایانی ئایینی كۆبوەوە.

لەو كۆبونەوەیەدا سەرۆكی هەرێم وتەیەكی پێشكەش كردو تێیدا وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بەدانیشتنی لەگەڵ زانایان، تەئكیدی لە رۆڵ‌و پێگەو خزمەتی زانایان كردەوە، كە بە درێژایی مێژوو رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، لەناو كوردو داكۆكی كردن لە مافەكان‌و بەرەو پێشبردنی هەردوو هەستی ئاینپەروەری‌و نەتەوەپەروەری، زانایان پێشەنگی ئێمەمانان هەموو لایەكن‌و پێویستمان بە ئامۆژگاری‌و نەسیحەتی ئێوەیە، بەڵام هەندێك پرس‌و بابەت هەیە پێویستی بە جوهدی هەموو لایەكە قسەی لەسەر بكەین.

لەبەشێكی تری قسەكانی سەرۆكی هەرێم باسی لەو پێشوەچوون‌و گۆڕانكاری‌و هەڵوێستە نیشتمانیانە كرد، كە ئێستا كورد پێی تێپەڕ دەبێت‌و هاوسەنگیەكی باشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و ناوچەكە دروست كردووە، كە ئەمەش بۆتە هۆی ئەو پێشكەوتنە زۆرو گەورەیەی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو رووی لە وڵاتی ئێمە كردووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانی ئەو خولەی پەرلەمانیش، سەرۆكی هەرێم باسی لەوە كرد، كە پێوستە هەمووان لەو ئاگادار بین شتی ناشیرینی تێكەڵ نەكەین‌و نمونەیەكی جوان پیشانی دونیاو هەموو چاودێرە بیانیەكان بدەین، لەگەڵ ئەوەش جەختی كردەوە، كە نابێ ئیسلام وەك ئایین بۆ مەرامی تایبەت‌و توندرۆیی‌و بانگەشە بەكار بێت.

هەروەها گوتیشی: هەموو ئەو پێشكەوتن‌و گۆڕانكاریانە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەكمانە، وە ئومێدی زۆریشمان هەیەو زەمینەش لەبارە بۆ پێشكەوتنی كورد، بەڵام ئەوە پێویستی بە هەوڵ‌و هەڵوێستی هەموو لایەكە، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی، كە دەتوانن رۆڵی بەرچاو بگێڕن لەو بوارەدا.

دواتر مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان وتەیەكی پێشكەش كردو وێڕای خۆشحالی دەربڕین بە كۆبوونەوەكە، ئاماژەی بەچەند خالێك كرد، كە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئەمرۆی كوردستان‌و پرسی هەڵبژاردن‌و خزمەتی مامۆستایانی ئایینی‌و رێكخستنەوەی سیستەمی ئیداری وەزارەتی ئەوقاف‌و باشتر كردنی گوزەرانی مامۆستایانی ئایینی‌و بایەخدان بە خوێندنی ئیسلامی لە هەرێم.

هەروەك سەرۆكی زانایان باسی لە رۆڵ‌و خزمەتی مامۆستایانی ئایینی كرد، كە لە كۆن‌و نوێدا جێدەستیان دیار بووە لە خزمەتكردن‌و پشتیوانی لە هەنگاوە نیشتمانیەكان‌و پاراستنی دەسكەوتەكان‌و دروستكردنی زەمینەی ئەو ئەمن‌و ئارامیەی لە كوردستان هەیە.

# دهۆك: سەرۆكی هەرێم لەگەڵ زانایانی ئایینی كۆدەبێتەوە



رۆژی ٢٠١٣/٩/١٧ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە پارێزگاری دهۆك لەگەڵ ژمارەیەكی بەرچاو لە زانایانی ئایینی سنووری پارێزگای ناوبراو كۆبووەوە.

سەرەتای كۆبوونەوەكە مامۆستا مەلا ئەنس محمد بەرپرسی لقی دهۆكی یەكێتی زانایان وتەیەكی پێشكەش كردو تێیدا باسی لە رۆڵ‌و پێگەی زانایان كردو، چەند پەیڤێكیشی لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانەوە خستە روو.

دواتر سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی وتارێكی پێشكەش كرد، كە تێیدا وێڕای بەرز نرخاندنی رۆڵ‌و كاریگەری زانایانی ئایینی، چەند لایەنێكی مێژووی لەبارەی ئەو رۆڵەوە باس كردو گوتی: لەهەموو شۆڕشەكان زانایانی ئایینی دەورێكی باڵایان هەبووەو زاناو هۆزانڤان‌و سەركردەی رابردوومان هەمووی كەسایەتی ئایینی بوون، تەنانەت لەهەر چوار پارچەی كوردستان كەڵە زانای گەورەمان هەبووە.

لە بەشێكی تری قسەكانی گوتی: رێبەرانی كورد هەمیشە هەڵگری هەردوو بیری ئایینی نیشتمانی بوونەو قەت ئەو دوو چەمكەیان لێك جیا نەكردۆتەوە، بۆیەشە كوردستان بۆتە ناوەندێكی بەهێز لە پێكەوە ژیانی ئایینی‌و مەزهەبی‌و لەو روەشەوە سیمایەكی جوانی پیشانی دەرەوە داوە.

لە بەشێكی تری قسەكانی سەرۆكی هەرێم گوتیشی: سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانەوە، ئامانجی ئێمە سەركەوتنی كوردستانە نەك كەس‌و لایەنێك، بۆیە دەخوازم ئێوە رۆڵی خۆتان ببینن، لە هاندانی خەڵك بۆ بەژداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن‌و خەڵك هۆشیار بكەنەوە كە بچن دەنگ بدەن.

هەروەها سەرۆكی هەرێم جەختیشی لەوە كردەوە، كە پێویستە هەموو لایەك هاوكار بێت بۆ بە باش‌و بێگەرد بەڕێوەچوونی پرۆسەكەو پیشاندانی رووی گەشی كوردستان بە وڵاتی دەرەوە، هەروەها چەند نمونەیەكی لەبارەی پێشوەچوونی كوردستان‌و هاتنی كۆمپانیا بیانیەكان‌و هەبوونی كونسوڵی وڵاتان‌و ئاوەدانی‌و ئەمن‌و ئاسایشی هەرێمی كوردستان بۆ ئامادەبووان شیكردەوە.

جێی ئاماژەپێدانە لەو كۆبوونەوەیەدا سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان‌و ژمارەیەك كەسایەتی‌و بەرپرسی حزبی‌و ئیداری تێدا بەژدار بوون.

# بەياننامەی يەكێتی زانايان بەبۆنەی ٤٣ ساڵەی دامەزرادنيەوە

**بەناوی خوای گەورەی ميهرەبان**

**وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ بەسەر دامەزراندنی يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان كە لە (١٩٧٠/٩/٢١) لە گەلاڵە دامەزرا، پيرۆزباييەكی گەرم لە تەواوی مامۆستايانی ئايينی كوردستانو سەرجەم ئەندامو دۆستانی يەكێتی زانايان دەكەين، لەخوای گەورە داواكارين هەميشە لە بەختەوەری دونياو قيامەت دابن.

مامۆستايانی قەدرگران: ئێمە لەكاتێكدا يادی يەكێتی زانايان دەكەينەوە، كە بە شانازييەوە تا ئاستێك توانيومانە بە ئەركی سەرشانمان هەڵبستين بەرامبەر مافەكانی زانايانو پرسەو ئايينیو نەتەوەييەكان لە هەرێمی كوردستان، هەر لە زيادكردنی موچەو خوێندنو گەياندنی پەيامی راستەقينەو بڵاوكردنەوەی دەيان كتێبو چارەسەركردنی كێشەو گرفتی ژمارەيەكی زۆری مامۆستايانی ئايينی، كە بە قەدەر تواناو ئەوەی ئاگادار بووبين هەوڵمان داوە پشتيوانيان بكەينو ئاريشەكانيان چارەسەر بكەين. لە هەمووشی گرنگتر هەوڵمانداوە پارێزگاری لە ناوو پێگەی مامۆستايانی ئايينی بكەين، بۆ ئەوەی هەميشە ئاوێنەيەك بن هەموو خەڵكی كوردستان بە جياوازی بۆچوونو بيركردنەوەوە خۆيانی تێدا ببيننەوەو، پێگەكەيان بەسەر هيچ لايەنو كەسێكدا بچووك نەكەنەوە، كە ئەمە دەستكەوتێكی مێژووييە بە تێپەڕبوونی رۆژگار نرخەكەی چاكتر بە ديار دەكەوێت، چونكە بە بچووكنەكردنەوەی پێگەيان هەميشە بە بەرزیو جێ متمانەی خەڵك دەمێننەوە.

هەر لێرەشەوە كە ساڵڕۆژی يادی دامەزراندنی يەكێتی زانايان دەكەوێتە رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان.. هيواداريين ئەم پرۆسەيە بە باشترين شێوە سەركەوێتو، كوردستان بەرەو ئاييندەيەكی گەشترو پڕ ئومێدتر بباتو، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەكان، هەموو لايەك بە سنگێكی فراوانەوە ئەنجامەكان قبوڵ بكاتو، بەوپەڕی غەمخۆریو دڵسۆزييەوە پارێزگاری لە يەكبوونو هێمنیو ئارامی كوردستان بكەين.

كە دڵنياين مامۆستايانی ئايينی لە ئەنجامی غەمخۆريان بۆ ئايينو گەلو وڵاتەكەيان لە وتارەكانی هەينيدا بە وردی جەغت لەسەر برايەتیو پێكەوەژيانو رێزگرتنی نێوان كۆمەڵگە دەكەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم پرسانە هەميشە بە سوودی كۆمەڵگە بگەڕێنەوەو، هيچ كارێكی نەخوازراو بەدوای خۆيدا نەهێنێت.

**يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان**

**٢٠١٣/٩/١٩**

# لەبارەی هەڵبژاردنەوە يەكێتی زانايان پەيامێك بڵاو دەكاتەوە

سەبارەت بە نزيكبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانو لەسەربەردنی تەواو بوونی بانگەشەی ئەو پرۆسەيە، يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان پەيامێكی تايبەت بەو بۆنەوە بڵاو دەكاتەوە، كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەيەتی:

**بەناوی خوای گەورەی ميهرەبان**

جەماوەری خۆشەويستی كوردستان

وەك ديارە ٢٠١٣/٩/٢١ رۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانە، كە پرۆسەيەكی گرنگو هەستيارەو ماوەيەكی باشە هەموان چاوەڕوانينو هەموو لايەنەكان بانگەشەی بۆ دەكەن، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە وەكو يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان گرنگە، ئەوەيە كە پرۆسەكە لە كەشێكی ئارامو بەسەركەوتوويیو لە قازانجی كوردو كوردستانەوە بێت، چونكە سەركەوتنی كۆی پرۆسەكە هێمايەكی گرنگە لەسەركەوتنی كوردستان، كە ئەمەش وێنايەكی جوان بۆ دەرەوەو ناوە پيشان دەدات.

بۆيە لەو سۆنگەوە كە هەڵبژاردن ئەركێكی ئايينیو نيشتمانیو نەتەوەييە، داوا لە جەماوەرو خەڵكی خۆشەويستی كوردستان دەكەين، كە بەوپەڕی هەست كردن بە بەرپرسيارێتیو بەجۆشو خرۆشەوە روو بكەنە سندوقەكانی دەنگدانو بەژداربن لەو پرسەيە، لەبەر ئەوەی بەژداری نەكردن لە دەنگدان، خۆدزينەوەيە لە ئەركە ئايينیو نيشتمانيەكان، بۆيە دەبێ هيچ پاڵنەرو هۆكارێك ساردمان نەكاتەوە لەو هەنگاوە.

هەروەك دەخوازين ئەو پرۆسەيە لە كەشێكی پڕ لە ئارامیو هێمنيەوە بەڕێوە بچێتو هەموان رێز لە يەكتر بگرنو سوكايەتی بە هيچ كەسو لايەنێك نەكەنو پاراستنی ئارامیو ئاسايشی كوردستان بە ئەركی خۆمان بزانين، هەروەك دەخوازين هەموو لايەك پێداگيری بكەن، كەبەهيچ جۆرو شێوەيەك پشێویو كاری نەخوازراو دروست نەبێت، چونكە دەنگدان پرۆسەيەكی كاتيە، بەڵام ئەمنو ئارامی خەڵكو كوردستان پێويستيەكی هەميشەيیو پەيوستداری ژيانی هاوڵاتيانە.

داواش لە لايەنە پەيوەندارەكانو سەرجەم حزبو لايەنە سياسيەكان دەكەين، كە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوازێكی ياسايی رێكو پێكو بە پاكیو بێگەردی بەڕێوە ببەنو خڕوقاتو شتی نادروستو ناڕەوای تێكەڵ نەكرێت، چونكە ئەم دەنگدانەو دەرەنجامەكانی هەڵقوڵاوی ئيرادەی جەماوەرەو پێويستە رێزی لێ بگيرێ.

لەكۆتاييدا، جارێكی تر جەخت دەكەينەوە، كە پێويستە هەموان بەژداری لە پرۆسەی دەنگدان بكەينو بەچاوی رێزيشەوە لێكبڕوانين، ئومێدەوارين ئەو هەڵبژاردنە بە سەركەوتوويی تەواو بێتو بە قازانجی ئايينو گەلو نيشتمانمان كۆتايی پێ بێت.

**يەكێتی زانايان ئايينی ئيسلامی كوردستان**

**٢٠١٣/٩/١٨**

# بەياننامەی يەكێتی زانايان تايبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستان

**بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان**

لەگەڵ دياريكردنی رۆژی هەڵبژاردنو دەستپێكردنی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئومێدەوارين پرۆسەكە بە سەركەوتووی تەواو ببێتو، بە خزمەتی ئايينو گەلو وڵاتو نيشتيمان كۆتايی پێ بێت، هەر لێرەوە بە پێويستی دەزانين چەند خاڵێك بخەينە روو:

يەكەم: داوا لە هاووڵاتيانی بەڕێز دەكەين بە گوڕو تينەوە بەشداری پرۆسەكە بكەنو، هيچ شتێك سارديان نەكاتەوە، بە دڵنياييشەوە هەڵبژاردن ئەركێكی ئايينیو نەتەوەيیو نيشتيمانیو شارستانييە، بەشداری كردن بەڵگەی خاوەندارێتی تاكەكانە بۆ دەنگو بيركردنەوەی خۆيان.

دووەم: داوا لە سەرجەم حزبو لايەنە سياسەكانو جەماوەری كوردستان دەكەين، هێمنی بارودۆخەكە بپارێزنو، شتێك نەكەن خوانەخواستە پشێوی بێنێتە ئاراوە يانە ئاشتی كۆمەڵايەتیو پێكەوەژيان بشێوێنێت.

سێيەم: داوا لە حزبو لايەنەكانو كانديدەكان دەكەين لەژێر پەردەی ئايينیو نيشتيمانی تەشهير بە يەكتر نەكەنو ناوی يەكتری نەزڕێنن، لە بری ئەوە پێويستە بە پڕۆژەوە بێتە گۆڕەپانەكە.

چوارەم: پێويستە هەموو لايەك پابەندی دەستپاكی بێت، چونكە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی پاكو بێگەرد ئەركێكی ئايينیو نەتەوەيیە.

پێنجەم: بە هيچ پاساوێك بەكارهێنانی شوێنو دروشمە ئايينيەكان بۆ پڕوپاگەندە جێگەی نابێتەوە، بۆيە تكا دەكەين پيرۆزی شوێنو دروشمە ئايينيەكان بپارێزن.

**يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان**

**٢٠١٣/٨/٢٨**

# پەیامی زانایانی ئایینی بۆ هاریکاریکردنی کوردانی رۆژئاوا




**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**( خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا )**

سەرەتا لە ناخی دڵمانەوە هاوخەمی خۆمان بۆ تەواوی ئەو کوردانە دەردەبڕین، کە لە رۆژئاوای کوردستان ئاوارە کراونو، ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە، ئەمەش بەشێکە لە زنجیرەی ئەو نەهامەتیو تراژیدیایانەی لەئەنجامی دیکتاتۆریو نا یەکسانی بەسەر گەلی کوردا دێن.

هەر بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانین دەستخۆشیەکی گەرم لەسەرجەمی هاووڵاتیانی کوردستان بکەین، ئەوانەی بە هەر شێوازێك بێت دەستی هاوکاریو یارمەتیان بۆ ئەم ئاوارانە درێژ کردووە، هەروەها دەستخۆشیەکی گەرم لە تەواوی ئەو راگەیاندنو کۆمەڵەو رێکخراوو پارتو لایەنەکان دەکەین، کە خۆنەویستانە خەریکی هاندانو پشتیوانیکردنی ئەم ئاوارەنەن، ئەمەش ئەخلاقو رەوشتی گەلی کوردە، کە هەمیشە بە پیر هەژارو کەمدەرامەتو لێقەوماوانەوە دەچنو، لە پەیامی پیرۆزی ئیسلامەوە فێری مرۆڤدۆستیو بە پیرەوەچوونو ویژدان جوڵانەوە دەبن، کە ئەمەش بۆتە بەشێك لە کلتووری نەتەوەییمان.

وەك پێشتریش چەندین جار رامانگەیاندووە داوا لە سەرجەم لایەنەکانو هاووڵاتیە بەرێزەکان دەکەین کەمتەرخەمی نەکەنو ئەم خێرو حەسەناتەی بۆمان هەڵکەوتووە لە دەست خۆمانی نەدەین، بەتایبەتی کە مامۆستایانی ئایینی بەرێز وەك هەمیشە لەم رێبازە پیرۆزە زیاتر خەڵکی وشیار دەکەنەوە.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

٢٠١٣/٨/١٩

# مزگەوت بۆ کوردانی رۆژئاوا



دوای ئەنجامدانی کۆمەڵێك چالاکی بۆ پشتگیریکردنی کوردانی رۆژئاوا، ئەمرۆ ٢٠١٣/٨/٢٥ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داواکاریەکی ئاراستەی پارێزگاری هەولێر کردووە، کە تێیدا داوا دەکات لە کەمپی پەنابەرانی رۆژئاوا مزگەوتی سەفەری دروست بکرێت، یان خێوەتێکی تایبەت بە نوێژکردنیان بۆ بکرێتەوە، هەمان داوا بۆ کەمپەکانی سلێمانیو شوێنەکانی دیکەش بە پێویست دەزانن، بۆ ئەوەی ئەم کوردە ئاوارانە هاوشێوەی کەمپەکانی دهۆك شوێنی نوێژکردنیان هەبێت، کە خۆشبەختانە لە دهۆك بە هەماهەنگی یەکێتی زانایانو ئەوقاف، حکومەتی هەرێم شوێنی نوێژکردنی بۆ دابین کردوونە.

لەو بارەوە مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان گوتی: دیارە لە رێگەی یەکێتی زانایانو ئەوقافی دهۆکەوە لە دهۆك مزگەوتێك بۆ کوردە ئاوارەبووەکانی رۆژئاوا دروست کراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە بواری پەرستشو عیبادەتیان دانەبڕێنو، هەست بە پشتگوێخراوی نەکەن، کە جێگەی دەستخۆشیە بۆ حکومەتی هەرێم ئەم ئەرکە پیرۆزەی لە زنجیرەی کارە پیرۆزەکانی ئەنجام داوە، هەر بۆ هەمان مەبەست داوامان لە بەرێز پارێزگاری هەولێریش کردووە شوێنێکی تایبەتی بۆ نوێژکردن لە کەمپەکانی سنووری هەولێر بکرێتەوە، کە هەمان داواکاریشمان بۆ کەمپەکانی سنووری سلێمانیو ناوچەکانی دیکەش هەیە.

# سۆران: وەك رێزگرتنێك بۆ خزمەتەكانی سیمینارێكی یادەوەری بۆ مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس ساز دەكرێت




رۆژی ٢٠١٣/٨/٣١ بەبۆنەی هەشتەمین ساڵیادی وەفاتی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریسو بەمەبەستی وەفا نواندنو بەرز راگرتنی ئەو زانا هەڵكەوتوەی گەلەكەمان، سەنتەری زانایان بۆ چالاكی ئایینی سیمینارێكی یادەوەری لەژێر ناونیشانی (مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس زانایەك بۆ مێژوو.. ئەزمونێك بۆ ئێستا) بۆ ژمارەیەكی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی سنووری سۆران ساز كرد.

بەر لەدەسپێكی سیمینارەكە، پێشەنگایەكی تایبەت بە پەرتووكو بەرهەمەكانی مامۆستای مودەریس كرایەوە، كە زۆرترین كتێبەكانی ئەو زانا گەورەیەی لەخۆ گرتبوو، دواتر سیمینارەكە بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێكردو، پاشان وتەی سەنتەری زانایان لەلایەن وەیسی سەعید وەیسی خوێندرایەوەو تیشكی خستە سەر گرنگی رێزگرتن لە مامۆستای مەرحومو خزمەتەكانی لەبواری ئایینو نووسینو تەسەوفو فكری ئیسلامی، كە وەك سەرمەشقی كاروانی زانایانی سەردەمی خۆی وەسفی كرد.

دواتر لەرێی ئامێری داتاشۆوە چەند وێنەو دیكۆمێنتێكی تایبەت بەو كەسایەتیە ئایینیە نمایش كرانو چەند دەقە شیعرێكی ئەو زاتەش خوێندرایەوەو هەر بەو بۆنەشەوە خەڵاتی یادەوەری ئەو سیمینارە بەخشرایە ئەو مامۆستا بەرێزانەی بەشێوەیەك لە شێوەكان لە ناساندنو خزمەت كردنی بەرهەمەكانی مامۆستای مودەریس رۆڵیان هەبووە.

دواتر دوو توێژینەوەی تایبەت بەو كەسایەتیە پێشكەشی ئامادەبووان كران، كە یەكەمیان لەلایەن بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵلا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان بەناونیشانی (زانایىو بلیمەتی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس) پێشكەش كرا.

دوومیان لە لایەن بەرێز دكتۆر (مەلا مادح مەلا محمد بەرزێوەیی) ئەندامی ئەنجومەنی زانستی بە ناونیشانی (خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس بە عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعە) پێشكەش كرد، كە لەهەردوو توێژینەوەكە رۆڵو كاریگەریو لێهاتوویىو خەزمەتەكانی ئەو زاتە پایەدارەی گەلەكەمان تیشكی خرایە سەرو بۆ ئامادەبووان شیكرایەوە

# سەرۆكی یەكێتی زانایان: خەرمانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس بۆ كورد ئەرشیفێكی گەورەیە




**راگەیاندنی لقی سۆران:** رۆژی شەممە ٢٠١٣/٨/٣١ لەمیانەی سیمیناری یادەوەری مامۆستای مودەڕیس، كە سەنتەری زانایان بۆ چالاكی ئاینی لەژێر ناونیشانی (مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس زانایەك بۆ مێژوو.. ئەزموونێك بۆ ئێستا) بە بۆنەی ٨ ساڵەی وەفاتیەوە، بۆ ژمارەیەك مامۆستای ئاینی سنورەكە سازی كرد بوو.

بەرێز مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایان بە بابەتێكی تایبەت بە مامۆستای مەرحوم لە ژێر ناونیشانی (زانایىو بیلمەتی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس) پێشكەش بە ئامادەبووان كرد، كە تێیدا تیشكی خستە سەر چەند لایەنێكی شكۆداری مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریسو رۆڵی ئەو زانا ناودارەی گەلەكەمانی لەخزمەتكردنی عیلمو عیرفانو ئەدەبی كوردىو خزمەت بەئیسلامو پێگەیاندنی زانایان لە كوردستان بەرز نرخاندو بۆ ئامادەبوانی رونكردەوەو ئاماژەی بەلێهاتویی جەنابی مامۆستا كرد لە هەمبەر هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەواتیەكانیو سەرجەم بوارەكانی تری خزمەتكردن بەئاینو نیشتمان.

هەروەك جەنابیان خامەی مامۆستای لە دەرخستنی ئەدەبو فەرهەنگی كوردیو گرنگی فەتواكانیو رۆلی جەنابیان لە وتاری هەینی بەزمانی كوردی بۆ یەكەمجار، كە لە داهێنانی ئەو زاتە بووە بەبایەخەوە باس كرد.

لە بەشێكی بابەتەكەی سەرۆكی یەكێتی زانایان گوتی: مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس بەو بەرهەمو خەرمانە جوانەی لەدوای خۆی جێهێشت، دەتوانین بڵێین ئەرشیفێكی گەورەیە بۆ تێكڕای كورد، كە هەمیشە سوودو قازانجی لە رێی عیلمو ئەدەبو مەعریفەوە بۆ كورد هەبووەو دەبێت.

شایەنی وتنە سەرۆكی یەكێتی زانایان یەكێك بوو لەو زانایانەی خەڵاتی سیمینارەكەی پێبەخشرا بە بۆنەی هەبوونی رۆڵی بەرێزیان لە دەرخستنی مێژووی مامۆستای مەرحومو بەتایبەتیش كە نامەی ماستەرەكەی لەسەر دانایی مامۆستا بووە لە بواری فیقهیو تێكۆشانی لە روونكردنەوەی فیقهی شافیعیدا.

# قورئان لە سەردەمی جیهانگیرییدا

مەلا ئاراس ڕواندوزی ــــــــ malaaras.rwanduzi@gmail.com



زۆر سەیرە !، کەسانێك قورئانی پیرۆز بە کتێبێکی مردوو دەبینن!، یان لەو سۆنگەیەوە دەڕواننە قورئانی پیرۆز، کە کتێبێکی مێژووییەو چەندین چیرۆك و پەند و ئامۆژگاری لەخۆگرتووە، کە لە سەردەمی ئەوڕۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتندا، کاریگەرییەکەی نەماوە !، چونکە بە تێڕوانینی خۆیان، ئەوڕۆکە جیهان، پێویستی بە ئینتەرنێت و سەتەلایت هەیە، کە وابێ، سوودی پەرتووکێکی وەکو قورئانی پیرۆز لە چیدایە، کە باسی فەیسبووك و تویتەر و مۆبایلە زیرەکەکانی تێدا نەبێ؟!.

لەو ساڵانەی دواییدا، ئەو جۆرە پرسیارکردنانە بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبوونەتەوە، کە نموونەیەکی تری ئەو پرسیارانە ئەوەیە، گوایە قورئانی پیرۆز نەیتوانیووە لەو سەردەمەدا سوود بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت!، چونکە ئەو پێشکەوتنەی ئەوڕۆکە مرۆڤ پێیگەیشتووە، لە بیری هیچ کەسێکدا نەبووە !، ئەو گریمانەیەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کاتێك خوای گەورە مرۆڤی دروستکرد، (حاشا لە زاتی خودا) نەیزانیووە مرۆڤ تا ئەو ئاستە پێشدەکەوێت، تاکو یاسا و ئەحکامی وای بۆ دابنێت، کە لەسەری بڕوات و لە سەردەمی جیهانگیرییدا کەڵکی لێوەربگرێت!.

## ئایا ڕاستە کە لە سەردەمی جیهانگێرییدا پێویستمان بە ئایین نییە؟!

لە سایەی کەڵەکەبوونی ئەو بڕە زۆرەی دەستکەوتەکانیش، کە زادەی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیای سەردەمن، هەندێك دەپرسن: قسەکردن لەسەر کافر و مونافیقەکان چ نرخێکی هەیە؟!، ئەی سوودی باسکردنی موسا و فیرعەون، سولەیمان و موڵکەکەی لەسەر زەوی و هتد.. چییە؟!، ئینجا کەی باوی باسی کافر و ئیمانداران ماوە؟!، تەنانەت خاوەنی ئەو پرسیارانە دوورتر لە سنوورەکە تێپەڕیوون، کاتێك باوەڕیان وایە، کە ئێمە لە چەرخێکی زێڕینداین و پێویستمان بە ئایین نییە!، چونکە بانگەشەکردن بۆ کوفر و بێدینی بوونی نییە، وەکو ئەوەی لە چەرخەکانی ڕابردوودا هەبووە!.

جێگەی سەرسوڕمانێکی قووڵیشە!، کە بەو بەهەڵەداچوونانە، فێڵ لە خۆمان و ئەوانی تریش بکەین، چونکە ئێمە و ئەوانیش باش دەزانن، کە قورئانی پیرۆز، قسەی خودای بەدیهێنەرە، کە ئەو، زانایە بە دروستکراوەکانی زیاتر لە خەڵکانی تر، کە وابێ، چۆن دەبێت وای دابنێین (حاشا لە زاتی خودا)، کە نەتوانێت ئاگاداری ئەوە بێت، کە لە ڕۆژگارێکدا، ژیانی مرۆڤەکان پێشکەوتنی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت؟!!، یان چۆن دەبێت باوەڕ بەوە بکەین، کە خودای گەورە کارێکی جێبەجێکردووەو دروستکراوێکی دروستکردووە، کە لە سەردەمانێکدا، ناتەواوی تێدا ڕوودەدات؟!!، نەخێر، هەرگیز وانییە، چونکە خودای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و، بە پوختی و ڕێکوپێکی دروستکراوەکانی ئەفراندووە، ئەو گەردوونەشی بە گوێرەی سوننەت و سیستەمێکی جێگیر کۆنترۆڵکردووە، ئەو هێزەش، کە لە حاڵی نەبوونییدا، هیچ شتێك لە سەر زەویدا نەدەوستا، ئاویشی لەسەر نەدەمایەوە، تەنانەت بوونەوەرەکانیش هەر هەموویان، بەڵکو ئەو گونجاویی و ڕێکەوتنەش نەدەبوو، کە لە نێوان هەموو دروستکراوەکانییدا هەیە لەو گەردوونە بەرفراوانەی، کە لە ڕەنگ و شێوەکانیاندا جیاوازن.

## چ جۆر دژێتییەك لە نێوان ئایەتەکانی قورئاندا دەبینن؟!

هەروەکو کەسانێکی تر هەن، کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان کردووەتە کەرەستەیەك بۆ گاڵتەجاڕی، کاتێك تۆ دەیانبینی بەدوای ئەو ئایەتانەدا دەگەڕێن، کە لە ڕووکەشدا دژێتیان تیادا بەدیدەکرێت، بەبێ کەمترین شارەزایی و گەڕانەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو پەرتووکە (قورئانی پیرۆز)، چەندین زانستی تایبەت بە خۆی هەیە، کە شرۆڤەی کرۆکە ڕاستەقینەکانیمان بۆ دەکەن و، ناڕوونییەکانمان بۆ لادەبەن و، هۆکاری بوونی دژێتی ڕواڵەتییانەی نێوانیان ڕووندەکەنەوە، ئەوەش پاش ئەوەی، کە ئایەتە ناسیخەکان لە ئایەتە مەنسوخەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا جیا دەکەنەوە، یان خوێندنەوەی پوخت لەسەر ئەو ئایەتانە دەخەنە بەردەست، کە دەرهەق بە مەسیحی و یەهودییەکان دابەزیوون و لە پێش دەرکەوتنی خۆری ئیسلام مردوون و، خودای گەورەش لێپرسینەوەیەکی دادگەرانەی بۆ دەستەبەرکردوون، بەوەی هەر یەکێك لەوان، بە گوێرەی ئایینەکەی خۆی، حیسابیان لەگەڵ دەکرێت، کە پێش هاتنی ئیسلام پابەند بوون پێیەوە، بەڵام کەسانێك کاتێك



ئەو ئایەتە دەخوێنەوە: "إِنّ الّذينَ آمَنُوا وَالّذينَ هَادُوا وَالنّصَارَى وَالصّابئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللّه وَالْيَوْمِ الآخر وَعَمل صَالحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ" (البقرة/ ٦٢)، واتە: بێگومان، ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد ـ صلی الله علیه وسلم ـ)، ئەوانەشی بوونەتە جوولەکە (شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان)، گاورەکانیش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسان)، (صابئە) ش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی داودن)، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بەخوا و ڕۆژی دوایی و، کار و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت، ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕوویان تێدەکات.. بەڵێ، ئەو کەسانە بڕوایان وەهایە، کە خودای گەورە بە هەر ئایینێك ڕازییە، کە مرۆڤ بیەوێت و باوەڕی پێبکات!، چونکە بە قسەی خۆیان، ئامانجی یەکەم و کۆتایی، کە دەبێت مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات، پەرستنی خودای تاك و تەنیایە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ئەو پەرستنە، لە ڕێگەی هەر ئایینێکەوە بێت، کە مرۆڤ بیەوێت!، ئەوان واشی دادەنێن،



کە ئەو ڕاڤەیە، هیچ تۆزی لەسەر نییە!!، بەڵام کاتێك ئێمە و ئەوانیش ئەو ئایەتە دەخوێنینەوە: "وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ" (سورة آل عمران ـ ٨٥)، واتە: جا ئەوەی بێجگە لەئاینی ئیسلام، پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات، لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا، لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە.. ئیدی ڕاستییەکە وەکو ڕۆژی ڕوون دەردەکەوێت، چونکە ئەو ئایەتە بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە بیروباوەڕانەی، کە ئەوڕۆکە لەلای کەسانێك ئاوەها باو و جێی ڕەواجن و، هەر لەو سۆنگەیەشەوە، گومانیان لە گشتگیری ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز بۆ دروست دەبێت!.

## ئایا لە قورئاندا ئەحکامی هاووێنەی واقیعی ئێستا بەدیدەکرێت؟!

پێویستە ئەوە بزانین، کە خودای گەورە پەرتووکەکەی (قورئانی پیرۆز) وەکو دەستوورێکی ئیلاهی تەواو و گشتگیر بۆ سەر ئۆممەتی حەزرەتی موحەممەد (دخ) ناردۆتە خوارەوە، کە باسی ڕەوشتەکانی دروستکراوان و هێڵە گشتییەکانی ژیان و دوای ژیانی تێدایە، چیرۆك و پەند و ئەحکامی هاووێنەی واقیعی ئێستاشی لەخۆگرتووە، بەو واتایەی، کە قورئانی پیرۆز، بۆ سەردەم و کاتێکی دیاریکراو نەنوسراوە، بەڵکو لەگەڵ هەموو ڕۆژگارەکان دەگونجێت. ئەو پەرتووکە (قورئانی پیرۆز) باسی شتە زۆر گچکەکان لەخۆناگرێت، بەڵکو باس لە هێڵە گشتییەکان دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بە دوور بگرێت لە کەوتن و خلیسکان و دۆڕان، کە پێویستیشە، لەسەر شوێنەوارەکانی هەنگاو بنێت. قورئانی پیرۆز باس لە لایەنی بیروباوەڕی و بە یەك دانانی بەدیهێنەر و بڕیارنەدان بۆ هاوبەشی دەکات، ئەو پرسە جێگیرە و ناگۆڕێت، هەروەکو خودای گەورە باس لە سوننەتە جێگیرەکانی ژیان دەکات، بۆ نموونە: زاڵبوون و سەرکەوتنی حەق و ئیمانداران، پاداشت و سزا لە دونیا و پێش ئاخیرەت، هتد..، ئەمانە بریتین لە چەندین سوننەتێکی چەسپاو، کە هەرگیز ناگۆڕدرێن.

## خولگەی گومانەکانی سەر قورئان لەسەر چ بنچینەیەك دەوەستێت؟!

زۆربەی ئەو گومانانەی لەسەر ئایین دەخولێنەوە (بە شێوەیەکی گشتی) و لەسەر قورئانی پیرۆز (بە شێوەیەکی تایبەت)، لەسەر یەك بنچینە وەستاون، ئەویش ئارەزووی نەفس و خۆشویستنی دونیا و هەڵخەڵەتانە بە جوانییە قەڵبەکەی، ئەوەش هەمان ئەو هۆکارەیە، کە پاڵی بە تاغوتەکان و پشتیوانەکانییانەوە نا بۆ دژایەتیکردنی پەیامە خوداییەکان، هەر لەو پێناوەشدا بوو، کە موشریکەکان دژایەتی قورئانی پیرۆزیان کرد، کاتێك کە دابەزییە سەر زەوی و، بانگەوازییەکەی حەزرەتی موحەممەدیان (دخ) بە درۆ دانا.. ئەوان دەیانەوێت جگە لەو لایەنە ڕواڵەتییەی ژیان، هیچی تر نەبینن!!، ئەو شتە تەواو سەرقاڵی کردوون، هەر بۆیەشە، کە خۆیان و خەڵکیش لەو شتانە دوور دەخەنەوە، کە بەرپرسیارێتی و ئاخیرەت و ژیانی دوای مردنیان بیر بخاتەوە، لە هەر هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، کە بانگەشە بۆ درۆیەکی زۆر ئاشکرا دەکەن!، کاتێك دەڵێن: ئێمە نزیکترینین لە خودای گەورە!، جا ئێوە دەزانن ئەوان ئەو بانگەشەیە لەسەر چ بنەمایەکەوە دەکەن؟!، لەسەر بنەمای ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەسەر حیسابی ڕۆژی دوایی، لەسەر بنەمای ڕووکردنە خودا بەبێ هیچ وەسیلەیەك، وەکو بڵێی خودا بووەتە چەند کەرتێك (حاشا لە زاتی خودا)، کە هەر تایەفە و بە میزاجی خۆی خودایەکی بۆ خۆی داناوە کە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی بگونجێت!!.


بۆ نووسینی ئەو بابەتە، سوودم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە لە:
- قورئانی پیرۆزو تەفسیرەکانی.
- پەرتووکەکانی ڕاڤەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دخ).
- پەرتووکی (الإسلام والعولمة.. مفاهیم وقضایا).
- پەرتووکی (العولمة والإسلام.. رؤيتان للعالم).

### سەرۆکی یەکێتی زانایان:

# پەیامی یەکێتی زانایان هەر لە زاخۆ تاکو خانەقین یەك پەیامو یەك هەڵوێستە

ئا: مەلا تەیب زیارەتی



بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٤٣ ساڵ بە سەر تەمەنی یەکێتی زانایان، چەندین پرسیارو بابەت دێنە پێشەوە، بۆ قسەکردنو هەڵوەستەو هەڵسەنگاندنی کارو پرۆژەو بەرنامەی ئەو ڕێکخراوە، کە مێژوویێکی پڕ لە سەروەری هەیەو ئێستاش درێژە بە کاروانی خەباتو خزمەتی خۆی دەدات.

بۆ ئەو مەبەستەو گفتوگۆ کردن لەسەر هەندێ پرسو بابەتی تایبەت بەو یادەو ڕەوشی مامۆستایانی ئایینی لە هەرێم، بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بکەینو لەو ڕاپۆرتە بیخەینە بەر دەستی ئێوە:

**+ سەرەتا دەکرێ بزانین چ پەیامێکتان هەیە بەبۆنەی گەڕانەوەی ساڵیادی یەکێتی زانایان؟**

– بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانم، پڕ بەدڵ پیرۆزبایەکی گەرم لە سەرجەم مامۆستایانی ئاینی بکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، وەهەروەها پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی یەکێتی زانایان دەکەم بەتایبەت لقو ناوچەکان لەگشت شارو شارۆچکەکان، کە توانیتیان بەئەرکەکانی خۆیان هەڵبستنو خزمەتی ئاینی پیرزی ئیسلام بکەن.

**+ بۆچی ئەم ساڵ لە گەرانەوەی ساڵیادی ڕێکخراوەکەتان ئەم گەرمو کوڕیەی ساڵانی پێشوی پێوە دیار نەبوو؟**

– بەڵێ ڕاستە ئێمە ساڵانە، کە ئەم یادە دەگەڕایەوە، لە سەرجەم ئەم شوێنانەی، کە لقی زانایانی تێدایە، ئاهەنگو مەراسیمی تایبەتمان دەگێرا بەڵام ئەم ساڵ، کە یادەکە کەوتە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی چوارەم، بۆیە پێمان باش بوو ئەم ساڵ بە شێوازی ساڵان ئەم یادە نەکەینەوە، بەڵکو لە بەرامبەردا زیاتر گرنگی بە لایەنی هەڵبژاردن بدەین، بەوەی هاوڵاتیان هانبدەین، کە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا یاد کردنەوەیە، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی زانایان بایەخ دانە بە بواری نەتەوەیی، ئەم کەرنەڤالەش یەکێك بوو لە بەرەو پێشبردنی بواری نەتەوەیی، بۆیە ئەم ساڵ تەنها بە چەند بەیاننامەو دیدار بەرێمان کرد، بەلای ئێمە گرنگ یاد کردنەوە نیە، بەڵکو ئەوەی گرنگ بێت، لای ئێمە ئەوەیە هەر ساڵێك کە بەسەر ئەم ڕێکخراوە تێدەپەڕێت گوڕو تینی زیاترمان پێ ببەخشێ بۆ خزمەت کردنی ئاینیو نەتەوەیی لە هەریمی کوردستان.

## یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی زانایان بایەخ دانە بەبواری نەتەوەیی

**+ ئەگەر بگەڕێینەوە مێژوی دروست بوونی یەکیتی زانایانی ئەوکات ئامانج چی بوو لە دانانی ئەم ڕێکخراوە؟**

– دیارە لەساڵی ١٩٧٠ ئەوکات فەراغێکی ئاینی هەبوو زۆر پێویست بوو کە ڕێکخراوەکی لەم جۆرە هەبێت تاکو مامۆستایان لەنزیکەوە ئاگاداری یەکتر ببنو بتوانن خزمەتی هاوڵاتیان بکەن، بۆیە مەلا مستەفای مەرحوم ئەوکات ئەو بیرۆکەی بۆ دروست بوو ئەوەبوو لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی دانیشتنو توانیان ئەم ڕێکخراوە لە سالی ١٩٧٠ لە گەلاڵە رابگەیەنن، کە ئەو کات مامۆستایان ڕۆڵی دادگایان دەگیرا لە چارەسەرکردنی گشت کیشەکان، لەلایەکی تر مامۆستایانی ئاینی شان بەشانی برا پێشمەرگەکان لەبەرەی شەر دابوون، لەدژی ڕژێمی بەعسی، کە لەم پێناو چەندین مامۆستامان شەهیدو بریندار بوون.

**+ تا کو ئیستا چەند کۆنگرەتان کردووە یاخود گۆنکرەی کۆتایی چ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوانی تر هەبووە؟**

– دیارە ئەم ڕێکخراوە تاکو ئێستا پێنج کۆنگرەی ئەنجام داوە، دەتوانم بڵێم ٤٣ ساڵ تاکو ئێستا ئەم ڕێکخراوە بە درێژایی مێژوو توشی چەند هەڵکشانو داکشان بووە، لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩٠ زیاتر لە ١٦ ساڵ ئیشەکەی سنوردار بوو ئیشی ئەوە بوو سەرپەرشتی ئاوارەیی دەکرد بەڵام لەدوای ٩٢ دەتوانم بلێم ئیشەکەی قورستر بوو، لە دوای کۆنگرەی پێنجەمیشەوە ئەرکە قورسەکە زیاتر کەوتە سەر شانی ئێمە، لە دوبارە ریکخستنەوەی یەکێتی زانایان، چونکە نای شارمەوە بە هۆی ڕۆژە ناخۆشەکانی شەری ناوخۆ، کە کوردستان دابەش ببوو بەسەر دووبەرە، بەداخەوە، یەکێتی زانایانیشی گرتەوەو، دوو لەت بوو، هەرچەندە لێرە من بە پێویستی دەزانم ئەم ڕاستیە بڵێم، کە یەکێتی زانایان ئەگەر چی دوو لەتیش بوو، بەڵام وازیان لە کارە چاکەکانی خۆیان نەهێناو ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان لە خەڵکی خۆ جیا نەکردەوە،

هەریەکەو لەلای خۆی خزمەتی دەکرد، هەرئەوانیش بوون، دەوری لێك نزیك بونەوەی هەردوو پارتەکەیان دەدا لە شەری ناوخۆ، کە بەردەوام دەچونە نیوانیان‌و داوایان دەکرد کە شەری برا کوژی رابگیرێت، بەڵی ئەوەبوو سوپاس بۆ خودای گەورە بە هاوکاری دلسۆزان‌و مامۆستایانی ئاینی ماندوو نەناس، لە کۆنگرەی پێنج یەکترمان گرتەوە، دەتوانم ئەم تەحدایەش بکەم‌و بلێم ریکخراوی یەکێتی زانایان یەکەم ریکخراو بوو کە لە کوردستان بە شێوەیەکی عەمەلی یەکدی گرتەوە، ئێستا پەیامی یەکێتی زانایان هەر لە زاخۆ تاکو خانەقین یەك پەیامەو یەك هەڵوێستە تا ئیستا لە هیچ دام‌و دەزگاو رێکخراوەك وەکو رێکخراوی یەکێتی زانایان ئەمەی لێ بەدی ناکرێت، ئەوەش دەگەرێتەوە، بۆ دڵسۆزی‌و غەم خۆری مامۆستایانی بەرێز، کە لێرەوە من سوپاسیان دەکەم.

**+ پەیوەندیتان لەگەڵ دام‌و دەزگاکانی حکومەت چۆنە؟**

– ئێمە تا رادیەك پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەت زۆر چاکە زۆر جار حکومەت بە پیر داوایەکانمان دێت‌و سوپاسیان دەکەین، زۆر جاریش کێشەمان بۆ دروست دەکات، هەروەك ئۆپۆزسیۆنیش بەهەمان شێوە هاوکارمانەو زۆر جاریش بویتە بەربەست لە چارەسەرکردنی ئێشەکان بەهەر حاڵ ئێمە کۆڵ نادەین‌و ئامادەین دەستی هەموو کەسێك ماچ بکەین، کە لەم رێگایە بتوانین کارێکی باش بۆ موسڵمانان‌و مامۆستایانی ئاینی بکەین، ئێمە هەولمان داوە تەنها لەسەر حیزب‌و لایەنێك خۆمان نەبەستینەوە بەڵکو دەمانەوێت گشتگیر بین، چونگە ئێمە زۆر لەوە گەورەترین، کە بەسەر لایەنێکدا ساغ ببینەوە، هەروەك لەم هەڵبژاردنە پەیامی یەکێتی زانایان تەنها ئەوە بوو، کە هاوڵاتیان بچن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، نەك خوا نەخواستە بانگەشە بۆ لایەنێك بکەین، بۆ نمونە لە زۆربەی هەرە زۆری راگەیاندنەکان ریکلام‌و بانگەشە بۆ لایەنێك دەکرا بەڵام راگەیاندنی ئێمە تەنها رەواج دان بوو بە ئامادەبوونی هاوڵاتیان بۆ سەر سندوقەکان، هەر ئەوەیە وای کردووە، کە مامۆستایانی ئاینی‌و هاوڵاتیان ئێرە بە ماڵ‌و مەرجەعی خۆیان بزانن.

**لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف کارەکانمان تەواوکەری یەکترەو پرسیش بە یەکتری دەکەین**

**+ ئیستا زۆرێك لە راگەیاندنەکان چەند مامۆستایەك روبەروی یەکتر دەکەن‌و شەڕیان پێدەکەن خوێندنەوەتان چیە بۆ ئەمە؟**

– پەیامی مامۆستا زۆر لەوە گەورەترە کە دوو مامۆستا یان زیاتر خۆیان بچوك بکەنەوە شەڕە قسە لەراگەیاندنەکان لەگەڵ یەکتر بکەن، من پیشتریش باسم کرد، کە مامۆستایانی ئاینی بە درێژایی مێژوو هەردەم لە خزمەتی خەڵکی خۆی دابووە، چەندین مامۆستای شەهیدمان هەیە، باسم کرد لەشەری ناوخۆ هەر دەوری لێك نزیك بونەوەیان دەگێرا، حەیف نیە، ئێستا مامۆستایانی ئاینی، ئەمانە لە یاد بکەن‌و کەیفی هەندێك راگەیاندن بە خۆی خۆش بکات، کە دەیانەوێ بازاری خۆیان بە مامۆستایانی ئاینی خۆش بکەن، کە رەنگە ئەم جۆرە بەرنامانە بۆ لێدانی مامۆستایانی ئایینی دامەزرابن، بەڵام لێرەوە دەمەوێت سوپاسی ئەو مامۆستا بەرێزانە بکەم، کە ئێمە داوامان لێکردن، نەچنە ئەو جۆرە بەرنامانە، چونکە ئێمە لەرێگەی لقەکانمان گشت مامۆستایانمان ئاگادار کردونەوە، کە نەچنە ئەم جۆرە بەرنامانە، چونکە زیانی زۆرترە لە سود گەیاندن، وادەکات خەڵك لە بەرامبەر مامۆستایانی ئاینی ئەو ئەدەبەی جارانی نەمینێ، جێگای دەست خۆشیە کە ئەوانیش بە پیر داوایەکانمان هاتوون لێرەوە سوپاسیان دەکەین، هەتا ئەو مامۆستا بەرێزانەی کە پێشوتر چوبون، ئێستا پەشیمانن، ئەگەر تیبینیشتان کردبێت، ئێستا ئەم بەرنامانە بەرەو لاوازی دەڕوات، چونکە مامۆستایان ئامادە نابن تییدا.

**+ بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف کارەکانتان لێك نزیکە تا چەند لێك نزیکن زۆر کەس وادەزانی ئێوە لەگەل ئەوقاف یەك شتن یان هەندێك وادەزانن ئێوە لەگەڵ ئەوقاف دژایەتیتان هەیە؟**

– ئێمە رێکخراوێکی پیشەیین وەزارەتی ئەوقافیش وەزارەتێکی حکومییە راستە تا حەدێك ئیشمان لە یەك دەچێت بەڵام زۆریش لە یەك جیاوازین، تەنسیق‌و هەماهەنگیەکی یەجار باشمان لەنێواندا هەیە، لە زۆر شت ئێمە پرس بە وەزارەتی ئەوقاف دەکەین، وەزارەتی ئەوقافیش بەهەمان شێوە لە زۆر شت پرسمان پیدەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە، کە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف یەك بین یان خوا نەخواستە دژی یەکتر بین چونکە ئەوەی ئەندامە لە یەکێتی زانایان لەرووی ئیدارە سەر بە وەزارەتی ئەوقافە، وە ئیشەکانمان لێك نزیکە بۆیە ئەگەر ئێمەو ئەوقاف لێك نزیك نەبین، مامۆستایانی ئاینی کارەکانیان بە باشی ناروات بەرێوە هەتا ئەم لقانەی سەر بە یەکێتی زانایانن، لە شارو شارۆچکەکان، لە گەڵ بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەوقاف زۆر زۆر هەماهەنگ‌و لێك نزیکن، دەتوان بڵێم هیچ کاریك بێی یەکتر ئەنجام نادەن تایبەت لە بۆنەو ئاهنگەکاندا بۆیە لێرەوە من بە پێویستی دەزانم سوپاس گشت بەریوەبەراتیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بکەم کە زۆر هاوکارە لقەکانی ئێمە دەکەن.

**+ ئێستا ٤٣ ساڵ تێپەرِی ئەم رێکخراوە بە کوێ گەیشتتووە؟**

– ئێستا رێکخراوی یەکێتی زانایان رێکخراوێکە دەتوانم بڵێم لە کوردستان وەك مەرجەعێك سەیر دەکرێت، رێکخراوێکە مامۆستایان بە شانازیەوە خۆیان لەبن ئەم چەترە داناوە، ریکخراوێکە لە هەر شوێنەك مامۆستایان پێویستیەکان هەبێت ئاگادارمان دەکەنەوە، ئەم رێکخراوە بەوە گەیشتوە کە لە وڵاتانی ئیسلامی بناسرێن‌و سەردان‌و کۆرو سمینارو دەوراتمان لە نێوان هەبێ.

**+ کاری داهاتوتان چی دەبێت؟**

– دریژە پێدەری کاری رابردوومان دەبێت‌و بەهەمان نەفەسی رۆیشتن بەرەو کراوەنەوەو گەیشتن بە ئامانج‌و گەیاندنی خزمەتی زیاتر بە مامۆستایانی ئایینی کار دەکەین، چونکە کاری زۆر کراوەو کارو هەنگاوی زۆریش ماوە، بەڵام بە پێی زەمەن‌و هەولّ‌و هیممەتی سەرجەم مامۆستایانی ئایینی دەتوانین بەرە بەرە هەولّەکان چڕتر بکەین‌و ماف‌و ئیمتیازاتی زیاتر دەستەبەر بکەین.

**+دوا وتەی بەڕێزتان چیە؟**

– دوا وتەم لە سێ خاڵ کورت دەکەوە، یەکەم بەڵێن بەو مامۆستا ئاینیە بەرێزانە دەدەین کە درێغی نەکەین، وە ئەگەر ئەوان لە هەر کوێ کەم‌و کورتێکیان بینی ئاگادارمان بکەنەوە یان کێشەیان هەبوو سەردانمان بکەن‌و یەکێتی زانایان بە ماڵی خۆیان بزانن.

دووەم: روو لە هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکەم کە زۆر رێزی مامۆستایانی ئاینی بگرن تا رێزیان بگرن بە خۆتان بەرێزتر دەبن، چونکە هەر مامۆستایان لە تەنگانە بە کەلکتان دێن.

سێیەم: دەخوازم هەمووان لەئاست ئەرکی ئایینی‌و نەتەوەیی خۆمان بە بەرپرسیار بزانین‌و بەچاوی رێزەوە لێك بڕوانین، بۆ ئەوەی هەم ئێستامان بەرەو ئایندەیەکی باشتر بەرین، هەمیش بتوانین نەوەکانمان لەسەر نەهجێکی جوانەوە پەروەردە بکەین.



# زانایان لەچیدا میراتگری پێغەمبەرانن.؟!

نوسینی: صلاح الدین باقر عبدول*

## بەشی یەکەم

### دەست پێك

الحمدلله الذی فضل بنی آدم بالعلم والعمل علی جمیع العالم، والصلاة والسلام علی (محمد) سید العرب والعجم وعلی آله وأصحابه ینابیع العلوم والحکم.

بەهاتنی پەیامی پڕ میهرو سۆزی ئیسلام و بەهرەمەند بوونی مرۆڤایەتی لە خێرو ڕەحمەتی هیدایەت و یەکتاپەرستی پەروەردگارو تاقانەیی پێشەنگو پێشەوایەتی پێغەمبەری سەروەرو خۆشەویستمان حەزرەتی محمد(دروودی خوای لێبێت)... پرشنگی خواناسی و تیشکی بەختەوەری لەئاسۆی ژیاندا درەوشایەوە، وە هەر کەسە بەهێندەی باوەڕو ئیمان و دڵسۆزییەکەی بەشدار بوو لەکانیاوی لێخۆش بوون و داگیرساندنی چرای دڵ و سرەوتی ڕۆح و بەگەڕخستنی عەقڵیدا.

لەو ڕۆژەوەی پێغەمبەرمان (درودی خوای لێبێت) فەرمووی (العلماء ورثة الانبیاء) ئیتر زانایان بوونە ئەستێرە لەئاسمانی دینداری و تریفەی مانگی چواردە بۆشەوانی ئەنگوستەچاو،و شاگردێکی کارامە لەکارخانەی مرۆڤسازیداو، مامۆستا لەزانکۆی پەروەردەو پێگەیاندندا،و سەرمەشق لەکاروانی صاڵحان و بەرەو خواچووندا.

لەبەر گەورەیی کاری زانایان و ئەرکی بەرپرسیاری و سەختی پاشەڕۆژو دژواری دونیا... ئەم چەند پەیڤە دەکەینە دیاری دەستمان و چەپکە نێرگسی بەهار دەخینە سەر خەرمانی تەمنتان و دێڕ بەدێڕی ڕستەکانمان دەخینە بەر بیرو هۆشی خاوێنتان و دەبینە هەناسەیەك لەپاڵ ئامۆژگاریی و وەعزو ئیرشادتانا... بەو هیوایەی وەرگیراوی لای خوای گەورەبێت و پەسەندکراوی ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست بێت.

### زانایان لەچیدا میراتگری پێغەمبەرانن...؟!

پێغەمبەران درودی خوایان لەسەربێت ئەو مرۆڤە گەورەو کاریگەرەن کە خوای گەورە وەك ڕێنیشاندەرو پەیامبەر ناساندونی و لەچوارچێوەی ئاکارو ئەخلاقە جوانە کانیاندا پەیام و مەنهەجی خوایان گەیاندۆتە خەڵکانی خواو بەجوانترین شێوازەکانی گەیاندن، بەبێ گوێدانە بەربەست و لەمپەرەکانی بەردەم بانگەوازە شکۆدارەکەیان.

پێغەمبەران درودی خوایان لەسەربێت هەموو ئەو مرۆڤە گەورانەن کەلە مێژوی مرۆڤایەتیدا تاقانەن لەڕوی بەرزی ئیمان و بڕوایان وجوانی ئەخلاق ومامەڵەیان وشیرینی گوفتارو دڵسۆزی وپەرۆشی لە بانگەوازو ڕێنموونییاندا، کەدەتوانین بڵێین تەنها ئەوانن کە گەشترین ئەستێرەی ئاسمانی مرۆڤایەتینو مرۆڤایەتی لەژێر بانگەوازو ئیلهامی ئەواندا ئۆقرەیان داوەو گەیشتوونەتە کەنارەکانی ئاسودەیی و بەختەوەری لەژیاندا.

هەر بۆیە بەنەمانی پێغەمبەران و کۆتایی هاتن بەهاتنی پێغەمبەران درودی خوایان لەسەربێت دوای حەزرەتی (محمد صلی الله علیه وسلم) هیچ پێغەمبەرو پەیامبەرێکی تر نایەت بۆ مرۆڤایەتیو ڕاستەوخۆ ئەرکو کارو هیمەتی ئەو پێغەبەرانە (درودی خوایان لەسەربێت) دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شانی زانایان وپەیڕوان و شاگردانی ئەو پێغەمبەرانە (درودی خوایان لەسەربێت)، کەدەبێت ڕاستەوخۆ زانایان بچنە ژێر بەرپرسیاری ئەو پیام و بانگەوازەی کە پێغەمبەران درودی خوایان لەسەر بێت بەجێیان هێشتوەو گەیاندوویانە بەمان.

لێرەوە زانایان بەرپرسیاری ئەرك و کاری پێغەمبەران دەکەوێتە ئەستۆیان و دەبێت قۆڵی خزمەت و قوربانی دانی لێ هەڵماڵن و بەچاکترین و جوانترین شێوە خزمەتی بانگەوازی پێغەمبەران بکەن و خۆیان بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی گەورەیی کاری پێغەمبەران و هەمان ڕێچکەو ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەران بگرن تازۆرترین کاریگەری جێبهێڵن و زۆرترین خزمەت بەمرۆڤایەتی بکەن و هەموان ئاشنا بکەنەوە بە بەهاو چەمکە ئیمانی و ئەخلاقی و دادگەرایەکان.

لەپێناو ئەم مەبەستە گەورەیەداو گەورەیی کاری زانایان و بەرپرسیاری بانگەوازە شکۆدارەکەیدا تیشکێك دەخەینە سەر (میراتی پێغەمبەران)و ئاماژە بەجۆری میراتی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەربێت) دەکەین کە دەبێت موفرەداتی ئەم فەرمودەیە هەمیشە لەزیهن و فیکری زانایاندا حازرو ئامادەبێت و داینەمۆی هەوڵو خەبات و لێبرانەکانیان بێت، تاکو باشترین جۆری خزمەت پێشکەش بەخەڵك و نیشتیمانی خۆمان بکەین.

پێغەمبەرمان (درودی خوای لێبێت) لەفەرمودەیەکی صەحیحدا دەفەرموێت: (العلماء ورثة الانبیاء)(١) واتە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن.

گەر بەوردی سەرنجی ئەم بەشەی فەرمودەکە بدەین چەندخاڵێکی جەوهەری تێدا دەردەکەوێت لەوانە:

١. باسی بەهاترین و بەنرخترین میراتە کە میرات و پاش ماوەو جێماوی پێغەمبەرانە (درودی خوایان لەسەربێت).

٢. باس کردنە لەو زانایانەی کە زانست و زانیاری بۆتە پێناسەو ناسەرەوەیان بەجۆرێ زانست بۆتە بەشێکی دانەبڕاولێیان بۆیە پێیان دەوترێ زانا.

٣. پێغەمبەرمان (درودی خوای لێبێت) لەفەرمودەکەدا نافەرموێت زانایان میراتگری منن بەڵکو دەفەرموێت زانایان میراتگری پێغەمبەرانن...!! واتە پەیامی زانایان پەیامی هەموو پێغەمبەرانە و میراتگری بانگەوازی تێکڕای پێغەمبەرانن.

٤. ئەم میراتگرییە واتە زانایان دوای

پێغەمبەران باشترینی پێشەوایەکن کە شایستەی چاوساغی وپێشەنگی بن بۆ تەواوی مرۆڤەکان.

٥. دەبێت کردار و گوفتارو ئاکاری زانایان دەرهاویشتەی پەیامی پێغەمبەران بێت (درودی خوایان لەسەربێت) و تەفسیرێکی واقیعی بانگەوازەکەیان بێت.

لێرەوە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی میراتی پێغەمبەران و بەرپرسیاری و ئەرکی زانایان و گرنگی پێشەنگی‌و پێشەوایەتی زانایان تیشك دەخینە سەر جۆرو شێوازی ئەو میراتەی کە دەبێت زانایان لەئاستی جێبەجێکردنیدا بن:

**١- الوراثة المالية:** پێغەمبەران هەمیشە بانگەشەی بانگەوازەکەیان لەژێر دروشمی ئایەتی (اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْراً وَهُم مُّهْتَدُونَ) یاسین ٢١، دا بووە بۆیە توانیویانە زۆرترین خزمەت پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن‌و دەستی مرۆڤەکان بگرن وبیان گەیەننە کەناری ئارامی وخۆشبەختی هەمیشەیی، لێرەوە دەبێت زانایان خۆیان لەدونیای خەڵکی بپارێزن بۆ ئەوەی جوانترو کاریگەریانە برەو بە بانگەوازە شکۆدارەکەیان بدەن، چونکە میراتگری پێغەمبەران لەماڵ و سامان و دونیاویستیدا نییە، وەك پێغەمبەرمان درودی خوای لێبێت دەفەرموێت: (الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما)(١) واتە پێغەمبەران درودی خوایان لێبێت بەجێیان نەهێشتوە دراو دینار... تاکو ببێتە میراتی بۆ میرات گرەکانی کەزانایانن...!!

بەڵکو میراتی ڕاستەقینەی زانایان ئەو بانگەوازە شکۆدارەیە کە یەك بەیەکی پێغەمبەران بوونە پەروانە بۆیی و لەو ڕێگەیەشدا دەیان فەرموو (لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُورًا) الانسان ٩.

**٢- الوراثة العلمية:** دیارترین سیفەت و تایبەتمەندی پێغەمبەران درودی خوایان لێبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوزانست و زانیارییەی کەتەنگی بەجیهانی نەفامی‌و نەزانی هەڵچنی‌و چرای و هیدایەتیان لەدڵی مرۆڤایەتیدا داگیرساند.

زۆرن ئەو ئایەتە پیرۆزانەی ئاماژە بەپلەو پایەی زانست و زانایی دەکەن لەقورئانی پیرۆزدا کە تایبەتمەندی پێغەمبەرانە درودی خوایان لێبێت کەدەبێت ئەم حاڵە ببێتە خەسڵەت و سیماو ڕوخساری زانایان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (....يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) المجادلة ١١

واتە: (ئەوانەشتان زانست و زانیاریان پێدراوە چەندەها پلەو پایە بەرزیان دەکاتەوە، خوایش ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

چونکە زانست ئاستی نزیکی وپەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروردگار دیاری دەکات و خوای گەورە لەوبارەوە دەفەرموێت: (إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ) الفاطر ٢٨

واتە: بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن‌و لەناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لە خوا دەترسن بەڕاستی ئەو خوایە زۆر باڵادەستەو، زۆریش لێخۆشبووە (کاتێك ڕووی تێ دەکەن‌و باوەڕی پێ دەهێنن).

جائەوانەی ئاگادارن لەزانستە شەرعیەکان زۆرترو زووتر لە مەغزا ومەبەستی ئایەتەکانی قورئان تێدەگەن تاکەسێك کە شارەزایی نەبێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر ٩، واتە: ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن‌و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن‌و شارەزاییان نییە؟.

ئەم زانست و زانیاریەش پلەو بەرپرسیاری زیاتر دەکات کە دەبێت زانایان بەوردی بچنە ژێر ئەم بابەتەو لەئاستی ئەو داواکارییانەبن کە خوای گەورە داوایان لێدەکات و لێیان دەخوازێت.

بۆیە پێغەمبەرمان درودی خوای لێبێت جۆری میراتی پێغەمبەران دیاری دەکات‌و دەفەرموێت (ولكن ورّثوا العلم فمن أخذ منه أخذ بحظ وافر)(١) کەواتە زانایان میراتگری ئەو زانست و زانیاری و بانگەوازەن کە پێغەمبەران هێناویانە، وە هەر کەسێکیش ئەو میراتییەی دەست خستبێ ئەوا گەورەترین و زۆرترین خێرو خۆشی دەست کەوتووە.

**٣- الوراثة الخُلُقية:** بانگەوازی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەربێت) هەمیشە پەیوەستە بەجۆری ئەخلاق و ڕەوشت‌و مامەڵەیانەوەو کاریگەری گەورەی لە بانگەوازی پێغەمبەراندا دروست کردووەو بەهۆیەوە سەرنجی تەواوی مرۆڤەکانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە بۆیە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە جوانترین و نایاب ترین ئاکارو ڕەوشتی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)دەکات و دەفەرموێت: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (القلم:٤).

هەر سەبارەت بەئاکارو ئەخلاقی پێغەمبەرمان (درودی خوای لێبێت) پرسیارلە دایکی ئیمانداران حەزرەتی (عائیشە) دەکەن (خوای لێ ڕازیبێت)، ئەویش لەوەڵامدا دەفەرموێت: (كان خلقه القرآن) رواه الشيخان.

هەر بۆیە سەردارو سەروەرمان فەلسەفەو نهێنی پەیامی پێغەمبەرایەتی خۆیمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێت: (إنما بعثت لأتمم صالح الأخلاق) رواه البخاري.

لێرەوە زانایان دەبێت بەهەمان ئاراستەی پێغەمبەران هەنگاو هەڵگرن و خۆیان ڕاخاوبدەن بەجوانترین و شیرین ترین ئەخلاق‌و ڕەوشتی جوان چونکە ڕاستگۆیی زانایان لەئەخلاق و ڕەوشت و مامەڵەیاندا دەردەکەوێت، لێرەوە دەبێت زانایان میراتگری پێغەمبەران بن لەجۆری مامەڵەو ئەخلاق و ڕەوشتەوە چونکە ئەوە زانایانن کە دەبنە پێشەنگ و پێشەوا بۆ خەڵکی و چاوساغ و خەم خۆر بۆ هەموو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە.

**٤- الوراثة في الهداية وتبليغ الرسالة:**

مەبەست لەناردنی پێغەمبەران درودی خوایان لێبێت گەیاندنی پەیامی خواو هەڵگرتنی چرای هیدایەت بوو بۆ بەندەکانی خواو ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لەپێشهات و سەرەنجامی دواڕۆژو بەرپرسیاری لەئاست ئەو کارانەی لەدونیادا ئەنجامی دەدەن وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾النحل:٣٦.

واتە: سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەلو نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکردو بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویداو سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

سەبارەت بە پێغەمبەری شیرین و خۆشەویستمان (درودی خوای لێبێت) خوای گەورە دەفەرموێت: (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) آل عمران ١٦٤

واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێك پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لەخۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵو دەروونیان پاکو پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان‌و داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

یاخود خوای گەورە سنوری کارو بەرپرسیاری پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودی خوای لێبێت) دیاری دەکات و دەفەرموێت: (فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ) الرعد ٤٠.

واتە: خەفەت مەخۆ چونکە بەڕاستی تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە، لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە.

بەم تێڕوانینە سەیربکەین وببینین دەگینە ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە دەبێت زانایان لەخەمی گەیاندنی بانگەوازو پەیامی پیرۆزی ئیسلامدا بن و لێبڕاوانە گەشە بەبانگەوازی

ئیسلام بدەن و خەڵکی لەگەورەیی ئەم پەیامو بانگەوازە ئاگاداربکەنەوە ئەوەتا خوای گەورە لەباسی بڕوادارانی گەلی (لوط) پێغەمبەردا دەفەرموێت: (وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ ۖ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ)الانبياء ٧٣.

واتە: هەموو ئەوانیشمان کردە پێشەواو بە فەرمانی ئێمە ڕێنموویی خەڵکیان دەکردو نیگامان بۆ کردن بە ئەنجامدانی کارو کردەوە چاکەکانو ڕاگرتنی نوێژو زەکات دان، (بەڕاستی) ئەوان هەر ئێمەیان دەپەرستو هەر بەندایەتی ئێمەیان دەکرد

یاخود خوای گەورە مەبەست لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاری ڕون دەکاتەوە کە بانگەوازو هیدایەت دان و ئاگادارکرنەوەی خەڵکییە.. وەك دەفەرموێت (مَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)التوبة ١٢٢

واتە: جا ڕەوا نیە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجارێك بچن بۆ غەزا (یان بۆ هەر کارێکی پێویست)، دەی بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەك، کەسانێك نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەنو فێر ببنو قەومەکەشیان تێبگەیەننو فێریان بکەن کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هوشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن.

کەواتە میراتی پێغەمبەران بانگەوازو گەیاندنی پەیامی ئەو پێغەمبرانەیە بە گەل و هۆزو مرۆڤەکانی سەرزەوی و ئاگادارکرنەوەیانە لەناڕەحەتی و سەختی دواڕۆژو بەرپرسیاری لەبەرانبەر هەموو ئەو کردارو ڕەفتارو مامەڵانەی مرۆڤ لەدونیادا ئەنجامی دەدات.

**٥- الوراثة في الاصطفاء:** لەبەر سەختی بەرپرسیاریو گەورەیی وگرنگی پەیامی خوایی خوای گەورە لەنێو تەواوی مرۆڤایەتیدا پێغەمبەرانی هەڵبژاردوە بۆ گەیاندنی ئەوپەیامە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ) آل عمران ٣٣.

واتە: بەڕاستی خوا ئادەمو نوحو نەوەکانی ئیبراهیمو نەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووەو ڕێزی داوون بەسەر خەڵکی هەموو جیهاندا.

کەواتە ئەوانەی دیاری دەکرێن بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە دەبێت لەکەسە گەورەکان و خاوەن ڕێزو خوڕەوشتە بەرزو جوانەکان بن...!!!

بۆیە دەبێت زانایان ئەو ڕاستیە بزانن کە قەدەری بوون بە مەلاو پۆشینی بەرگی زانایان و وێستانیان لە میحرابی پێغەمبەراندا ڕوداوو شتێکی سادەو سانانیە بەڵکو گەورەترین مەبەست وا لە بوون بە میراتگریان لەمیراتی پێغەمبەران درودی خوای لێبێت، ئەوەتانێ پێغەمبەرمان (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت (من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين) رواه البخاری ومسلم.

واتە: هەر کەسێك خوا ئیرادەی خێری پێی هەبێت شارەزای دەکات لە ئاین.

کەواتە دەبێت زانایان لەریزی هەڵبژێراوانی خوایدا بن و میراتگری پێغەمبەران بن لەروانگەی ئەو ئەرکە خواییەی کەلە ئەستۆیاندایەو چوونەتە ژێر باری بانگەوازی ئیسلامەوە.

**٦- الوراثة في البركة:** بەهۆی گەورەیی پەیام و ڕێزو پلەی بانگەواز بۆ لای یەکتاپەرستی خوای گەورە، ژیان و تەمەنی پێغەمبەرانی (درودی خوایان لێبێت) پڕ فەڕو بەرەکەت کردوە بەجۆرێ هەموو ژیانیان بۆتە پارچەیەك لە دڵ سۆزی و خۆشەویستی بۆ خوای گەورەو، لەمیهرو وەفا بۆ ئەو خەڵك و کۆمەڵگەیەیەی لەناویاندا دەژین، کە بە دڵنیاییەوە ئەوەش ئەوپەڕی بەرەکەت و جوانیە لەژیانی ئەو پێغەمبەرانەدا، وەك (عیسی) پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا) مريم ٣١.

واتە: منی موبارەكو پیرۆزیش کردووە لە هەر کوێدا بمو ئامۆژگاری کردووم کە نوێژەکانم ئەنجام بدەمو لە زەکاتدانیش درێغی نەکەم هەتا لە ژیاندا هەم.

کەدەبێت زانایان ومیراتگرانی پێغەمبەر بەهەمان ڕێچکەو ڕێبازی پێغەمبەراندا بڕۆن تاوەکو ببنە ڕەحمەت و خێرو جوانی لەژیانداو کەسایەتی یەکی بەهێزو پڕ بەرەکەت بن بەو وتەو گوفتارانەی ئاڕاستەی دەکەن یاخود بەو نەرم و نیانی و حیلم و خۆڕاگرییەی پێشکەشی دەکەن یان بەو نوسین و بابەتانەی دڵ و هۆشی خەڵکی پێزاخاو دەدەن.

**٧- الوراثة في ثقل العقوبة:** دەبێت زانایان و میرات گرانی پێغەمبەران (درودی خوایان لێبێت) ئاگاداری ئەو ڕاستیە تاڵە بنو هەمیشە لەئاستی بەرپرسیارییەکی گەورەدا بژین و مامەڵە بکەن، کە ئەویش قورسی سزاو سەرزەنشت و تۆڵە سەندنەوەیە لەبەرانبەر هەر کردارو گوفتارێکدا کە پێچەوانەی ڕێنمایی و فەرمودەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەربێت.

ئەوەتانێ تەنها لەبەرانبەر سەرپێچییەك خوای گەورە پێغەمبەر (ئادەم) درودی خوای لێبێت لەبەهەشت دەردەکات و دەیخاتە سەر زەوی.

یاخود لەباسی (یونس) پێغەمبەردا (درودی خوای لێبێت) کاتێ توڕەو نیگەران دەبێت لە گەلەکەی خوای گەورە دەیخاتە سکی نەهەنگەوە... بۆیی قورئان ئامۆژگاری پێغەمبەرمان دەکاو دەفەرموێت: (فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ) القلم ٤٨.

واتە: ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ خۆڕاگربە لە بەرامبەر فەرمانی پەروەردگارتەوە، نەکەیت وەك هاوەڵو خاوەنی نەهەنگەکە بیت (کە یونس پێغەمبەرە) لە کاتێکدا کە دڵی پڕ بوو لە خەفەتو پەژارەیەکی زۆرەوە پاڕایەوەو لاڵایەوە...

زانایان لەمێژەو فەرموویانە لەوانە فوزەیلی کوڕی عیاز کە دەفەرموێت: (فإنه تعالى يغفر للجاهل سبعين ذنباً، قبل أن يغفر للعالم ذنباً واحداً) (٢)

واتە: خوای گەورە لەحەفتا گوناهی نەزانێك خۆش دەبێت پێش ئەوەی لە تاوانی زانایەك خۆش ببێت.

**٨- الوراثة في الحكومة:** پێغەمبەران درودی خوایان لێبێت گەورە و پێشەنگ و پێشەوای تەواوی مرۆڤایەتی بوون چ بۆدونیاو چ بۆ ئاین و دینی ئەو خەڵکە، واتە پەیامی پێغەمبەران پەیامێکی هاوسەنگە لەنێوان دنیاو دواڕۆژداو، بەجێبەجێکردنی یاساو دابین کردنی ماف و پاراستنی دادپەروەری دونیای خەڵکی ئارام و ئاسودە دەبێت تاقیامەت و پاشەڕۆژێکی خۆش و ئاسودەیان بۆ بڕەخسێت.

کەواتە دەبێت زانایان پێشەنگ و سەرمەشقی هەموو خێرو خۆشی و چاکسازییەك بن لەدونیادا و بتوانن ئەو دەنگە دلێرو پێنووسە بەبڕشتە بن کە هەڵگری پەرچەمی دادپەروەری و چاکەکاری بن.

چونکە ئەوانەی زۆرترین ترسیان لەخوای پەروەردگار هەیە و شایستەی هەموو پێشەنگی و پێشەوایەتییەك بن لەدونیاو قیامەتی خەڵکیدا تەنها زانایانن وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ) الفاطر ٧٩

پێویستە ئەوانەی کارو فەرمانەکانی زەوی لەئەستۆ دەگرن کەسانێکبن کە لەئاستی ئەداکردنی بەرپرسیاریدابن و لەخەمی خەڵکیدابن و بەتەنگ ناخۆشیەکانی کۆمەڵگەوە بن و بتوانن دادگەری کۆمەڵایەتی بچەسپێنن لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون چونکە خەم خواردنی خەڵکی و بەخەم زانینی خەمەکان و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆیان لەئەرکی دڵسۆزان و بڕواداری ڕاستەقینەیە وەك پێغەمبەرمان درودی خوای لێبێت دەفەرموێت: (من أصبح ولم يهتم بأمور المسلمين فليس بمسلم) رواه الطبراني.

واتە: هەرکەس ڕۆژ بکاتەوەو گرنگی بەکاروبارو گرفتەکانی مسوڵمانان نەدات ئەوا بڕواداری ڕاست و دروست نییە...!!!.

کەواتە زانایان پلەو مەقامی تایبەتییان هەیە لەئیسلامداو خاوەنی زۆرترین پاداشتن لەڕۆژی دواییدا بەو مەرجەی بەجوانی ئەدای کاری بەندایەتی خۆایان کردبێت و لەئاستی گەورەیی بەرپرسیاریەکەیاندابن.

# پابەندبوون بەچوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەت، پابەندبوونە بەمەنهەجی سەلەفو ئیسلامی راستەقینە

محمود محمد مجيد*

بەداخەوە ئەمرۆ هەندێك برادەر خودا هیدایەتی یان بدات ئایینی ئیسلامیان لە چەند خالێك کۆکردۆتەوە، چەند زاراوەیەکیان بەسەر زارەوە گرتووە، وەك عاشقی شێت تەنها ئاگایان لە بەیتی قەسیدی خۆیانە، حوکمی زۆر نەزانانە بەسەر موسلمانان دادەن، وە وا نیشان دەدەن، کە ئەوان وەکیلی خواو پێغەمبەرن، وە ئیسلام لەو رۆژەوە دەست پێدەکات کە جەنابیان پەیدابوونە، هەموو کتێبێك پر لە هەڵەیە تەنها کتێبەکانی ئەوان نەبێ، شافعی و مالك و زۆربەی زانایان هەڵەن تەنها ئەوان معصوم وتائیفەی مەنصورەن، وە خەڵك هەمووی گومرانە تەنها ئەوان سەلەفی ساڵحن بەبێ گوێدانی ئایەتی (فلا تزكوا انفسكم بل الله يزكي من يشاء) وە بۆ ئەوەی جوان تێبگەن بزانن سەلەف کێنە؟

با سەردانی راستیەکان بکەین لە سەرچاوەی زانایانی سەلەف رەحمەتی خوایان لێبێت :

١- ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر سەلەفو سەدەکانی ئەوانمان بۆ دیاری دەکات کە فەرموویەتی: (خَيْرُ النَّاس قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ، وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ). (البخاري/ ٣٦٥١) واتە چاکترین موسلمانانی سەدەی منن، پاشان ئەوانەی لەدوای ئەوان، پاشان ئەوانەی لە دوای ئەوان دێن..

واتە باشترین موسلمان ،هاوەڵەکانی پێغەمبەرن، واتە سەردەمی ئەسحابەکان کە بە هیجرەتی پێغەمبەرو یارانی دەست پێدەکات لە مەککەوە بۆ مەدینە، وە بەکۆچی دوایی (أبو الطُّفَيْل عَامِر بْنِ وَاثِلَةَ للَّيْثِيُّ) رەزای خوای لێبێت کۆتایی دێت، کە لەساڵی روودانی جەنگی ئوحود لەدایك بووە هەشت ساڵ لەتەمەنی بەشداری لە ژیانی پێغەمبەر کردووە لەساڵی، (١١٠ هـ) لە شاری مەککەی پیرۆز وەفاتی کردووە، -معرفە الصحابە لأبي نعيم (٥-٢٩٤٣) ئەمە سەدەی یەکەم.

بەڵێ سەدەی یەکەم، سەدەی هاوەڵانی پێغەمبەرە، چوار خەلیفەی راشدین، دە بەرێزە مزگینی پێدراوەکە، زانا بەرزەکانی ئەسحابە وەك (عومەری کوری خەتتاب، عەلی کوری ابوتالیب، عەبدوللای کوری عومەر، عەبدوللای کوری عەباس، ئوبەی کوری کەعب، عائیشە و زەیدی کوری ثابت- رەزای خوایان لێبێت) ئەم حەوتەلەهەموو ئەسحابەکان لەعیلم و فەتوا مەشهورترن (الاصابة ١-١٦٦)، بەلام دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ئەسحابەکان هەموویان خاوەنی عیلم و ئیجتهاد و فەتوا نەبوون، لەکۆی گشتی ١١٤ سەدو چواردە هەزار کەس ئەوانەی بە شارەزایی عیلم و تەفسیر و فیقە مەشهوورن ژمارەیان لە ١٠٠ سەد کەس تێناپەرێت تەماشای (اعلام الموقعين- ابن القيم بكە).

٢- پاشان سەدەی دووەم دەست پێدەکات کە تابعینەکانی قوتابیانی سەحابەن وەك: سعيد بن المسيب، وأويس ابن عامر القرني، وعكرمە مولى ابن عباس، والحسن وابن سيرين عمر بن عبدالعزيزو زوهري وە زۆری تریش، ئەوانەش بلاوبونەوە وخەلکێکی زۆریان فێری زانستی قورئان و سوننەت کرد وەك (مالك والثوري، ابو حنيفە... والشافعي.. وابن عيينە وابن عليەو زۆری تریش) تقريب التهذيب (١/ ٢٥) کە ئەوانە پێیان دەگوترێ تابعی تابعين، وە ئەوانەش زۆر زانای پایەبەرزو ساڵحیان پێگەیاند کە سەرچاوەی عیلمو جیهادو تەقوان وەك (بوخاری و ئیمام ئەحمەدو ترمزی) وە کۆتایی ئەو سەدەیە بە وەفاتی موحەددیسی پایە بەرز ئیمام النسائي دێت لە ١٣-سەفەر ساڵی ٣٠٣ هیجری. هەزاران رەحمەت و بەرەکەت برژێت بەسەر گیانی پاکیان.

بەلێ سەلەفی ساڵح دەست پێکی ژیانیان لە رۆژی هیجرەتی پێغەمبەرەوە دەست پێدەکات، تاکۆتای سەدەی سێیەمی هیجری.

ئەوەی شوێنکەوتووی ئەو زانا بلیمەتانەیە (پێشەوایانی هەر چوار مەزهەب مالیك وابو حنیفەو شافعی وئەحمەد) لە مەنهەجی سەلەف لاینەداوە، ئەوەی لەسەر مەرجەکانی قەبول کردنی فەرموودە لە سەر رێرەوی (بوخاری و موسلیم وترمزی وابو داود و نەسسائی .. ) دەروات لە مەنهەجی سەلەفی ساڵح لای نەداوە.

ئەو بەرێزانە هەمیشە لەگەڵ کاروانی جیهادو فتوحاتی ئیسلامی دەرۆیشتن و



زانیاری قورئان و فەرموودەو فیقهی ئەم دینەیان بە خەڵك رادەگەیاندو قەت رۆژێك خیانەت و دەمارگیری و توندرەوی و تانەو تەشەر لە مەنهەجی ژیانیان نەبووە، خەباتیان و شەو نخوونیان لە پێناو رەزامەندی خوداو موسلمان کردنی کافران بوو، نەك لە پێناو کافرکردنی موسلمانان و بلاو کردنەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی.

کەواتە پابەند بوون بە مەزاهیبی ئیسلامی پابەند بوونە بە مەنهەجی سەلەف، دەرچوون لەم مەزهەبانە بەبیٚ گەیشتن بەپایەکی بەرز لە زانستەکانی تەفسیر و فەرموودەو فیقهی ئیسلامی، بیدعەیە و دەرچوونە لە پەیرەو و ئادابی سەلەف، هەروەك هەردوو زانای پایەبەرز (ئیبن سەلاحی شەهرەزووری وئیبن رەجەبی حەنبەلی) فتوایان لەسەرداوە.

لە هەمووی سەیر تر دەلێن ئێمە دژی تعصبی مەزهەبین وە هەموو کەسێك هەلەدەکات هەتا شافعی وبوخاری و... بەلام تائێستا ئاماژەیان بەهەلەیەکی خۆیان نەکردووە کە خۆیان و مامۆستاکانیشیان، لەسەر هەلەو زمان درێژی و بێرێزی زانایان وتەفرقە پەروەردە کراون .

٣- سەرچاوەی زانستی ئەم پێشەوا بەرزانە:

أ- ئیمام ئەبو حەنیفە نەعمانی کوری ثابت (٨٠-١٥٠ کۆچی)، زۆربەی سەرچاوەی فەتواکانی دەگەرێتەوە بۆ ئیمامی عەلی کوری ئەبو تالیب، کە لە زانا گەورەکانی ئەسحابەکانە، هەروەها راو بۆچونەکانی عەبدوللای کوری مەسعود بەپلەی دووەم دێت لەلای ئەبو حنیفە.

ب- ئیمامی مالیك کوری ئەنەس (٩٥-١٧٩ کۆچی) زۆربەی فتواکانی بۆ فتواکانی عومەری کوری خەتتاب دەگەرێتەوە، پاشان فتواکانی عبدوللای کوری عومەر، پاشان فتواکانی سەعیدی کوری موسەییەب.

وە هۆیەکەشی دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیمامی عومەر لە زۆر فتواو بریارەکانی راوێژی بە ئەسحابەکانی پێغەمبەر دەکرد کەواتە ئەوەش وا دەکات، رایەکان رای زۆربەی ئەسحابەکان بێت.

وەسەبارەت بە عەبدوللای کوری عومەر بۆ ماوەی چل ساڵ لەسەردەمی ئەسحابەکان وتابعینەکان فتوای داوە موفتی سەردەمی خۆی بووە.

وە سەعیدی کوری موسەییەب گەورەی تابعینەکانی مەدینە بووە بەئامادەیی ئەسحابەکان و تابعینەکان بەردەوام بووە لە فەتوا.

ج- ئیمامی شافعی موحەممەدی کوری ئیدریس کوری عباس (١٥٠-٢٠٤ کۆچی) مەنهەجی شافعی بریتی بوو لەهەڵبژاردنی بەهێزترین راو بۆچوون، لەناو راوبۆچوونی ئەسحابەکان و تابعیەکان و خامەیان تریکردە لە قورئان و سوننەت، هەروەك دەبینین لەزانستی میرات راو بۆچوونەکانی زەیدی کوری پابتی کردە مەزهەبی خۆی، چونکە پێغەمبەر بەئەسحابەکانی فەرموو (افرضكم زيد) لە هەمووتان شارەزاتر لەزانستی میرات زەیدە.

د- ئیمامی ئەحمەدی کوری موحەممەدی کوری حەنبەل (١٦٤-٢٤١ کۆچی) مەنهەجی ئیمام ئەحمەد کە تەرجیحی لەنێوان راوبۆچوونی ئەسابەکان کردووە، بەڵکو ئەگەر



لەمەسەلەیەك دوو را یان سیٚ را هەبووبیٚ، فتوای بە هەردووك یان هەرسیٚ راوبۆچوون داوە.

وەهەموو کاتێك زۆرپێی ناخۆش بوو فتوا بدات بە پێچەوانەی زانایانی پێشخۆی بۆیە هەموو جار کە راوێژیان لەگەل دەکرد لەبارەی فەتواوە دەیفەرموو: (لا تفت في مسألة ليس لك فيها إمام إذا لم تجد في المسألة قولاً لأحد من السلف فأفت فيها بقول الشافعي) واتە لەهیچ مەسەلەیەك فەتوا مەدە کە مامۆستایەکی پالپشتت نەبێت تێیدا، وە ئەگەر لەمەسەلەیەك، هیچ فەتوای سەحابەو تابعینت نەبینی، ئەوا فەتوا بە مەزهەبی شافعی بدە.

وە بەراستی زۆر جێگای داخە ئێستا خەلکێك بە ناوی ئایین پەروەریەوە، زۆر بەبیٚ رێزی لەگەل زانایانی ئەم چوار مەزهەبە رەفتار دەکەن، وە کاتێك کە باسی ئەم مەزهەبانەیان لەگەل دەکرێت، دەلێت من ئیعترافیان پێناکەم، من تەنها قورئان وسوننەت رێبازمە، وادەزانێت ئەم بەرێزانە ئاییینیان لە تەورات وئینجیل یان قانونی رۆمانی وەرگرتووە.

دورستی کار کردن بەم مەزهەبانە لەسەردەمی تابعینەکانەوە کاری پێکراوە و هەموو خەلیفە و حاکمە موسلمانەکان رێگایان پێداوەو لەناو زانایانی ئومەتی ئیسلامی رەواو شەرعی بووە، بۆیە زۆر بەراشکاوانە دەلێم ئەم نەهجە نەهجی خەوارجەکانە، کە بریاری دەرچوون لەرێبازی موسلمانان دەدەن، وە سەرەتایەکە بۆ نانەوەی ئاژاوەو تەفرقە...

* وتار خوێنی مزگەوتی کۆمەلگای گەلاڵەو سەرپەرشتیاری پسپۆری زمانی عەرەبی-پ - سۆران.

# بۆچونی زانایانی ئایینی لە چەمچەماڵ لەبارەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانەوە

**ئا: مەلا مژدە شوانی**

بێگومان چینی ماموستایانی ئایینی کە هەمیشە پێشەنگ بونە لەخەباتو خزمەتو بەرگری کردن لەمافو داخوازیەکانی گەلی کوردی موسڵمان، وەك سەرجەم چینو توێژە جیاوازەکانی تری گۆرەپانی کوردی هیچ کات دوانەکەوتونە لەئاست بەدەست هێنانی ئاواتو ئامانجە ستراتیجیو گرنگەکانیان، هەر بویە زوکەوتنە خۆیانو لەگەڵ سەرەتاکانی دەست پێکردنی شۆرشی کوردیو لەبارودۆخێکی هەستیارو ناجێگیرو لەنێو پەرەسەندنی ستەمو ترسو تۆقاندنی گەلی کورد لەلایەن رژێمی ئەو سەردەمەوە، بڕیاری دروست بوونو پێکهێنانی رێکخراوێکیان دا بەناوی رێکخراوی یەکێتی زانایانەوە کە دیارە ئامانجو مەبەستی سەرەکی لەدروست بوونی ئەم رێکخراوەدا لەلایەکەوە بۆ خەباتو بەرگری کردن بوو لەشۆرشی کوردی شان بەشانی برا چەکدارەکان، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ رێکخستنو کۆکردنەوەی چینی مامۆستایانی ئایینی بوو لەنێو ئەم رێکخراوەدا تا بتوانرێت خزمەتی بەرچاوو بەرگری لەمافو داخوازیەکانیان بکرێت.

بەڵێ ئەم رێکخراوە بۆ یەکەم جار لەشاخو لە ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای ناودارو شارەزای زانستی ئیسلامی لەسەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە پێکهێنرا، لەورۆژەشەوە تا هەنوکە هەر بەردەوامن لەکارو چالاکیو خەباتیان، کە بۆ ئەمساڵ پێ دەنێتە ساڵی چلو سێ هەمەوە، جا بۆیە هاوکات لەگەڵ یادی دروست بوونی ئەو رێکخراوەداو لەسەر گرنگیو بایەخی دروست بوونی رێکخراوێکی لەم جۆرەو کارو چالاکییەکانی رابوردویانو پێشنیار بۆ بەرنامەکانی ئایندەیان، بەباشمان زانی راوسەرنجو تێبینی چەند مامۆستایەکی ئایینی سنوری لقی چەمچەماڵ بخەینەروو:

## مامۆستا مەلا محمد تاڵەبانی:

## یەکێتی زانایان لە ئێستادا باڵی بۆ سەرجەم زانایان راخستوە بەبێ جیاوازی



سەرەتاش **مامۆستا مەلا محمد ئەحمەد تاڵەبانی** کارگیری لق بۆمان دواو وتی: چینی مامۆستایانی ئایینی لەهەموو چینو توێژەکان لەپێشترو پێویست ترە تاکو لەهەموو فەرمان و ئەگەرو پێشهاتەکاندا دەسپێشخەربن و ئەسپی خۆیان تاوبدەن، بۆیە بەبروای ئەو پێکهێنانی رێکخراوێکی لەو چەشنەو لەوسەردەم و بارودۆخەدا زۆر جێی خۆی بوەوکارێکی هەم ئایینی و هەم نیشتیمانی گرنگ بوە، بەڵام بەبۆچونی ناوبراو ئەم رێکخراوە بەداخەوە کەساڵانێك بە هۆی بارودۆخی ناوخۆی هەرێم وململانێی سیاسی لەلایەن چەند کەسێکەوە قەتیس و بەرتەسك کرابو، هەر بۆیە سەردەمانێك وەك نیمچەنەمانی لێهاتبوو، بەڵام لەئێستادا جیاوازیەکی ئێجگار زۆری هەیە وەك لەرابوردو، لەئێستادا ئەم رێکخراوە باڵی بۆسەرجەم زانایان راخستوە بەبێ جیاوازی لەبیرو ئایدەلوژیاو ئاستی زانستی و ناوداری تاکەکان، ئێستا ئەم رێکخراوە بۆهەموانەو زۆربەی زانایانی کوردستان لێی سودمەندبونە بەهەرشێوازو جۆرێك بێت.

هەروەها **مامۆستا ئەنوەر زەنگەنە** بەرپرسی بەشی کارگێری لق لەولأمی ئەوپرسیارەی کە ئایە دیارترینو بەرچاوترین کارو چالاکیە گرنگو پر بایەخەکانی ئەم رێکخراوە لەماوەی رابوردوی تەمەنیدا چیە؟ ناوبراو ئامازەی بەم چەند کارو چالاکیانەدا کە بەبروای ئەو جێی رەزامەندی زۆری زانایانو سودو کەڵکی باشی هەبووە، لەوانەش وەك:

* هەماهەنگی کردن لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەو دامودەزگاو رێکخراوە پیشەییەکان بەتایبەتیش وەزارەتی ئەوقاف و سەرجەم بەرێوەرایەتیەکانی ئەوقاف لەپێناو رایی کردنی کارو جێبەجێ کردنی داواو داخوازیەکانی مامۆستایانی ئایینی.

## مامۆستا مەلا ئەنوەر زەنگەنە:

# لە رووی هەماهەنگی و بەدەمەوە چوونی زانایان و کردنەوەی خولی زانستی و راگەیاندن و داکۆکی ماف و ئیمتیازات یەکێتی زانایان رۆڵی دیاری هەبووە



* بەدەمەوەچوونی سەرجەم پرس و کێشە هەنوکەییەکانی میلەتەکەمان وبەرگری کردن لێی.

* کردنەوەی چەندەها خولی جۆراوجۆر لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئاستی رۆشنبیری و زانستی مامۆستایانی ئایینی نمونەش وەك خولی زانکۆی ئەزهەر بۆ مامۆستایانی ئایینی کوردستان کە تائێستا کە سێ خولی بەسەرکەوتویی بەرێوەچوە.

* گرنگی دان بەلایەنی راگەیاندن کە لەئێستادا ئەم رێکخراوە خاوەنی گۆڤارێکی مانگانەو رادێوو کەنالێکی تەلەفیزیۆنە کە بەشێکی زۆری خەلکی لەخوێنەرو بیسەرو بینەرەوە لێی سودمەند دەبن.

* پێداگیری کردن لەهەموماف و ئیمتیازاتێکی مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتیش برینەوەی دەرماڵەی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی کە بەراستی ئەم رێکخراوە هەوڵ و کۆششی زۆری دا تا ئەو بریارە چەسپێنرا.

* بەشداری کردن لەچەندەها کۆنفراس و سیمیناری جیهانی و ناسینی رولّ و پێگەی زانایانی کورد بەجیهانی ئیسلامی.

پاشان بەرێز مامۆستا مەلاوەهاب مەولود بەرپرسی ناوچەی بەردەقارەمان لەولاّمی ئەوەی کە پێشنیارو داواکاری چی هەن بۆکارو بەرنامەکانی داهاتوی ئەم رێکخراوە کە پێویستە بەهەند وەرگیرێت و کاری جدی بۆ بکرێت بەرێزیان جەختی لەوە کردەوە کە زۆر پێویستە کردنەوەی خول وسیمینارە جیاوازەکان پەرەی زیاتری پێ بدرێت و بەشێوازێکیش بەرفراوان بکرێت کەهەموو لق وناوچەکان بگرێتەوە نەك تەنها لەئاستی مەکتەبی تەنفیزی ولقەسەرەکیەکان بێت، هەروەها هەولّبدرێت کەیەك ریزی گوتارو بیروبۆچونە جیاوازەکان بەهێز بکرێت تاهەموو زانایان سەرەرای جیاوازی بیرومەزهەب وتێروانینیان، هاوکارو پشت و پەنای یەك بن وکار بۆ سەرخستنی یەکتری بکەن، چونکە بەراستی لەئێستادا بەهۆی تێروانین و تێگەیشتنی زانایانی ئایینی بۆ هەندێك لەبابەتە خیلافیەکان خەریکەیەك ریزی و پتەوی گیانی برایەتی تێك دەچێت، تائەو ئەندازەیەی کەهەندێك جار کێشەو گرفتیش دروست دەبن.

وەکاربکرێت بۆ زیادکردنی نەسریەی لق وناوچەکان تابتوانن کارو چالاکی باشی پێبکرێت، وەداواکردنی یەکێتی زانایان بۆ کردنەوەی کۆلیژێکی تایبەت بە ماموستایانی ئاینی تالەوێوە بتوانن درێژە بەخوێندن و زانستیان بدەن ئەمە بەپێشنیارێکی ئێجگار گرنگ دەزانم

## مامۆستا مەلا وەهاب مەولود:

# پێویستە زانایان هاوکارو پشت و پەنای یەك بن و کار بۆ سەرخستنی یەکتری بکەن



بۆ کاری داهاتوی ئەم رێکخراوە، جگە لەوانەش زۆر پێویست وجێی خۆیەتی کەهەماهەنگی بکرێت لەگەلّ وەزارەتی پەروەردەدا تاکو مامۆستایانی ئایینی بتوانن وانەی تایبەتی ئایینی وپەروەردەیی و ئەخلاقی لەقوتابخانەکاندا پێشکەش بکەن، کەدلّنیام ئەم هەنگاووکارە رۆلّ و کاریگەری باش و ئیجابی دەبێت بۆ قوتابیەکان بەهەموو ئاستەکانیانەوە چونکە لەئێستادا ناوەندەکانی خوێندن زۆر پێوستی بەپرەودانی لایەنی پەروەردەیی هەیە کەرەنگە شێوازو گوتاری مامۆستایانی ئایینی بەرامبەر بەقوتابیان لەو بوارەدا زیاتر کاریگەری و ئەنجامی باشی هەبێت.

# یەکێتی زانایانو بیرەوەریەک

## ئاوات نەقشبەندی*



٩/٢١ ئەو ڕۆژە درەوشاوەیە لە مێژووی پڕسەروەری گەلی کورد، کە تۆماری مێژینەی نەبەردیەکان بە ئەدەبەوە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو ڕۆژە هەڵکردنی ئەو ئاڵایە کە زانستو عرفان بوونەتە ڕەنگی ئەبەدیان، چونکە هیچ کونوکەلەبەری ئەو زانستە نیە! کە مەلایەکی مەندیل پاکی کورد نەیکردبێتە مەیدانی خودا جۆی خۆی، ئەسپی هیوای مرحبا بطالب العلم تیا تاونەدابێت! لەو کاتەی کە زانایانی گەلانی دەوروبەرمان، سەرقاڵی گێرمەو کێشەی بابەتێکی بچوکی فروعی بوون، زانا بەئەمەکەکانی نەوەی ئیبنو صەلاحی مەردی فەرموودەناس، بیریان لە خەباتی پارێزگاری لەگەلەکەی ئەو زانا مەردە کردەوە، ئەو کاتەی حوجرەکانی ئیبو خەلەکانو بیارەو سلێمانیو دەشتی هەولێر بووبونە قەتماغی برینێکی قووڵ، جاری خوا ویستی لە خەباتی ژیانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لێدرا، سەرکردایەتی حەکیمی شۆڕشی کوردستان چاکی ئەزانی کە دەرمانی دەردی ئەم میللەتە، تەنها و تەنها ئیسلامی بێ هەڵەو پەڵەیە، ئەوەش تەنها لەسەر دەستی زانایانی مێزەر سپی، وەکو بەفری سەر قەندیل دەست دەکەوێت، کورتەی کەلام! دامەزراندنی یەکێتی زانایان پێویستیەکی ئێجگار کاریگەر بوو، لەو ڕۆژەیدا پیرۆز بایی لە خۆمو گشت ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە شۆڕش گێڕە ئەکەم .

(بیرەوەریەک)* لە دوای جیا بوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و لە دوو کەرت بوونی شۆڕشی کورد (پارتی و شیوعی) بۆ سێ کەرت بوون (باڵی مەکتەبی سیاسی)، لەناو شۆڕشدا ناو بەناو یان لە هەندێ جێگە، کەسانێك باسیان لە دورکەوتنەوە لە ئیسلامو هێرشی ناڕەوایان دەکردە سەر ئاینی زۆرینەی گەل و زانایان، بە تایبەتی وەکو ڕووداوی ئازاردانی مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێن لەلایەن شیوعیەکانی ئەوکات.

بۆیە دامەزراندی یەکێتی زانایان بە سەرکردایەتی هەندێ زانای مەردی ئەوکات لە ژێر چاودێری خودی مەلا موستەفای بارزانی ڕەحمەتی خوای لێبێت، بوویە هۆی ئەوەی کە کەس نەتوانێت جورئەتی بێ ڕێزی بکات دەرهەق ئیسلام و زانایانی پەیام هەڵگری ڕاستەقینەی ئەو ڕێبازە، یەکێك لە هۆکارەکانی ڕاستی دامەزراندنی یەکێتی زانایان ئەوە بوو، کە بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمودی گلێجاڵ (خوا لێی خۆش بێت)، وتی: مامۆستا مەلا عوسمانی پریسو چەند مامۆستایەکی تر لەگەڵ حاجی شێخ صاحبی نەقشبەندی، چوونە لای مەلا موستەفای بارزانی و باسی ئەوەیان بۆ کرد کە لێرەو لەوێ هەندێ لە کادرانی شۆڕش بە تایبەت لە سنوری هەورامان و شارەزوور و گەرمیان، مەیلی دورکەوتنەوەیان هەیە لە ئاینی زۆرینەی گەل!

بۆیە مەلا موستەفا فەرموو بووی ئەمە دافعێکی ترە بۆ دامەزراندنی یەکێتی زانایان، پاش دانیشتنێکی مەلایانە، هەر یەك لە ئامەدەبوان دیاری خۆیان بۆ جەنابی مەلا موستەفا بردبوو، حاجی شێخ صاحبیش قورئانێکی بە دیاری بۆ سەرکردەی شۆڕشی کورد بردبوو، مەلا موستەفا فەرموو بووی: ئەمە باشترین دیاریە پاش خوێندنەوی چەند ئایەتێك ماچی کردبوو وە خستبویە بەرباخەڵی، ئەوجا ڕوانیبوویە ئامادەبوانو، فەرموو بووی: ئەمەمان هەبێت بەسمانە بۆ ژیانمان.

* ئەم بیرەوەریەم لە مامۆستا شێخ مەحمودی نەقشبەندی و مامۆستا مەلا مەحمودی گلێجاڵی کە یەکێك بووە لە کادرانی پارتیو یەکێتی زانایان بیستووە.



# پیرۆز بێت داگیرساندنی مۆمێکی نوێی تەمەنی دامەزراندنی
# یەکێتی زانایان کاریگەرتر بێت رۆشنایی پەیامە پیرۆزو راستەقینەکەیان

**نازەنین عبدالباقی حمە عیزەت**

لای هەموان ئاشکرایە کەزانایانی ئایینی لەگشت بوارەکانی ژیاندا رۆڵێکی ئێجگار مەزنو گرنگیان هەیە لەکۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی لە رێنماییکردنو پیشاندانی رێگای راست بۆ خەڵك وەك چۆن لەتێکرای قۆناغەکان مامۆستاو زانایانی ئایینی پێشەنگ بوونو لەگەڵ خۆشیو ناخۆشییەکانی میللەتی خۆیان بوون، بەهەمان شێوە لەم قۆناغەشدا درێژەیان بەخزمەتەکانیان چ لەوتارو پەیامو وەعزو دانیشتنو کۆرو کۆبوونەوەکاندا سەبارەت بەوشیکردنەوە زانستیانەی ناو شەریعەتی ئایینی ئیسلام کە مرۆڤایەتی رزگارکردووە لە نەزانیو مەینەتییەکانیو لەهەمانکاتدا هەوڵی پێکەوە ژیانو لێبوردەییو سەقامگیریو یەکتر قبوڵکردنو بەرز راگرتنی مافەکانی مرۆڤایەتی لەزاری شیرینو هەبوونی سەرنج راکێشیان لەناو خەڵکدا رووی گەشی ئیسلامو شەریعەتە پیرۆزەکەی لەوتارو پەیامەکانیان هەمیشە روون کردۆتەوە.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فان لم يستطيع فبلسانه، فأن لم يستطيع فبقلبه وذلك اضعف الايمان) لەم فەرموودە پیرۆزەدا دەردەکەوێت ئەگەر کردارێکی خراپمان بینی دەبێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدەین چاکی بکەین، بەدەست، بەگفتوگۆو قەناعەت پێهێنان ئەگەر نەمانتوانی بیگۆڕین ئەوە دەبێ لە دڵەوە پێمان ناخۆش بێتو وا بکەین خەڵکی تریش ئەو کارەیان لا دزێوو یەد بێت، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەمووی گەوهەرە زۆر جەختمان لێ ئەکات کەوا درکو ناخۆشییەکان لەسەر رێگای یەکترلابەرینو بەهانای یەکتر بچین.

لەم روانگەشەوە مامۆستاو زانایانی ئایینیش کە هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزەن پشکی شێریان بەرکەوتووە بۆ هاندانو هۆشداریدان بە کۆمەڵگا بەوەی کە هەر لەدێر



زەمانەوە ئەو توێژە خەمخۆرو ماندوو نەناسەن ئەگەر هەستیان بەکێشەو مەترسیەك کرد بێت کە رووبەڕووی کۆمەڵگاکەیان بووبێت ئەوان زۆر بەدڵسۆزیو حەکیمانە هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە، چونکە مامۆستاو زانایانی ئایینی پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەیە بەکۆمەڵگاوەو توانای کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاکارو رەفتارەکانی مرۆڤ بەو کاردانەوەی کە هەیانە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان.

منیش لێرەوە.. وەك بەرپرسی راگەیاندنی ئەوقافی سلێمانیو قوتابیەکی مامۆستاو زانایانی ئایینی کە ماوەی چەند ساڵێکە لە نزیکەوە بۆ زۆربەی شوێنو رێکخراوەکان کە بانگهێشت دەکرێن لەخزمەتیاندا بووم بۆ گفتوگۆو سیمینارو... سەبارەت بەچارەسەر کردنی دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاد لە پێویست دڵسۆزییان پێوە دیاربوو لەگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەیاندا بەرامبەر بەکۆمەڵگای ئایینی ئیسلام.

دواجار بۆیە دەڵێم: بەقەد فراوانی ئاسمانو هەموو گەردیلەکانی بیابانو پاکێتی دونیای پەپولە بێگەردەکان ئەم ساڵیادە پیرۆز دەکەم لەسەرجەم زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.



# مامۆستایانی ئاینیو فەیسبوك

## وەڵامیك بەزمانی گوڵ بۆ بەڕێز كاك محمد مەلا نجم الدین وادی

مەلا محمد بەرزێوەی*
barzewae84@gmail.com



سـەرەتا مـن وەكـو پیـشەو ئـەخلاقی نوسینەكانم هەردوو ئاراستەی ئیجابیو سلبی لـە نوسـیندا هەوڵـدەدەم نیـشاند بـدەم بەرجەستەیان كەم چ لە نوسینی ئاسای یان شـیكاری یـان دواندن و وەڵامدانـەوە هتـد... وادیارە ئەمەی ئیستاش وا لەبەردەستا شێوازی وەڵامیكە بۆیە دەبیَ رەچاوی ئەم ئاراستانە بكەم كە لەپیشدا ئاماژەم پیَ داون، دور نەڕۆین بـچینە سـەر خویندنەوەیـەكی بابەتیانـە بـۆ بابەتەكەی بەڕێز كاك محمد مەلا نجم الدین وادی لەژێر ناونیشانی (فەیسبوك و مامۆستای ئـایینی) كـە لـەژمارە (٩٥) گۆڤـاری پـەیامی زانایان لاپەری (١٩) بلاَو كراوەتەوە.

ئەمـەوەی خـاڵی یەكـەم بـە دەسـت خۆشـانەیەكی گـەرم دەسـت پـیَ بكـەم بـۆ بەرێزیان چونكە واقیع بینانە وتویەتی (دەبینم مامۆسـتایانی ئـاینی بەشـێوەیەكی بەرچـاو بـەئاگان لـە هـەموو ئـەو خزمەتگوزاریانـەی كـە ئەنتـەرنێت و كۆمپیوتـەرو پێشكەشی دەكـەن) ئەمە عیبارەتە وەكو خۆی بڵێین و بەمـەدح و سەناش نەبیت بۆ خۆمان شتێكە كاكەی نوسەر رێـك وەكـو خـۆی وتویـەتی چـونكە زۆرینـەی مامۆستا بەڕێزەكان لەم ڕۆژگارە شان بەشانی خـەڵك سـود مەنـدن لـە تەكنـەلۆژیا و بابـەتی سەردەمی، هەروەكو لەكوتای بابەتەكەشی ئەم هەڵویـستە جـوانی دوبـارە كردۆتـەوە خۆشـی بەغەمخۆری مامۆستایانی ئـاینی دانـاوە منـیش سوپاسـی دەكـەم، بـەڵام ئـەوە دەنوسـیَ لـە فەقەڕەیـەك (دەمـەوێت هەڵوەسـتەیەك لەسـەر تـۆری كۆمەڵایـەتی فـەیس بـوك و كاریگـەری لەسـەر مامۆسـتای ئـاینی بكـەم) كاكـەی گـوڵ كاتیَ جـەنابتان ئەمـە دەنوسـن خوێنـەر وای لیَ حـاڵی دەبیـت كـە ئـەم تەكنەلۆژیایـە چ كاریگەرێكی نەرێنی هەبێت لەسـەر ئـەم توێـژە كە پێشەوای خەڵكن، كەواتە ناكری تۆ ئاوا بە زەقی و بەتشویق بەم جورە نوسینە گوزارشـت بكـەی و تـیَ بینیـەكانت بـاس بكـەی، وە لەبڕگەیـەكی تـری نوسـینەكەتان نوسـیوتە (ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـە ئـەوەی كـە مامۆسـتایانی ئـاینی بەشدار بـوی ئـەم سـایتە بەشێوەیەكی بەرچاو هەڵناسن بەو ئەركەی كـە پێش بینی ئەكرا لێیان...).

قوربـان گیـان تـۆ دەتـەویَ پـێش بینـی چـی لەمامۆستایانی ئاینی بكـەی، بـۆ زانیاریت ئـەو ئەركە قورسەی كەوتۆتە سەر شانی ئەم توێـژە قورسترین ئەركە زۆرجار لەوانەیە ببێتە مایەی قوربانی، وەكو سادەترین كـەس بـۆی نـەكراوە مرازو قصدی بەدەسـت بێنـیَ، ئەمەلەلایـەك وە لەلایـەكی تریـشەوە مـن تحـدا دەكـەم ئـەو مامۆسـتا بەڕێزانـەی كـە بەكارهینـەری ئـەم تۆڕەن جگـە لەوانـەی كـە بـەناوی خـوازراوەوە هەن پێشەنگن لە بڵاوكردنەوەی شتی بە سـودو نـویَ و ئـالوگۆری سـەرنج و بیروڕاكـان، وە سـەبارەت بـەدانانی وینـەو بڵاوكردنـەوەیان بەبەردەوامی نازانم جەنابتان ئـەوە دەزانـن كـە پـەیج لـەم تـۆڕەدا وەكـو ئـەلبوم وایـە كەواتـە هەموو كـەس دەتـوانی چـەندی وێنـە دابـەزینی بۆت هەیەو هەركاتی بتەویَ وینـەكان بەدەسـت بێنیـەوە بـە ئاسـانترین ڕێگـە لـە پەیجەكـەدا دەیان دۆزیەوە، ئیتر مامۆستای ئاینیش وەكـو ئەم خەڵكە گۆشـت و خوێنـە حـەز بـەوەدەكات یادگاری هەڵگیراوو پاریزراوی هەبیت. كاكەگیان سەبارەت بەوەی كە وتوتە (مامۆستای ئاینیش دەبینـرێن كـە ٤-٥ كاتـژێری زێڕینـی خۆیـان بەهەدەر دەدەن) لالۆگیان من دەڵێم نەك چـوار تـا پێـنج كـاژێر بـەڵكو هـی واهەیـە ٢٤ كـاژێر لەسەر خەتە، بەڵام دەبیَ ئەوە بزانین زۆرینـەی خەلكی ئیـستا لەڕێگـەی مۆبایلـەوە فـیس بـوك بەكار دەهینیت و لە گیرفـانی دایـە بیَ ئـەوەی خـۆی لەسـەری دانیـشتبیَ بـەلام بـەردەوام بـە لەخەت بـوون نیـشان دەدا، كەواتـە نـاكری تـۆ بلّێـی ٤-٥ كاتـژێر ماموسـتای ئـاینی لەخەتـە بـەرێز گیـان هـەروەكو وتم ئەمانـە بـەزۆری لـە ڕێگـــەی مۆبایلــــەوەن، وەســـەبارەت بـــە خوێندنـەوەو موتالەعـە كـردن تویـژی زانایـانی ئـاینی تاكـە چـینن كـە زۆرتـرین پـەرتوك و كتێبخانەیان هـەبێت و، زۆرتـرین كەسیـشن كـە لـەناو كتێبخانـەكان و پیـشانگاكان بـۆكڕین و خوێندنـەوەی پـەرتوك بـەدی دەكـرێن، كەواتـە ئەمە بەقوەترین بەڵگەیە لـە سـەر خوێندنـەوەو بەدوا داچونی زانیاریەكان لەلایەن مامۆستایانی ئاینیەوە، دەربارەی فەتوا دان لە فیس بوكەوە منیش لەگەڵبا نیم بەتەنها بۆشەخصێك نیە كە بە میزاجی خۆی فتوا بدات چونكە ئەوە لیژنەی فتوای بالاَ لەكوردستانی ئازیزمان هەیە، بەڵام ئەمەشیان ئـەوە ناگـەینیَ ئەگـەر پرسـیارێكی ئاسـای و بـیَ پـیچو پـەنا وەڵام بدریتـەوە، هەروەكو ئەوانەی كە فتواش دەدەن گوزارشـت لە بیرو بۆچوونی خۆیان دەكا بەتـەنها نـاكریَ بەسـەر هـەموو ماموسـتایانی ئـاینی كـە بەكارهینەری فیس بوكن بی سەپێنی لەوانەیـە چـەند كەسـێك كـە بـە پەنجـەی ئەنگوسـت بژمیردرێن و بازیاتریش بن.

* ماجستیر لـە دیراسـاتی قورئـانی- زانكـۆی سەلاحەددین



# ئیبراهیم پێغەمبەر نەیدەویست کوڕەکەی بکاتە قوربانی

ئا: مەلا جەعفەر گوانی

لەو ماوەیە بەڕێز مامۆستا عەبدولرەحمان سدیق نامیلکەیەکی نووسیوە بەناوی (جەژنی قوربان، جەژنی ژیانە نەك مەرگدۆستیی) کە یەکێتی زانایان چاپو بڵاوی کردۆتەوە، باس لەوە دەکات، کە ئامانجی ئیبراهیم پێغەمبەر ئەوە نەبوو کوڕەکەی بکاتە قوربانی، بەڵکو بەم کارە ویستی بەشێوەیەکی کردەیی خەڵکی لە مرۆڤکردنە قوربانی دوورخاتەوە، چونکە ئەو کاتەی ئەو پێغەمبەرە هات، لەناو خەڵکی باو بوو کوڕەکانیان دەکردنە قوربانیو سەریان دەبڕین، لە زۆر شوێنیش ئەم شتانە هەبوون، بۆ نموونە لە میسر هەرکە ئاو کەمی دەکرد مرۆڤێکیان دەکردە قوربانیو پێیان وابوو ئاو دێت، یان لە سەردەمی حەزرەتی موسا پێغەمبەر بابەتی سیحرو جادووگەری باو بوو، خوای مەزن موعجیزەکەی موسا پێغەمبەری وا هێنا، کە راستەوخۆ بە کارێکی وەکو جادووگەری هەڵبستێتو، دواجاریش بۆ خەڵکەکە نەخاسمە جادووگەران دەردەکەوێت، کە ئەوە جادوو نییە، بۆیە بیرۆکەی جادووگەری پووچ دەبێتەوەو، رێزو حورمەتی نامێنێتو، خەڵك چیدیکە بە پیرۆز تەماشای ناکەن.

قوریانیکردنیش هەمان شت بوو، ئیبراهیم پێغەمبەر لەرێگەی ئیلهامەوە پێیڕاگەیاند، کە بچێت کوڕەکەی سەر ببڕێت، بەڵام ئامانج سەربڕین نەبوو، بەڵکو پیشانی دان، کە منیش وەکو ئێوە ئامادەی قوربانیکردنم بە مرۆڤەوە، بەدەستی خۆمو بە کوڕو جگەرسۆزی خۆم، بەڵام کە گەیشتە قۆناغی کۆتایی، کارەکە راوەستاو خوای مەزن بەرانێکی کردە شوێنگرەوەی ئیسماعیلی نۆبەرە، بەمەش تێیگەیاندن، کە مرۆڤ ناکرێتە قوربانی، کەواتە جەژنی قوربان جەژنی ژیانو ژیانەوەیە بۆ مرۆڤەکان، نەك جەژنی مردنو لە ناوچوونی ژیان بێت، بۆیە پێویستە لە قورباندا خەڵکی لەسەر ژیانو خۆشەویستی ژیان رابهێنین، نەك بەرەو بێئومێدی لە ژیانیان ببەین، لەقورباندا بە خەڵکی بڵێین: رێزی یەك بگرن، چاوتان لەیەك بیت، بەگەورە تەماشای یەك بکەن، هاوکاری یەك بکەن، یەکتری مەکوژن، یەکتری ئازار مەدەن، قسەی ناشیاو بە یەك مەڵێن، قسە لە یەك مەبڕن، کۆڵانی یەك پیس مەکەن، ئاوو کارەبای زیاد سەرف مەکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ماڵە جیرانەکەو خەڵکی دیکە نەبێتە زەرەرو زیان.

بە کورتی جەژنی قوربان گەورەترین هێمای ژیاندۆستیو رێزو پێکەوەژیانی ئیسلامە، ئەمە دەبێ ببێتە هەوێنی وتارەکانی رۆژانی جەژنی قوربان، تا خەڵك بە دروستی لەپەیامەکەی قوربان تێ بگات.

ئەم بۆچوونو تێڕوانینە جوانە، لەشیعرێکی تاهیربەگی جافیش ئاماژەی پێکراوە، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەم پیاوە کە ساڵی ١٨٧٥ لەهەڵەبجە لەدایك بووەو، ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە، کەچی بەم جوانیو وردبینییەوە روانیتییە ئەم دیوە ژیاندۆستەی جەژنی قوربان، لەکاتێکدا زۆر جاران ئەم یادە وەکو یادی مەرگو مردن لێك دەدرێتەوە، ئەوەندەی باس لە چەقۆ وەشاندنی حەزرەتی ئیبراهیمو سەربڕینی کوڕەکەی دەکرێت، کەمتر باس لە ئامانجەکە دەکرێت، کە نەمانی بە قوربانیکردنی مرۆڤو سەربڕینو کوشتنەوەی مرۆڤە.

تاهیر بەگ لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

**سەد شوکر دووبارە جەژنە، وەختی عەیشو شادیە**

**بۆ بەلاگەردانی بالات، قۆچی قوربانم وەرە**

هەندی ئاگام لێ بێت ئەم شیعرەی تاهیر بەگ هەر یەك لە سەید عەلی ئەسغەریو عەزیزی شارۆخیو مەلا سەردار بە شێوەی ئاوازو گۆرانی چڕیویانە، کە گووڕو تینو چێژێکی دیکەیان خستۆتە بەری، بەڵام تا ئەم نووسینەی مامۆستا عەبدولرەحانم نەدیت، لەم وشانەی شیعرەکە ورد نەبیبوومەوە، لەوانەیە مانای دیکەشی هەبێت.




بۆ ئەوەی زۆر لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، دەبینین تاهیر بەگ دەڵێت: (سەد شوکر دووبارە جەژنە)، ئەم وتانەی بە بەشی دووەمی نیو بەیتەکەی تەواو دەکات، کە هۆکاری شوکرانەبژێری جەژن پیشان دەدات، کاتێك دەڵێت: (وەختی عەیشو شادیە)، کەواتە سوپاس بۆ خودا کە دووبارە جەژن هاتەوە، خۆشی جەژنیش لەوە دایە، کە جەژن وەختی ژیانو خۆشیو شادی دەربڕینە، ئەمەش دوو لایەنە، لایەنی یەکەم ئامانجی قوربانیکردنەکەی ئیبراهیم پێغەمبەر دەردەبڕیت، کە پێدانەوەی ژیانو رێگیریکردنە لە بە قوربانیکردنی مرۆڤ، چونکە خوا مرۆڤی بۆ ژیان دروست کردووە، تا لەم ژیانە پەرستشی ئەو بکات.

دیوی دووەمی شیعرەکە لەوە دێت، کە جەژن نەمانی بە قوربانیکردنی مرۆڤ بێتو، پێدانەوەی ژیان بە هەموو مرۆڤایەتی، کەواتە پێویستە لەم یادەدا موسڵمانان خۆشیو (شادی) دەربڕن، چونکە ئەو کاتەی ناخۆشی کۆتایی پێدێتو، کێشەو ئاریشە نامێنێت، مرۆڤەکان خۆشی دەردەبڕن، هەر بۆیەش لە یادی نەورۆزدا ئاهەنگو خۆشی ساز کراوە، چونکە لەم یادەدا غەمو خەفەت کۆتایی پێهاتووەو، کاوە توانیویەتی بەسەر زوحاکی خوێن ڕێژ سەرکەوێت، کە مرۆڤی دەکردە قوربانی، مەبەستی من لێرە باسی نەورۆز نییە، بەڵکو گەرەکمە ئەوە بڵێم: چۆن خۆشیەکانی نەورۆز سەرکەوتنی مرۆڤەکانە، بەوەی کاوە بە کوشتنی زوحاك توانی رێ لە مرۆڤ کردنە قوربانی بگرێت، هەمان شت لە یادی قوربان دێتە بەر چاوان، چونکە خوای گەورە بە هۆی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە شتێکی کردەیی خستە بەر چاوی خەڵکەکەو، ئەوانیش لە هەڵەکەی خۆیان تێگەییشتنو دەستیان لە قوربانیکردنی مرۆڤ هەڵگرت، بۆیە ئەمەش دەستیان بە خۆشیو شادی کرد، هەر لەبەر ئەوەشە لە جەژنەکاندا مامۆستایانی ئایینی روو دەکەنە هاوولاتیان بۆ ئەوەی خۆشی لەم رۆژانە دەربڕنو، پێکەوە ئاشت ببنەوەو، سەردانی یەك بکەنو، جەژنە پیرۆزانە لە یەك بکەن، ئاگایان لە بێباوكو هەژاران بێتو، سەردانی نەخۆشان بکەن... کە ئەوانە هەموویان نیشانەی ژیانن، لە بەرامبەردا داوا لە موسڵمانان دەکەن تازیەو پرسە دووبارە نەکەنەوە، نەچنە سەر قەبرانو، جلو بەرگی رەشی تازیەداری نەپۆشن، چونکە ئەوانە نیشانەی عێدزیو غەمخۆرییە.

# ئیختیلاف سوننەتێکی خواییەو هەر دەبێت

مەلا عەلی عەبدوڵڵا یارمجەیی

لەم ڕۆژگارەی ئێستا کەوا ناسراوە بە سەردەمی پەرتەوازەیی‌و فرە حزبی یان سەردەمی بیروڕای جیاواز، فیکرەی جیاواز ئەوەندە زۆرە بیری تیژی مرۆڤ لە ئاستیدا دەستە وەستانە، جیاوازی لە هزرو بیری مرۆڤەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندن دایە، بۆیە پێویستە بزانین بیروبۆچونە جیاواز لەکەیەوە سەری هەڵداوەو تاکەی بقەردەوام دەبێت؟ لەبەرچی مرۆڤەکان ڕێك ناکەون؟

بەڕێزان ئەو بیروڕا جیاوازە زۆرەی ئێستا زۆر لەچوارچێوەی خۆی دەردەچێ دەبێتە کێشە لەنێوان دوو لایەن یان دوو حزب یان دوو کەس، وە لەبەری ئەوەی لەسەر را جیاوازەکان ڕێك بکەون‌و یارمەتی یەکتر بدەن بەداخەوە کێشەی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێ، وە لەبری ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر دەبێتە رق‌و کینەو دژایەتی‌و دوژمنایەتی یەکتری پاشان دەرەنجامێکی خراپی دەبێ.

بەڕێزەکان هەر ئاینێك یان فکرەیەك هاتبێتە سەر ڕووی زەوی بە زەبری ئاگرو ئاسن خەڵکی پەلکێش کردووە بۆ ووەرگرتنی بیرو ڕای خۆی لەو پێناوەدا بە هەزاران خەڵکیان زیندەبەچاڵ‌و شوێن بزر کردووە، بۆیە لێرەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدا، ئایا تاکەی ئەو جیاوازیە بەردەوام دەبێت یان ئەم هەموو حزبە ئەم هەموو کۆنگرە دەبەستن بە ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن بۆچی ڕێك ناکەون؟

وەڵام: بیروڕای جیاواز فیکرەی جیا جیا یاسایەکی خواییەو ویست‌و ئیرادەی خوای گەورە ئاوایە ئەو جیاوازیەو ئیختیلافە هەر دەبێ هەبێ، بۆ؟ چونکە گرنگ ئەوەیە ئێمە بیروڕامان جیاواز بێ‌و ئینجا ڕێك بکەوین‌و کێشە لەگەڵ یەکتر نەکەین‌و برابین، نەك بەهۆی بیروڕای جیاواز پلان بۆ یەکتری دابڕێژین‌و دوایش باجەکەی دەبێ خۆمان بیدەین، وە پاشانیش ئەم جۆرە ئیختیلافە سوود بە دوژمن دەگەیەنێ.

خوای گەورەش لە قوڕئانی پیرۆز بەڕوونی باسی ئەو ئیختیلافە دکات‌و دەفەرموێ زۆربەی ئیختیلافەکان دەرەنجامی خراپە مەگەر یەکێك خوا ڕەحمی پێ بکات، وەك دەفەرمووێ: (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ * إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ) (هود).

جیاوازی لە هزرو بیروڕادا هەندێکجار خێری تێدایە هەندێ جاریش شەڕ، بەڵام شەڕەکەش دەکرێ کەم بکرێتەوە، وە بیروڕای جیاواز لەسەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکاندا هەبووە، بەڵام ئەم جیاوازیە نەبۆتە مایەی دڵ ڕەنجاندن‌و یەکتر ناشیرن کردن، وە هەموو جیاوازیەکیش هۆکارێکی هەیە هەندێکیان سروشتیە لە مرۆڤەکەدا خۆیەتی وە هەندێکی تریش ژینگەو واقعی دەوروبەری وای کردوە مرۆڤ هەردەم بیروڕای جیاوازبێ، هەندێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ زانستی مرۆڤ خۆی.

خوای گەورە بیروبۆچوونی جیاوازی کردوە بە بەشێك لە ژیان‌و ژینگەی مرۆڤ جاری وا هەیە کوڕ لەگەڵ باوکی بۆچوونی جیاوازە یان زۆر جاری وا هەیە ژن لەگەڵ مێردی جیاوازە، گرنگ جیاوازی نیە گرنگ ئەوەیە کێشەی گەورەی لێ دروست نەبێ، بەڵام ئەم سوننەتە خواییە مرۆڤەکان زۆر تەسکیان کردۆتەوە، بۆیە زۆر جار بەس بۆچونی خۆی لا پەسندە کەواتە ئیختیلاف لە واقیعدا هەیە، مادام وایە دەبێ ڕێز لە ڕای خەڵکی تر بگرین.

چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ * إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ)، بە درێژایی مێژووی فتوحاتی ئیسلامی هەر شوێنێکیان فەتح کردبێ ئازادی بیروڕایان بە خەڵکەکە داوەو هیچ کاتێك بیرو باوەڕی ئیسلامیان بە زۆر بەسەر خەڵکەکەدا نەسەپاندووە، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە: (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ).

خوای گەورە ئیختلافی کردۆتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، وەك دەفەرمووێ: (إِنَّ فِي اخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ)، بەڵام هەر جۆرە ئیختلافێك ببێتە مایەی ئاژاوەو پەشێوی نانەوەو دروست بوونی دووبەرەکی لەئایینی ئیسلام جێگای قبوڵ نیە، وەك دەفەرمووێ: (وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ)، وە ئێمە یەك نمونەی جیاوازی بیروڕا دێنینەوە کەوا تێیدا روون دەبێتەوە، کەوا ئیختلاف دەبێ لەبەرژەوەندی کۆمەڵگا بێ نەك دژی کۆمەڵگاو ئاژاوە نانەوە لەناو کۆمەڵگا:

لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ویستی بڕۆن بۆسەر جولەکەکانی بەنی قورەیزە فەرمووی: (لا يصلين أحد العصر إلا في القريظة) هەندێك لە هاوەڵان وا تێگەیشتن، کە مەبەستی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) هاندانە لەسەر خێرا ڕۆیشتن نەك نەکردنی نوێژی عەسر، بۆیە بەدەم ڕۆیشتن‌و بە ڕێگاوە نوێژەکەیان کرد.

بەڵام هەندێك لە هاوەڵەکان زاهری فەرمودەکەیان وەرگرت‌و گوتیان نوێژ ناکەین تاکو نەچینە بەنی قورەیزە ئینجا نوێژەکەیان کرد، پاشان چونە لای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بیروبۆچونەکەیان گێڕایەوە پێغەمبەریش دانی نا بە بیروڕای هەردوولا هیچیانی بە هەڵە دانەنا ڕای هەردولای پەسەند کرد، بەوانی تری فەرموو نوێژەکەتان قەزا بکەنەوە، واتە خواو پێغەمبەری خوا نایانەوەێ خیلافێك دروست ببێ نە لە بەرژەوەندی ئاین‌و نە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێ، بەڵکو ئەم جۆرە جیاوازیە بووە هۆی خێر بۆ موسڵمانان چونکە ئەمە بووە بەڵگە بۆ قەزا کردنەوەی نوێژ.

نمونەی لەم شێوە یەکجار زۆرە، لە کۆتایدا دەڵێم جیاوازی بیروڕا هەردەبێ‌و هەر دەشبێ بەبێ دەستی من‌و تۆیە، بەڵام دەکرێ کەم بکرێتەوە یان ئاسان‌و تەخفیف بکرێ.



# رەفتارا پێغەمبەری (سەلات وسلاڤێت خودێ لێبن) دگەل ئافرەتان

**نڤیسین: دلزار ئەمین**



سەر دەمێ جاهلیەتێ و نەفامییێ چ رێز بو ئافرەتان نەبوو،و هوین دزانن خەلکێ وی سەردەمی چ ل کچێن خۆ دکرن، دەمێ تەمەنێ وان دگەهشتە نزیکی شەش سالان ئەو دبرن و ئاخ دکولاو کچێ ژی هاری بابێ خۆ دکر وجار جار جلکێن بابێ خۆ ژ توزێ پاقژ دکرن ونە دزانی دێ وێ ب ساخی بن ئاخ کەتوبێی دلوڤانی،و دلێت وان یێت رەق ئەڤ چەندە دکر دا کو خۆ بپارێزن ژ شەرمەکا بێ رامان و بێ مانا کو وان ب خۆ دگووت ژ نەزانینا خۆ.

هەروەکی خودایێ دلوڤان دبێژیت (وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ) (النحل–٥٨) ، واتە: (وەروەختێ مزگینی بو کچێ بو ئێکی بێتەدان (کوخودێ کچەکا دایێ)، دێ ناڤ چاڤێت وی تێکچن و رەش بن،و دێ کەرب گرتی بیت،و دێ کەربێ داعویریت).

و حالێ ئافرەتێ ئەڤە بوو هەتا کو خودایێ مەزن پێغەمبەرێ خۆ (سلاڤ لێبن) هنارتی، ڤێجا وی مافێت ژنان دانان،و پاشی ئافرەت بو هێمایەك ژ بو پاقژیێ دناڤ جڤاکی دا، وب ڤی رەنگی (سلاڤ لێبن) بەحسێ ژنان (دایکان) دکەت: (الجنه تحت أقدام الامهات) (النسائی، الجهاد، ٦٢، أحمد، ج٣، ٤٢٩) واتە (بەهەشت یا لبن پێت دایکان)، و لڤێرە ئافرەت گەهشتە وی رادەی کو ژ هەژی وێ بیت.

هەروەسا ددینێ ئیسلاما پیرۆزداو لدیف شەریعەتێ خودێ وپێغەمبەری (سلاڤ لێبن) بو ژنێ حەلالە کو دگەل زەلامێ خودا بژیت،و بو هیچ کەسەکی نینە چ ئاستەنگان بو وان دروست بکەت،و دا کو یا سەرفراز بیت خودایێ مەزن فەرمان لێ کریە خۆ پوشتە بکەت وجوانیا خۆ بو زەلامێن بیانی نەدەرێخیتوبتنێ بو زەلامێ خۆ نەبیت،و هەر ئیسلامە داخازێ ژ زەلامی دکەت ژ هەمی رویانڤە وەکی چاڤێ خۆ وێ بپارێزیت و چ کێماسییان ژی نە ئێخیتی، هەروەسا ئەو ژی گوهداریا زەلامێ خۆ بکەت و ژ فەرمانا وی دەرنەکەڤیت (فەرمانا ب باشیێ)، ژ ڤێ چەندێ بو مە ئاشکرا دبیت کو هەمی مافێت




وێ بتنێ دئیسلامێ دا ب دروستی دهێنەدان.

– ئافرەت نە زەڤیەکا پر هستریە دا کو دوژمنداری و کەربێ ژێ راکەین، بەلکو باخچەکە دەربرینێ ژ ڤیانێ دکەت،و ژن و زەلام دوو جیهانێن بەرفرەهن، و دڤێت هەر ئێك ژ وان یا دیتر تەمام بکەت، لێ رولێ ئافرەتێ کاریگەر ترە،چونکی هەر هندەك ئافرەتن جڤاکان خراب دکەن و هندەك ئاڤا دکەن،ژ بەر هندێ ئیسلامێ بهایەکێ مەزن یێ دایێ،و پێغەمبەری (سلاڤێت خودێ لێبن) چ تشت بو مە نەهێلایە ئیلا یێ بەحس کری، هەروەکی دەربارەی تێکەلیا ژن و زەلامان دا مە ئاگەهداردکەت و دفەرمووت: (إیاکم والدخول علی النساء، فقال رجلٌ من الأنصار: یا رسول الله أفرایت الحمو؟فقال :الحموالموت) (متفقٌ علیە)، واتە (هشیاربن ژ چوونا هەوە بو ناڤ ژنکان، ڤێجا زەلامەکێ ئەنساری گوت:و ئەگەر (الحمو) ئانکو مروڤێ نێزیکی زەلامی بیت؟ گوت: ئەو مرنە، ئانکو هیلاکە) و هوسا پێغەمبەر دبێژیتە مە نەچنە ناڤ ژنکان، چونکی تێکەلی ژێدەرێ هەر خرابیەکێ یە دناڤبەرا هەردوو رەگەزان دا.

ڤێجا چ کەسێن نێزیك بن یان دویر،و پێدڤیە ئەم گەلەك ژ ڤێ خالێ دهشیاربین دا کو نەکەڤینە دوێ خەندەکێ دا ئەوا خەلکێ رۆژئاڤا (ئەوروپا) کەفتینە تێداو نزانن دێ چەوا ژێ دەرکەڤن و خۆ ژ ئێش و نەخوشی هەتك بەریێ خلاس کەن هەروەکی ئەم دبینین، و ئەو ب خۆ ژی ڤێ چەندێ دبێژن، و هەمی ژ ئەگەرێ تێکەلیێ یە، و پێغەمبەر (سلاڤ لێبن) پتر مە ژ تێکەلیا مروڤێت (کەس وکارێن) زەلامی هشیار دکەت، هەر ژ برای هەتا دوماهیێ، چونکی بستەی د واندا هەیە، و ژبەر هندێ یا پێدڤیە لسەر دایك و بابێن موسڵمانان کچ و کورێن خۆ وەسا پەروەردە بکەن کو خۆ دویر بێخن ژ تێکەلیێ دا، داکو جڤاکەکێ پاك وبژین وخودان رەوشت بهێتە ئاڤاکرن، چونکی چگومانتێدا نینە کو خۆ دویر ئێخستن وخۆپاراستن ژ تێکەلیێ دێ هەردوولا د پاراستی و سەرفراز بن ل دونیایێو ئاخرەتێ.

– هەروەها دەربارەی ژنکا باش وچاك دا پێغەمبەرێ نازدار (سلاڤێت خودێ لێبن) کەرەم دکەت ودبێژیت (الدُنیا متاع وخیرُ متاعها المرأة الصالحة) (مسلم، الرضاع–٦٤)، واتە (دونیا یا خوشە،و خوشیا ژ هەمییان باشتر ژنکا چاك و باشە).

ب شێوەیەکێ گشتی ل پشت هەر زەلامەکێ مەزن ژنەکا باش هەیە، هەروەکی پێغەمبەری (سلاڤێت خودێ لێبن)و خەدیجایێ (خودێ ژێ رازی بیت) ل دەمێ وەحی بو دهات وپشتی هنگی ژی، هەروەسا دفەرموودەیەکا دیتر دا (سلاڤ لێبن) دبێژیت (خیرُکم، خیرُکم لأهلیه، وأنا خیرُکم لأهلي)، واتە: (یێ ژ هەوە هەمییان باشتر ئەوە یێ بو خێزانا خۆ باش بیت، و ئەز ژ هەوە هەمییان باشترم بو خێزانا خۆ).

# گۆشە نیگایەك لەسەر فەلسەفەی هەقە مارەیی

حمید احمد عبدالفتاح/ قەڵا دزەیی



## بەشی یەكەم

– مارەیی: بریتیە لەو داراییەی لەو زێرو پارەیەی، كە پیاوەكە دەیداتە خێزانەكەی خۆی بەهۆی گرێبەستی هاوسەرگیری و مارە بڕینەوە.

مارەیی ناوە بۆ ئەو ماڵەی كە بە گرێ بەستی هاوسەرگیری ئەو مارەییەی، كە ناو براوە لەسەر پیاو واجب دەبێ، یان مارەیی ئەو ماڵەیە كە پێویست دەبێ لەسەر مێرد كە بیداتە هاوسەرەكەی خۆی بەهۆی مارە كردنو چونە لاو مردنی هەر كامێكیان بێ، یان مارەیی بریتیە لەو بڕە ماڵو داراییەی كە ناو دەبردرێ لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، كە مێرد بیدات بە هاوسەرەكەی لە بەرامبەر پێكهاتنی ژنو مێردایەتیدا وە مافێكە لە مافەكانی ژنیش بەسەر پیاوەوە، كە خودای گەورە ئەو مافەی بەبێ ویستی خۆی بۆی داناوە.

یان مارەیی هەقو مافێكی تایبەتە بەئافرەت خودا فەرزی كردوە لەسەر پیاو، كە بیداتێ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەو پیاوە ڕەزامەندی هەیە لەسەر ئەو گرێبەستو هاوسەرگیرییە وە خودای گەورەش ناوی بردوە بە (صداق) مارەیی، یان مارەیی بەخشیشێكی ڕەمزییە لە پیاوەكە بۆ ئافرەتەكە وەك سەرەتایەك بۆ یەكتر ناسینو دەست پێكردنی ژیانی هاوبەش پێكەوە.

مارەیی وەك فەلسەفەی ئیسلام زۆر گرنگە بۆ ئافرەت گەر خودای گەورە ڕێگەی دابایە ئافرەت بەبێ مارەیی بۆ پیاو حەلاڵ بوبایە بەدڵنیاییەوە ئافرەت ئەو كات ئەو ڕێزو حورمەتو قورساییەی نەدەما، كەواتە مارەیی بریتە لە دەربڕینی ڕاستگۆییو ئارەزووی پیاوەكە بۆ پێكەوە ژیان لەگەڵ ئافرەتەكە وە یارمەتی دەریشە بۆ ئافرەتەكە بۆ خۆ ئامادەكردن بۆ ژیانی هاوسەریەتیو ژیانی هاوبەش گەر ئافرەت بەبێ مارەیی بۆ پیاو حەلاڵ بوبایە هەر بە كێشەیەكی زۆر بچوك ئەو پیاوە وازی لەو ئافرەتە دەهێناو یەكێكی تری دەكردە هاوسەرو هیچ بار گرانیەكیشی لەسەر نەدەبوو.

گەر مارەیی نەبایە پیاو زۆر گرنگیشی بەژن نەدەداو زۆر زووش دەیگۆڕی، چونكە هیچ ئەركێكی نەدەكەوتە سەر بەڵام گەر هەر شتێكت بە زەحمەت دەستكەوتو زۆر هەوڵو تەقەلات بۆداو خۆت پێوە ماندو كردو پارەی زۆرت تێدا سەرف كرد حەتمەن ئەو شتەت زۆر لا گرنگەو لەلات زۆر بەنرخ دەبێو سەنگین دەبێو بە ڕێزو خۆشەویستیش دەبێ وە دەیپارێزیو ڕێزی لێدەگریو بەهەند وەریدەگریو بەردەوامیشی زیاتر دەبێو بەهیچ ڕەشەبایەكی ڕقو كینو عاجزیش لەبن نایەو درز ناداو ناڕوخێ، كەوابوو مارەیی شتێكە كە شەریعەتی ئیسلام دایناوە ئایەتی قورئانیو فەرمودەی خۆشەویستی لەسەرە.

زیاتر بۆ ئەوەشە پیاو دڵی بۆ ئافرەتەكە بچێو ڕێزی زیاتری لێبگرێو ئەویش زیاتر دڵی بەو هەدیەو بەو ڕێزەو بەو كەسە خۆشتر بێ وە مارەیش جۆرێكە لە ڕێزو حورمەت بۆ ئەو ژنەی، كە هاوسەرەكەی دەیداتێ مارەیی وادەكات كە ئافرەتەكە خۆشەویستر بێت لەلای پیاوەكەیو بەچاوی سوكیش تەماشای نەكات، كەواتە مارەیی بەخشینێكەو دیاریش نەكراوە چەند بێت لە بەرامبەر هیچ شتێكی تریش دا نییە ماڵێكە هەقێكە خودای گەورە دیاری كردوەو واجبی كردوە.

مارەیی چۆن هەقو مافێكی ئافرەتەكەیە، كە پیاوەكە بیداتێ پاش گرێ بەستی هاوسەر گیری هەقی خوداشە، كە خودا واجبی كردوە هەتا ئەگەر ئافرەتەكە بشڵێ من مارەیم ناوێ شەرعەن هەر دەبێ بیهەوێ، بەڵام دوای گرێ بەستەكە كە ئافرەتەكە ئەهل بێ واتە (بالغو عاقڵو لەسەر ئارەزوی خۆی بێ) دەتوانێ بیبەخشێتەوە.



(مارەیی) لەبەرامبەر لەزەت وەرگرتن نییە لە ئافرەتەکە، بەڵکو ڕێزێکو بەخشینێکە لەلایەن خودای گەورەوە دیاری کراوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دوو کەسە ئولفەت بەیەکەوە بگرنو ببنە خۆشەویستی یەکتر، مارەیی ماڵ بەخشینە نەك لە بەرامبەر تامو چێژو لەزەت وەرگرتن لە ئافرەتەکە، چونکە ئەم کردارە بۆ هەردووك (لا) وەکوو یەکە، هەردووك (لا) تام چێژو لەزەت لە یەکتر وەردەگرن.

خۆشەویستانم مارەیی ئافرەت کرێ نییە، بەڵکو زەمانەتێکە بۆ بەردەوامی ژیانی هاوسەریەتی بۆ پابەندکردنی پیاوە بەو گرێبەستە پیرۆزەوە، کەواتە مارەیی بۆ ئەوەیە کە پیاو ناچار بکات باشتر پابەند بێت بە پەیمانەکانیو بەڵێنەکانیو مەسئولیەتی ژیانی هاوسەرگیریەتی باشتر هەڵبگرێو بە چاوێکی سووك تەماشای ئەو پەیوەندیە نەکات گەر خوا نەخواستە ژیانی هاوسەریەتیش تێکچوو دوای لێك دابڕانو جودابونەوە با ئەو ئافرەتە بەدەستی خاڵی لەو ماڵە نەیەتە دەرەوە (کە تەمەنی جوانیو ژیانی لاویەتی خۆی لەسەر داناوە) وە بە زۆریش ژنان بە تایبەت لە کوردستان ژیانیان یان لەسەر ماڵە باوکیانە یان لەسەر ماڵە مێردیانە جا ئەگەر ئەو مارەییە یان بۆ دیاری نەکرێت هەندێکیان لەوانەیە بەبێ کەسوکار بەبێ باوكو دایكو برا بن بە بێکەسیو بە بێ پارەو بژێوی بمێننەوە (کە ئەمەش بڤەیەو زۆر ترسناکە دوا ڕۆژی ئافرەتەکە بەرەو هەڵدێر دەبات) یان پیاوان زۆر بەئاسانی دە ستیان لێ هەڵبگرن بەتایبەت پیاوی دوور لە دینو لە خودا نەترس، بەڵام بەم مارەییە هەم پیاوەکە باشتر پابەند دەبێو هەم ژیانی دوا ڕۆژی ژنەکەش مسۆگەرتر دەبێ (گەر لێکیش جیاببنەوە) کەواتە ئەمە گەورەترین فەلسەفەی شەریعەتی ئیسلامە بەرامبەر بەهەقە مارەیی.

خۆشەویستان هاوسەرگیری کڕینو فرۆشتن نییە (معامەلە) نییە هەتا بڵێی (هەقە مارەییەکە کڕینەکەیەتی)، بەڵکو مارەیی شتێکە بەفەرمانی خودای گەورە واجبە بکرێ بۆ ئافرەتەکە هەتا ئەگەر لە گرێ بەستی ئەو هاوسەرگیرییەشدا ناوی نەهاتبێ، یان هەردووك (لاش) ڕازی بن بەبێ هەقە مارەیی، بەڵکو مارەیی شتێکە لە گەردنی پیاوەکەی دایە هەر بە گرێبەستی مارە بڕینەکە مارەیی لە سەر واجبو پێویست دەبێ.

کەواتە مارەیی بەهیچ جۆرێ نرخی ئەو (کچە یان ئەو بوکە یان ئەو ئافرەتە) نییە، چونکە هاوسەرگیری لەئیسلامدا بە مانا (فرۆشتنی کچ یان ژن نییە) بۆ ئەو پیاوە کە مارەییەکە دەدات، بەڵکو مارەیی ماڵێکی تایبەتە بۆ ئەو ئافرەتە، کە خودای گەورە بۆی دیاری کردووە، کە ئەمەش ئەو پەڕی ڕێزو حورمەتو سەنگینیو قورسایيو چاکەیە بۆی.

حوکمی مارەیی: زانایان ڕێکن لەسەر ئەوەی، کە مارەیی (شەرتو مەرجێکە) بۆ دروستی هاوسەرگیری بەپێی: (١) فەرمودەی قورئان (وأتوا النساء صدقا تهن نحلة)، (٢) فەرمودەش (التمس ولو خاتما من حديد)، (٣) اجماع هیچ لە زانایان پێچەوانەی بوونی مارەیی نەوەستاون.

کەواتە مارەیی واجبە لەسەر پیاو کە بیدا بە خێزانەکەی، بەڵام واجب نییە لەسەر ئافرەت کە بیدا بە پیاوەکەی کەواتە دەبێ مارەیی ژنان بدەن وەك پێشکەشییەكو بە فەرزێکی خودایشی بزانن، چونکە مارەیی ژنان بڕیاڕی خودایەو فەڕزەو مافی ڕەوای خۆشیانە بۆ هیچ کەسێکیش نییە ڕێگا لە مارەیی بگرێ، کەواتە مارەیی بۆ ژنان پێویستە لەسەر پیاو وە نابێ هیچ لە مارەیی ژنانیش بخورێ مەگەر بە ڕەزامەندیو ئارەزوی خۆیان.

ڕون بۆوە بۆمان کە مارەیی پێویستە لەسەر پیاو کە بیدات بە خێزانی خۆی تاوەکوو بەشێوەیەکی شەرعیو یاسایی ببێت بەهاوسەری خۆی چاکیش وایە لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیری هەروەك عادەتی هەمیشەیی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) هەر وابووە مارەیی دیاری بکرێ هەر وەکو ئەو دیاری کردوە وە ئێستا لە کوردستانیش لەناو کۆمەڵگەی مسڵمانان لە کاتی گرێبەستەکە مارەییەکەش هەر چەندی بێ زۆربێ یان کەم دیاری دەکرێ.



## حیکمەت لە ڕەوا بوونی مارەیی:

خۆشەویستان گرێبەستی هاوسەرگیری گرێبەستێکی زۆر گەورەو گرنگە، ئافرەت ڕێزێکی زۆری هەیە مارەیش نیشانەی ڕێزە بۆ ئافرەت لە قورئانی پیرۆزیش یەك سورەتی (النساء) بەناوی ئافرەتەوە ناردووەو دای بەزاندوە خودای گەورە لەم سوڕەتەدا باسی مافی ئافرەتو مارەیی ئافرەتی کردوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نییەت پاکیو بەردەوامی ژیانی هاوسەرگیری .

بەپێچەوانەوە ئەگەر ئافرەت هەقە مارەیی لەسەر بیٚو بیدات بە پیاوەکەی ئەوە ئەو ڕێزو حورمەتەی قەت نابێ، کە ئێستا هەیەتی هەروەها مارەیی بریتیە لە دەربڕینی ڕاستگۆیی ئارەزوی پیاوەکە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ خێزانەکەیدا وە مارەیی یارمەتی دەریشە بۆ ئافرەتەکە لە خۆ سازدان بۆ پێداویستیەکانی گواستنەوە لە جلوبەرگو تێچونەکانی تر، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆیە مارەیی خستۆتە سەر پیاو تا زیاتر تامەزرۆیی پاراستنی ئافرەتەکە بکات.

مارەیی چەند بێ باشە: خودای گەورە ڕێژەی هەقە مارەیی دیاری نەکردوە، بەڵکو گەڕاندویەتیەوە بۆ ڕەزامەندی هەر دووك (لایان). بەڵام باش وایە هەقە مارەیی لەهەقە مارەیی خێزانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای

لەسەر بێت) زیاتر نەبێ کە (٥٠٠) درهەم بووە.

لەشەریعەتی ئیسلامیشدا مارەیی دیاری نەکراوە کەم بێ یان زۆر. هەر چەند پێشەوا عومەر (ر) ویستی مارەیی دیاری بکات کە لە(٤٠٠) درهەم زیاتر نەبێت کەلەوتارێکدا باسی کرد. فەرمووی ئەگەر زیاتر بێ دەیخەمە ناو (بيت المال) کە لە مینبەر هاتە خوارەوە ئافرەتێکی قورەیشی پێی وت: ئەی پێشەوا ئەم بڕیارە ئیشی جەنابت نییە. ئەویش فەرمووی بۆ؟ ئافرەتەکەش وتی: چونکە قورئان دەفەرموێ: ﴿وآتيتم احداهن قنطارا فلا تأخذوا منه شيئا اتاخذونه بهتانا واسما مبينا﴾ نساء/ ٢٠ واتە ئەگەر ژنێکتان تەڵاقدا مارەییەکەی هەلا چەندی بێ گەر زێرو داراییەکەی زۆریش بێ نابێ هیچ شتێکی لێ وەربگرنەوە.. لەم ئایەتە ئەوە دەردەکەوێ کە دروستە ماڵێکی زۆر بکرێتە مارەیی ئافرەت.. هەر چەند پێشەوا عەمەر ویستی کار ئاسانی بکات و گیروگرفتی بەردەم کچان و کوڕان لابەرێ..

دوایی ئەوە پێشەوا عومەر چۆ سەر مینبەرو فەرمووی: ئەی خەڵکینە ویستم ڕێگری بکەم کە نابێ هەقە مارەیی لە (٤٠٠) درهەم زیاتر بێ، من هەڵە بووم. ئافرەتێك پێکایی و عومەر هەڵەی کرد، هەر کەسێك

کەڵك و سوودو قیمەت و نرخ و بەهای هەبێ، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (التمس ولو خاتما من حديد)...

هەقە مارەیی هەقی ئافرەتەکەیە دەبێ بەدڵی ئەو بێو ڕەزامەندی لایەنی تریشی کە کورەکەیە لەسەر بێ واتە ڕەزامەندی هەر دووك لایان پێویستە. گەر بەکەمی ڕازی بوو باکەم بێ و گەر داواشی هەبوو بۆ زۆری با بەگوێرەی توانایی کەسە داوا کارەکە بێ و با دڵی کچەکەش نەشکێ..

کەواتە سنوری مارەیی نە بۆ کەمی و نە بۆ زۆری نیە، بەڵکو بەگوێرەی توانایی کەسەکەو عورف و عادەتە. لە هەموو کات و وەختێکدا توانایی پیاوەکەو شەخسیەت و لێهاتوی کۆمەڵایەتی ئافرەتەکەش دەوری گرنگ دەبینن.. بەڵام ئیسلام قەت حەز ناکات داواکاری هەقە مارەیی زۆر بێ (هەتا کەمتر بێ پێی باشترە) چونکە هەموو کات ئەخلاق و ڕەوشت جوانی، ڕێزو خۆشەویستی هۆکاری مانەوەو پێکەوە ژیانی هاوسەرانە. نەك مارەیی زۆر..

کەواتە ئیسلام هیچ سنورێکی دیاری نەکردوە، هەر وەك دروستە مارەیی شتێکی مادی بێت –بەهەمان شێوەش دروستە شتێکی مەعنەوی بێت– وەك فێر کردنی قورئان..

هەروەها دروستە زیاتر مارەیی بکەی لەوەندەی لە گرێ بەستی مارە کردن بڕیاری لەسەر دراوە. بەڵام دروست نیە لێی کەم وەکەی. مەگەر بەڕەزامەندی ئافرەتەکە بێ و بە ئیختیاری خۆشی بێ.

بەڵام کە مارەییەکە خانوو بوو یان دوکان بوو یان سەیارە بوو یان چەند دۆنمێك زەوی یان باغێك بوو، ئەوەباش نییەو نابێ هیچی لێ کەم بکرێتەوە..

وەسەرچاوەی ڕێپێدانی ئەو زۆرو کەمییەش قورئانە کە دەفەرموێ: (ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة) نساء/ ٢٤، واتە هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە گەر خۆتان ڕازی بن کە ژنەکە هەندێك لەمارەییەکەی کەم بکاتەوە، یان پیاوەکە هەندێك لە مارەییەکەی زیاتر بکات. ئەوە دروستەو ڕێگە پێدراوە..

کەواتە مارەیی لەشەریعەتی ئیسلامدا بە خشینەو دیاری نەکراوە چەند بێ، بەڵام تاکەکانی ناو کۆمەڵگاش جیاوازییان هەیە. هەیە دەوڵەمەندەو هەشە هەژارە –هەر لەبەر ئەو (حیکمەتەشە) کە ئیسلام هیچی دیاری نەکردوە. وەهەر کەسەش بەگوێرەی توانایی خۆی ماڵی خۆی دەبەخشێ..



چەندی دەکا با بیکا...

بەڵام چاك وایە هەقە مارەیی سوك و ئاسان بێ. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (ان اعظم النكاح بركة ايسرهن موئنة/ رواه مسلم) یان: (ان اعظم النساء بركة ايسرهن صداقا) یان (خير الصداق ايسرة).

وەحیکمەتیش لە کەمی مارەیی:

کەمی مارەیی بۆ ئەوەیە کە گەنجان لەکچان و کوڕان زوو ترو زۆر تر بتوانن ژیانی هاوسەری پێك بهێنن. نەك هەقە مارەیی زۆربێ و گەنج نەتوانێ ژن بهێنێ و ئەو کاتەش خراپەکاری و ڕەوشت نزمی و بەرهەڵدایی سەر هەڵبداو پەیدا ببێ ..

– کەمی مارەیی نابێ لە (١٠) درهەم کەمتر بێ. (لامهر أقل من عشرة دراهم) رواه البيهقي).

– هەر چەند لای پێشەوا شافعی و (ر) حەنبەلیەکان سنوور بۆ کەمی مارەیی نییە– هەر چەندێکی بێ هەر دروستە. بەڵام دەبێ ئەو شتە بۆ مارەیی



# موسڵمانانو زانست

د. مەلا محمد حسن

ئیسلام یەك لەو بەرنامانەیە، كە لەسەرەتای سەرهەڵدانو پەیدابوونیەوە بە زانست پرشنگی داوەو بڵێسەی روناكیەكەی پێ داگیرساندووە، هەر لەیەكەم نیگاو هاتنە خوارەوەی فرمانی خواوە بۆ پێغەمبەرەكەی (درودی خوای لەسەر بێت) خوێندنەوەو فێربوون پێشەنگ بووەو دەرسی هەموو مرۆڤایەتی داداوە، كە خوێندنو زانست چ پێویستیەكی حەتمیو گرنگی مرۆڤە، بۆیە ئەم بەرنامە پیرۆزە گەورەترین بایەخی بەم بوارە داوەو خەڵكی هانداوە بە هەموو شێوەیەك باوەش بە زانست دا بكەنو سوودی لێ وەربگرنو هەموو بونەوەر، كە خوای گەورە لەبەر مرۆڤ دروستی كردووە شارەزابنو بۆ خزمەتی خۆیان بەكاری بهێنن لەم سۆنگەیەوە دەمەوێ بڵێم، كەشوێنكەوتوانی ئەم بەرنامەیەو هەڵگرانی پەیامی خوا لەپێش هەموو كەسێكەوە لەسەر ئەم زەویە هیچ نەبێ وەك وەفایەك بۆ بەرنامەكەیان پێویستە سەرچاوەی هەموو زانستو رۆشنبیریەك بنو بە هەموو جیهاندا بڵاوی بكەنەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم بارودۆخی شوێنكەوتوانی ئەم بەرنامەیە، كە ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی پێكدێنن، كە بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی سەرچاوەی بڵاوكردنەوەی زانست بن كەچی لە بارودۆخێكدان، كە مایەی بەزەیینو هیچ كەس ئیرەییان پێنابات بگرە بە جۆرێكن، كە هەڵسوڕاوی كەسانی خاوەن زانستو تەكنەلۆژیای تازەن كاتێك دەڵێن ئیسلام ئەوا دەریایەكی زۆر فراوانی زانستو رۆشنبیریو پێشكەوتن دێتە بەرچاومان، كە قوڕئانە، ئەو قوڕئانەی كە نیگای راستەوخۆی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەكان فێری هەموو شتێكیان دەكاو گەورەترین پاڵنەریانە بۆ بەدوادا گەڕانو لێكۆڵینەوەو بە دەستهێنانی زانیاری، بۆیە دەبێ موسڵمانانو شوێنكەوتوانی قوڕئان ئەم كانیاوە بەنرخە بكەنە تاقیگەی لێكۆڵینەوەو سەرچاوەی زانست.

كاتێك سەیری مێژووی موسڵمانان دەكەین لە رۆژی دەركەوتنی تیشكی قوڕئانەوە كاتێك وەك سەرچاوەیەكی مەزن سودیان لێ وەرگرتووە گەورەترین پێشكەوتنیان بەخۆوە بینیوەو دەسەڵاتی زانستیو رۆشنبیری خۆیان بەسەر هەموو جیهانداسەپاندووەو لە هەموو لایەكی دونیادا رەنگی داوەتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە لەم سەردەمانەی دواییدا موسڵمانان كەوتنە پاش كاروانی پێشكەوتنو لە دۆخی چەقبەستوی قەتسیماودا مانەوەو تەنیا بۆیانكرا لەرێگای شاشەكانی سەردەمی تەنكنەلۆژیاوە سەیری ئەم پێشكەوتنەی ئێستا بكەنو لە قوژبنەكانی ناوچەكانیان دابنیشنو چاوەڕێی سۆزو بەزەیی دوژمنەكانیان بكەن، كە لە چارەسەر كردنی كێشەو گرفتەكانی ژیانیان یارمەتیان بدەنو خێریان پێ بكەن، كە ئەو ماددەو كانزاو كەلوپەلە گرانبەهایانەی، كە خوا لە وڵاتەكانیاندا دروستی كردووە دەری بهێننو بیبەن پاشانیش بە مننەتێكی زۆرو باراندنی رەحمەتی خۆیان پێیانبدەنەوەو ئەوانیش زۆر سوپاسیان بكەن، ئەوە گرفتەكەمانە كە ئێمە لەجیاتی ئەوەی قوڕئان سەرچاوەمان بێتو خۆمان راستیەكان لێ هەڵێنجینو بتوانین لێیەوە پێشبكەوین، كەچی دوژمنانی قوڕئان هەموو زانیاریەكانی لێ وەردەگرنو ئێمەی بێ ئاگاش كە ئەوان شتێكیان دۆزیەوەو لە قوڕئان وەریان گرتبوو ئەگەر كەسێكی بەناو زانامان هەبێت لەوانەیە فەخرو شانازیەكی زۆر بەخۆیەوە بكاتو ئەوان ئەو شتەیان دۆزیوەتەوەو بە گرنگی دەزانن، كەچی ئەوەتا هەزارو ئەوەندە ساڵەیە قوڕئانی ئێمە ئاماژەی پێداوە.

بێ ئاگا لەوەی كە ئەمان لە بنچینەدا لەم قوڕئانە وەریان گرتووەو ئەم داهێنانە ناوازەیان لێ دروستكردوە، لەوانەیە هەندێك كەس ئەو قسەیەی منی بەلاوە سەیر بێت كەچۆن دەكرێ ئێمە موسڵمان ئەم قسەیە بكەین، بەڵام ئەمە راستیەكەیە كە ئێمەی موسڵمان ئەگەر هاتو شتێكمان بیست لە وڵاتانی بێگانەوە هەستمان كرد لە قوڕئاندا هەیە ئەوجا دەڵێین ئەوە لە بەرنامەی ئێمەشدا باسكراوە، لەكاتێدا ئەم قوڕئانە پیرۆزە لای ئێمەیەو بە ملیۆنان دانەی چاپكراوی هەیەو لەمزگەوتو ماڵكاندا دانراوەو بگرە دەشخوێنرێتەوە، كەچی تا ئێستا نەمانبیست موسڵمانێك یان حكومەتێكی بەناو ئیسلامی لێكۆڵینەوەیەك بكات یان بیردۆزەیەك دابنێتو خەڵكانی تر بڵێن موسڵمانان ئەمەیان داهێناوەو لە قوڕئان وەرگیراوە.

ئێمە چەندین زانای زۆر بەناوبانگو مەزنمان هەیە لە مێژووی ئیسلامدا، كە بناغەدانەری زۆربەی زانستەكانن لەبواری (ئەندازە، پزیشكی، كۆمەڵایەتی، زانستی. هتد....) كەچی زۆر بەداخەوە وەك موسڵمان نەمانتوانی بیگەینینە چڵەپۆپەو كارە پیرۆزەكانیان تەواو بكەینو خەڵكانی بێگانەو نا موسڵمان سودیان لە بەرهەمە زۆرەكانیان بینیو بایەخی گەورەیان پێداو ژیانی مرۆڤایەتیو جیهانیان وەها گۆڕی، كە لە دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە بە خەیاڵی هیچ كەسێكدا نەهاتبێت.

ئەمە بۆچی موسڵمانان نەیانكردو نەیانتوانی لە رێگەی ئەم تەكنەلۆجیاو پێشكەوتنە گەورەیەی ئێستا لە وڵاتانی تردا هەیە ئەوان خاوەنی بونایەو بوبانەوە سەردەستەی جیهانو رووی گەشی پیرۆزی قوڕئانو وتە شیرنەكانی پێغەمبەرە بێ وێنەكەی ئیسلام بەم شێوەیە دیسان پیشانی خەڵك بدەنەوەو لە وڵاتە دوورەكانەوە قوتابیان بنێرن، كە موسڵمانان فێری زانستو پێشكەوتنیان بكەنەوەو بچنەوە وڵاتەكانی خۆیان روناكی بڵاو بكەنەوە؟

بۆچی پێمان نەكرا؟ هەڵبەتە هۆكار

گەلێکی زۆر لە پشت ئەمەوە هەیە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دڵسۆزی بێ وێنە هەیە تا هۆکارەکان دیاری بکاتو ئەگەر لەدەستدا مابێت چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، لێرەوە حەزدەکەم چەند هۆکارێکی کەم بخەمە روو، کە پێم وایە رۆڵیان هەبووە لەم بارودۆخەی موسڵمانانی تێکەوتووە:

١- دوورکەوتنەوەی موسڵمانان لە قورئانو گوێ پێ نەدانی کە لەجیاتی خوێندنو شارەزابوون لە قورئان بۆ دەرهێنانی راستیە زانستیەکانو وەرگرتنی واتا قوڵەکانیان، کە لەهەمانکاتدا بەهێزترین پردی پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگار دروست دەکات، کەچی خوێندنەوەی سدادەو بێ لێکۆڵینەوەو بێ تێگەیشتن بووە رۆتین، کە گوایە بۆ پاداشتی خواو وەرگرتنی خێرە بێ ئاگا لەوەی پاداشتی مەزن لە قوڵبوونەوەی واتا پیرۆزەکانیدایە؟

٢- چەقبەستوویی موسڵمانانو خۆ خەریك کردنیان بە چەند شتێکی لاوەکیو سادەو دەست بەسەر داگرتنی هەندێ کەس بەسەر فتواو قسەکردن لەسەر حەلاڵو حەرام، کەلەبەر کێشەو گرفتی ناوەخۆییو خەریك بوون بە چارەسەر کردنی ئەم شتانە بناغەکەیان لەبیر چۆتەوەو شتە سەرەکیەکەیان لەدەستداوە، دەبینی زۆر جار بابەتێکیان قەدەغەو حەرام کردووەو وازیان لێ هێناوە کەچی پاش ماوەیەك لەوانەیە وەك پێویستیەکی گرنگ سەیریان کردبێو خەڵکیشیان بۆ هاندابێ، بێ ئاگا لەوەی خەڵکانی تر بێ سڵمینەوەو بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەو بەدوا گەڕانن بۆ دۆزینەوەی ئەو راستیانەی ، کە تەنانەت قورئانی پیرۆز باسی کردوونو پێویستە مرۆڤ سودیان لێ وەرگربێ.

٣- خەریك بوونی موسڵمانان بە بەدەستهێنانیماڵو سامانو بوونە پاشکۆی خەڵکی تر، کە ئەمەش ئەوپەڕی سادەییو ساویلکەیی دەسەلمێنێ، هەر ئەم سادەییەشە وایکردوە گەلانی موسڵمان لەوپەڕی هەژاریدا بژین لە کاتێکدا گەورەترین هەوڵیش دەدەن بۆ سامان، کاتێك لە کۆمەڵگایەکی هەژاری لای خۆمان ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چەند ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاکەو تاکەکانی لاوازە بەجۆرێك هەر کەسێك بیەوێ زۆر ئاسان دەتوانێ بەکاریان بێنێو بە جۆرەها ناوەوە سودیان لێ وەر بگرێت.

کاتێك لە هۆکاری ئەمەش بپرسین راستەخۆ دەڵێن موسڵمانان دوژمنیان زۆرەو ئەوانن دوبەرەکی دەخەنە ناو موسڵمانانو ناهێڵن بێ کێشە بنو بگەنە ئاستی گەلانی پێشکەوتوو، بەڵێ ئەوە بەڵگە نەویستە دوژمنان وامان لێ دەکەن بەڵام نیگەرانیەکە ئەوەیە بۆچی دەبێ ئێمە بگەینە ئاستێك دوژمنان بە ئارەزووی خۆیان چیان بوێ پێمان بکەن بۆ دەبێ ئەوەندە بێ ئاگاو ناهۆشیار بین کارێکمان پێ بکەن کورد




گووتەنی ئۆخەی لە ژیانی خۆمان نەکەین.

من تەنها باسی نەتەوەی کورد ناکەم کە لەبەر هەژاریو ساویلکەیی خۆی بە درێژایی ژیان کەساسو ژێر دەستەو لێ قەوماو بووە بەڵکوو مەبەستم زۆربەی ئەو گەلانەیە، کە هاوشێوەی کوورد هەژارو دواکەوتونو خۆشیان بە پێشکەوتوو دەزانن، کە بەداخەوە ئەوانە جێگای بەزەیین کە بۆچی ئاوایان لێ هاتووە، وەك ئەوە وایە مامۆستایەك قوتابیەکی هەبێو پاش ماوەیەك قوتابیەکە ببێتە مامۆستای مامۆستاکەیو بە ئارەزووی خۆیو بێ ویستی مامۆستاکەی بەکاری بهێنێ، کە حاڵی ئێمەی موسڵمانان بەم شێوەیە.

سەردەمێك زاناو فەیلەسوفەکانی ئێمە مامۆستای هەموو جیهانو ئەوڕوپا بوون کەچی ئێستا موسڵمانان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە قوتابیەکانیان بنێرن لە زانکۆیەك یان هەر کۆلانێکی ئەوڕوپا دوو وشەیان فێر بکەن بە گەورەترین شانازی ژیانی دادەنێن، زانایانی سەردەمی پێشووی موسڵمانان نوسراوو بەرهەمی ئەوەندە بەنرخو گرنگیان هەیە، کە بۆ چەندین سەدە لە زانکۆ هەرە پێشکەوتوەکانی دونیادا بە مەنهەجی تەواو خوێنراونو سودیان لێ بینراوە.

بەڵام ئەمە چ سودێکی هەیە کە ئێمە بە وتە شانازی پێوە بکەین! کاتێك ئێمە نمانتوانی سوود لەم خەزێنەیە وەربگرینو لە ژیاندا بۆ خزمەتی خۆمانو خەڵکی تر بەکاری بهێنین، کەواتە هی ئێمە نیە با لە مێژوودا لە ناوچەکانی ئێمە بوبن، تەنها مەگەر بۆ ئەوەبێ کە بەخۆماندا بێینەوەو ئارەقەی ناوچاوانمان بسڕینو دەست بە کاری تازە بکەین ئەگەر نا بەڕای من نەك نابێ شانازی پێوە بکەین بەڵکو شەرمە هەر باسیشی بکەین.

چونکە بابو باپیرانمان لەو سەردەمانەی ئەو کاتەدا ئەو پێشکەوتنە گەورەیان هەبوبێ کەچی ئێمە لەم سەردەمە ڕوناکەدا ئاوا دواکەوتوو ژێردەستو بێ زانست بین چۆن ڕومان بێت چاومان هەڵێنین بەرامبەر قورئانو پێشینەکانمان؟ بەڕاستی دەبێ موسڵمانان بەئاگا بێنەوەو هەست بکەن نەك هەر لە خەودان بەڵکو لەلایەن دوژمنەکانیانەوە دەرمانی سڕکەریان لێ دراوەو بێ هۆش کراون بەجۆرێك وامان لێ هاتووە میللەتێك راپەڕێتو سەرکەوێت دەڵێین هەمووی دەستی فلان وولاتە.

سەرکردەیەك دەیان ساڵ ستەم لە گەلەکەی بکاتو کەس قسە نەکات هەر دەڵێین خەتای ئەو ولاتە زلهێزەیە، شەڕی ناوخۆی ولاتێك دروست ببێ دیسان دەڵێین فلان ولاتو هێزە، ستەمکارێك لەناوبرێو خەڵك لەدەستی ئیسراحەت بکات هەر تاوانی ئەم ولاتانەیە.... هتد باشە ئێمە چین؟ چ واتایەك بۆ بوونی ئێمە هەیە؟ ئیتر تاکەی بەم جۆرە بین؟ بەس نەبێت تاوانبار کردنی خەڵك؟

بۆ ناڵێین تاوانەکە هی خۆمانە، کە ئاوا ئەڵقە لە گوێی فلان ولاتو کەسو هێزین؟ بۆ وریا نەبینەوەو هەموو تاوانەکەی نەدەینە پاڵ خۆمانو بڵێین میللەت وریابن خەریکی زانستو خوێندن بن، هەموو هەوڵێکتان تەنیا بۆ ژیانی بە ڕوخسار خۆش نەبێ، بە هەر جۆرێك دەست دەکەوێت بە دیلیو کۆتیو ژێر دەستەیش بێ قەیناکە.... ئەمە کەی رەوایە موسڵمان هەموو شتێك لە ولاتی بێگانە بێنێتو نەتوانێ بچوکترین ئامێرو کەلوپەل بۆخۆی دروست بکات لە کاتێکدا لە دینەکەماندا دروست نیە، خوای گەورە رێگەی راستی نیشانداوین رێگەیەکی روناكو درەشاوە بە فەرمایشتەکانی خۆییو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لێ بێ) ئەوەی لە ئێمە داوا کراوە بەو رێگایەدا بڕۆینو بگەینە سەرچاوە.

# دە رۆژە پیرۆزەکەی مانگی ذوالحجەی پیرۆز

محمود محمد مجید- مزگەوتی کۆمەڵگای گەلالە- سۆران




**لەبەر پیرۆزی رۆژە سەرەتاکانی مانگی ذي الحجە بە پێویستم زانی کەچەند شتێکی بە سوود لەمبارەوە بنووسم بەزمانی شیرینی کوردی بۆ ئەوەی موسلمانان ئەم رۆژانە بەگەورەیی و پیرۆز رابگرن کە یادی باپیرەی پێغەمبەرانە حەزرەتی ئیبراهیم( d )، وەهەولم داوەکورتەیەکی پوخت بێت و زۆر زانیاری بە سوودی تێدابێت بەچەشنێك ئاسان و سادە هەموو تەمەن و ئاستێك سوودی لێوەربگرن.**

بەرێزان: ئەم رۆژانە رۆژی زۆر پیرۆزن لە ئایینی ئیسلامدا، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر( d ) زۆر باسیان کردووە زاناو پیاو چاکانی ئەم ئوممەتە زۆر بایەخیان بەم رۆژانە داوە، ئێمەش لێرەدا گولبژێرێك لە قورئان و فەرموودەو قسەی زانایانی ئەسحابە و تابعین دەکەین و پشت بە خوا دەڵێین :

١- قال الله تعالى: ﴿وَالْفَجْرِ وَلَيَالٍ عَشْرٍ والشفع والوتر﴾. ئایەتی ٣ سورة الفجر. تەماشای تەفسیری ابن كثير وطبري بكە

لەسەرەتای ئەم سورەتە خودا سوێند بە بەیان و دەشەوەکە و جووت و تاك دەخوات، ابن عباس چحاك و موجاهد ئەم زانا بەرێزانە وایان تەفسیر کردووە (الفجر) رۆژی عەرەفەیە (ليال عشر) دە شەوەکەی سەرەتای ذو الحجە یە (الشفع) رۆژی جەژنی قوربانە (الوتر) رۆژی عەرەفاتە. تەماشای تەفسیری ابن کثير(٨-٣٩٠) وطبری(٢٤-٣٩٦) بكە.

٢- قال الله تعالى: ﴿ويذكروا اسم الله في أيام معلومات﴾. (٢٨). سوره الحج واتە بۆ ئەوەی یادو ستایشی خودا زۆر بکەن لە رۆژانی زانراو ابن عباس، والشافعي والجمهور فەرموویانە رۆژانی زانراو: "دە رۆژەکەی ذو الحەجە یە".

٣- قال الله تعالى: ﴿وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾ الأعراف: ١٤٢. ئێمە وادەمان بەموسا دا بەسی رۆژ، پاشان دە رۆژی ترمان زیاد کرد وادەی نێوان خوداو موسا بە چل رۆژ تەواو بوو، موجاهد دەلی دەرۆژەکەی زیاد کرا بە بەرۆژووبوونی دەرۆژەکەی سەرەتای ذی الحجە بوو تەفسیری طبری (١٣-٨٦).

٤- قال تعالى: ﴿والسماء ذات البروج واليوم الموعود وشاهد و مشهود﴾ سورة البروج ١، ٣ واتە سوێندبە ئاسمانی بورجدارو بە رۆژی بەڵێن پێدراو و ئەوەی دەبینرێ و ئەوەی نابینرێ ، چحاك و موجاهد لە ماموستایانی تەفسیر دەڵێن (اليوم الموعود) رۆژی قیامەتەو (شاهد) رۆژی هەینی یە و (مشهود) رۆژی عەرەفەیە. تەفسیری ابن کپیر (٨-٣٦٣)

بەرێزان: لەتەفسیری ئەم ئایەتانە بۆمان روون و ئاشکرا بوو کە ئەم دە رۆژە پیرۆزە بە بێ حیکمەت سوێندی پێ نەخوراوە، بەبێ حیکمەت لە قورئان دووبارە نەبۆتەوە.

ب- فەرموودەکانی پێغەمبەر( d ):

١- عن جابر، عن النبى قال: ﴿أفضل أيام الدنيا أيام العشر﴾. صحيح الجامع رقم (١١٣٣). پیرۆز ترین و چاکترین رۆژەکانی دونیا دە رۆژەکانی ذو الحجە یە.

٢- عن سعيد بن جبير رحمه الله، عن ابن عباس رچى الله عنهما عن النبى( d ) أنه قال: ﴿ما العمل في أيام أفضل منها في هذه، قالوا: ولا الجهاد في سبيل الله؟ قال: "ولا الجهاد إلا رجل خرج يخاطر بنفسه وماله فلم يرجع بشيء﴾. رواه البخاري في كتاب العيدين برقم (٩٦٩). ابن بطال دەڵێ: کردەوە چاکەکان لەهیچ رۆژێك پاداشتیان گەورە نین وەك ئەم دە رۆژە گوتیان ئەی پێغەمبەری( d ) خودا هەتا جیهاد کردنیش؟ فەرمووی بەلێ جیهاد کردنیش ئەوە نەبێت پیاوێك بەسەرو مال بچێتە جیهاد کردن لەوێش نەخۆی نەمالەکەی نەگەرێتەوە واتە مالەکەی بۆ خوا ببەخشی و خۆیشی شەهیدبێت. (٢/٤٦٠) فتح الباري. ئەم فەرموودەیە جگە لەبوخاری لە صحيح/ صحيح سنن الترمذي، (٧٥٧)" صحيح سنن أبي داود، (٢٤٣٨)" صحيح سنن ابن ماجه (1753). جامع الأصول في أحاديث الرسول صلى الله عليه وسلم،.[(6863) هاتووە، وە طبراني لەمعجم الكبير ئەمەی زیاد کردووە (فاكثروا فيهن من التسبيح والتحميد والتهليل والتكبير) الترغيب والترهيبج ٢-ص١٩٨. واتە لەم رۆژانە زۆر سبحان الله والحمدلله ولا الە الا الله والله اكبر بکەن.

* ابن تیمیە فەرموویەتی: دەرۆژەکەی ژو الحجە لە دە رۆژەکەی کۆتایی مانگی رەمەزان پیرۆزترە، بەلام دە شەوەکەی کۆتایی رەمەزان لەدە شەوەکەی ژو الحجە پیرۆز ترە، چونکە لیلە القدری تێدایە مجموع الفتاوی (٢٥/٢٨٧).

جا خۆشەویستان ئەم رۆژانە بە هەرچی کردەوەی چاکە برازێننەوە لە نوێژی جەماعەت و خوێندنی قورئان و نوێژە سوننەتەکان و خزمەتی دایك و باوك، خێرو سەدەقەو بەرۆژوو بوون،و جۆرەکانی زکر و یادی خودا و سەلەوات دان لەپێغەمبەر( d )و زۆر الله اکبر کردن لەهەموو کات و سات هەروەك خوای میهرەبان فەرموویەتی:

﴿ويذكروا اسم الله في أيام معلومات﴾. سورة الحج (٢٨). بازۆر زکرو یادی خودا بکەن لەرۆژانی زانراو ئیمامی شافعی و جمهوری زانایان گوتویانە مەبەستی رۆژانی دەی ژو الحجە یە.

بەڵێ هەروەك لە فەرموودەی رابردوو بەرچاومان کەوت خێرو پاداشتی کردەوەی چاك لەم رۆژانە، پێش برکێ لەگەڵ پاداشتی جیهادو شەهید بوون لەریگای خودا دەکات، چۆن موسلمانی ژیر ئەم هەلە لە دەست دەدات و تەرازووی کردەوەکانی پێ پرناکات بۆیە ابن عباس دەیفەرموو: لەم شەوانە

چـراكانتان مەكوژێننـەوە چـونكە حـەزی بـە خواپەرسـتی ئێوەیـە، هــەروەها سـەعیدی كوری جوبەیر مامۆستاو رابەری تابعینـەكان كە ئەم دە رۆژە دادەهات ئەوەنـدە خـۆی بـە خواپەرسـتی و كـاری چـاك مانـدوو دەكـرد دەمـانگووت زۆر زەحمەتـە بتـوانێ. بـەرێزان ئەم هەلـە لەدەسـتە خۆتـان مـەدەن، منـیش بەچەند فەرموودەیەك دلتان خۆش دەكەم:

١- نوێـژی بـەیانی بەجەماعــەت بكــەو لەمزگەوت بمێنەوە تادوورەكەعەتی رۆژهەلات دەكەی:

" من صلى الغداة في جماعة، ثـم قعـد يـذكر الله حتى تطلع الشمس، ثم صلى ركعتين كانت له كأجر حجة وعمرة تامة تامة تامة" (صحيح الترمـذي: ٥٨٦) هەركەسـێ نویـژی بـەیانی بەجەماعـەت بكـات پاشـان دابنیـشێت زكـری خـودا بكـات تـارۆژ هەلـدێت و پاشـان دوو رەكەعەت نوێژی سوننەت بكـات، پاداشـتەكە وەك حەج و عومرەیەكی تەواو تەواوە.

٢- أخرج أبـو يعلـي بـسند جيـد: أن رجـلاً جـاء إلى رسـول الله ( d ) وقـال: إنـي أشـتهي الجهاد ولا أقدر عليه، قال: هل بقي من والديك أحد؟ قال: أمي، قال: قابـل الله في برهـا، فـإن فعلت فأنت حاج ومعتمر ومجاهد".

**پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر گوتی حەزم لە جیهادكردنـەو نـاتوانم پێغەمبـەر فـەرمووی دایـكو باوكـت كەسـیان مـاوە گـوتی بـەلێ دایكم، روو لەخواكە بەخزمەتی دایكت، ئەگەر وات كرد تۆ حاجی وعومرەدارو موجاهیدی.**

٣- "من صام يومـاً في سـبيل الله باعـد الله وجهه عن النار سـبعين خريفـاً" رواه البخـارى ومسلم في صحيحيهما. **هەركەسێك یەك رۆژبـۆ خوا بەرۆژوو بێت، خـودا حـەفتا سـال رێگـا رووی ئەو لەئاگر دوور دەخاتەوە.**

**٤- "من صلّى علىّ واحدة صلـي الله عليـه عشراً".** هەركەسێك جارێك سەلاوات لەسەرمن لێبـدات خـودا دەجـار سـەلاوات لەسـەر ئـەو لێدەدات.

**٥- "من قـرأ حرفـاً مـن كتـاب الله فلـه بـه حـسنة، والحـسنة بعـشر أمثالهـا، لا أقـول ألم حـرف ولكـن ألـفٌ حـرف، ولام حـرف، ومـيم حرف" (صحيح الترمـذي: ٢٩١٠)** هەركەسـێك پیتێـك لــەقورئان بخــوێنی خێرێكــی بــۆ دەنووسرێ، وەخێرەكـان یـەك بـە دە هەنـدی خۆیانن، نالێم **ألم** یەك پیتە بەلكو **ألِفٌ پیتێكە لام پیتێكە میم پیتێكە.** بۆ نموونـە خوێنـدنی سورەتی الاخلاص (قـل هـوالله)بـە بـسم الله وە ٦٦ پیتە واتـە ٦٦٠ خێـر، وە ئایـەتی الكرسـی ١٧٠ پیتە خوێندنی دەكاتە ١٧٠٠ خێرە.

* بـەرۆژوو بـوونی هـەر نـۆ رۆژە كـە. بـە رۆژوو بــوونی هــەر نــۆ رۆژ ی ســەرەتای ذوالحجە لەراستیدا تـەنها ئـەم فەرموودەیـەی پێغەمبەری( d ) لە سـەرە،ابو داود پەسـندی كردووە،و هەندێ لەزانایان ئەم حەدیسەیان بـەلاواز دانـاوە عـن بعـض أزواج الـنبي( d ) قالت: ﴿كان رسـول الله يـصوم تـسع ذي الحجـة ويـوم عاشـوراء وثلاثـة أيـام مـن كـل شـهر، اول الاثـنين مـن الـشهر والخمـيس﴾.. نـووی شـرح صـحيح مـسلم (٨/٧١-٧٢). لـە یـەكێ لـە خێزانــەكانی پێغەمبــەر( d ) فــەرمووی: پێغەمبەر ( d ) نۆ رۆژەی ذو الحجة وعاشـورا (١٠ ی موحــەرەم) ســێ رۆژ لەهــەرمانگێك (١٣-١٤-١٥) دووشەممەو پێـنج شـەممە بـە رۆژوو دەبـوو. پاشـان ئیمـام نـەوەوی دەلی: بـەرۆژوو بـوونی ئـەم رۆژانـە زۆر خێـرن بـە تایبــەتی رۆژی عەرەفــە، هــەروەها ابــن عیيمنهەمان رای هەیە.

رواه أبو داود وهذا لفظه صححه الألباني في صحيح أبي داود:٢٤٣٧)، وأحمـد، والنـسائي، بسند صحيح صححه الألبـاني عـن هنيـدة بـن خالـد "أربـع لم يكـن يـدعهن رسـول الله( d ) صـيام عاشـوراء، والعـشر -يعـني مـن ذي الحجة- وثلاثة أيام مـن كـل شـهر، والـركعتين قبل الغداة". چوار شت هیچ كاتێـك پێغەمبـەر تەركی نەدەكردن بەرۆژوو بـوونی عاشـورا،نۆ رۆژەی ذوالحجـە، بـەرۆژووو بـوونی سـێ رۆژ لەهــەرمانگێك، وە دوورەكەعــەت ســوننەت پێش نیوەرۆ.

تێبینی: جابزانن ئەم فەرمووده: عن عَائـِشَة -رضـي الله عنهـا- قَالَـتْ :مَـا رَأَيْـتُ رَسُـولَ اللَّهِ( d ) صَامَ الْعَشْرَ قَـطُّ. رواه البخـاري واتـە عائَشة فەرموویەتی هیچ نەمبینیوە پێغەمبەری خودا هەردە رۆژەكە بە رۆژوو بێت.

دژایەتی لەگەلێ فەرموودەكانی پێشتر نیـە، چونكە رۆژی دەیەم جەژنە رۆژوو حەرامە، وە لەلایەن زانایانی اصول و حەدیس (میبت) لـە پێشترە لە(نافی) واتە ئەگەر دوو فەرموودەی صـحیحمان هـەبوو وەكـو دەیبیـنن یـەكیان باسی لە چەسپاندنی حوكمێك دەكرد ئـەوەی تـر نـەفی حوكمەكـەی دەكـرد زانایـان ئـەو فەرمووده لەپێشتر دادەنێن وكاری پێدەكـەن كــە چەســپاندنی حوكمەكــەی تێدایــە ،زۆر تێبینــی تــریش هەیــە كــە لەسەرچــاوەكانی فەرمووده زانایان باسیان كردووە.

* خێـرو پاداشــتی بـە رۆژووبـوونی رۆژی عەرەفە: **عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الأَنْـصَارِيِّ رضـي الله عنـه، أَنَ النَّبِـيَّ صـلى الله عليـه وسـلم قَـالَ: ﴿صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ، أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ، وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ﴾.**

**صحيح مسلم، (١٩٦/١١٦٢)" وصحيح سنن الترمذي، (٧٤٩)" وصـحيح سـنن ابـن ماجـه (١٧٥٦).** بروانــە **جـامع الأصـول، (٤٤٦٣) وعَنْه رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ الله صلى الله عليه وسلم سُئِلَ عَنْ صَوْمِ يَوْمِ عَرَفَةَ، فَقَالَ : يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ وَالْبَاقِيَةَ. صحيح مـسلم، (١٩٧/١١٦٢).**

**وعَنْ قَتَادَةَ بْنِ النُّعْمَانِ، رضي الله عنه، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: مَنْ صَامَ يَوْمَ عَرَفَةَ غُفِرَ لَهُ سَنَةٌ أَمَامَـهُ وَسَنَةٌ بَعْدَهُ. صحيح سنن ابن ماجه،** (1757) **ئیمام نەوەوی فەرموویەتی (شـرح صـحيح مـسلم، ٤/٣٠٨ ):** خـوای گـەورە لـەگوناهی دووسـالی ئەوكەسـە خـۆش دەبێـت كـە رۆژی عەرەفـە بەرۆژوو دەبێـت ،زیـاتریش مەبەسـت گوناهـە بـچوكەكانە، ئەگـەر گونـاهی بـچوكی نـەبوو گوناهـە گـەورەكان رەش دەكاتـەوە ،ئەگـەر گوناهیشی نەبوو دەرەجەو پلەی لەلای خـودا بەرز دەبێتەوە.

هـــەروەها ابـــن حجـــر فەرموویـــەتی: بـەرۆژووبوونی عەرەفـە لـە بـە رۆژوو بـوونی عاشـــورا خێـــر تـــرە چـــونكە عاشـــورا بـــۆ موسا( d ) بووە بەلام عەرەفە بۆ محمد فـتح البارى (٤/٢٤٩).

هــەروەها پرسـیاریان لــە عبـدالله ی كـوری عومەر كرد دەربارەی رۆژووی عەرەفە لەوەلامدا گـوتی: "كنـا ونحـن مـع رسـول الله( d ) نعدلـه بصوم سنتين". صحيح الترغيب (١٠١٤).ئێمە لە گەل پێغەمبەر( d ) بەیەكسانمان دادەنا لە گەل بە رۆژوو بوونی دوو سالێ.

بــەرێزان: باحیـسابێك بــەوردی بــۆ رۆژی عەرەفــە بكــەین تــا باشــتر تێبگــەین لــە فەرموودەكـە: **یــەك رۆژ گونـاهی دوو سـالێ رەش دەكاتەوەكەواتە:**

بـــەرۆژوو بـــوونی ١٢ كاتـــژمێر = بـــە لێخۆشبوونی ٢٤ مانگ.

بـــەرۆژوو بـــوونی یـــەك كاتـــژمێر = بـــە لێخۆشبوونی دوو مانگ

واتـــە بـــەرۆژوو بـــوونی ١خولـــەك = بـــە لێخۆشبوونی یەك رۆژ

جا مرۆڤی ژیـر بـا بزانـێ كـات بـە فـیرۆدان یانی چی..

* بەرۆژووبونی رۆژی عەرەفە بۆ حاجیـانی مالی خودا پەسەند نییـە و زۆربـەی زانایان بـە مەكروهیان داناوە نیل الأوطـار (٤/٣٢٣-٣٢٥) ئەمەش رای شافعی و مالك و سـفیان الپـوری و ابن قدامەیـە- المغـنی (٣/١١٢) وە هەنـدێ لـە زانایان ئەم فەرموودەیەیان كردۆتە بەلگـە عـن أم الفضل بنت الحارث، "أن ناسا تماروا عنـدها يوم عرفـة في صـيام رسـول الله صـلى الله عليـه وسلم، فقال بعـضهم هـو صـائم، وقـال بعـضهم ليس بصائم، فأرسلت إليه بقدح لبن وهو واقـف على بعيره بعرفة فـشربه". رواه البخـاري بـرقم (١٥٧٥)، باب الوقوف على الدابة بعرفة، ومسلم برقم (١١٢٣)، باب استحباب الفطـر للحـاج يـوم عرفـة.واتـە خـەلكێك بـووە موناقەشـەیان كـە ئەمرۆ لە عەرەفە پێغەمبەر( d ) بەرۆژووە یان نا، هەندێ گوتیان بە رۆژووە و هەندێ گوتیـان بە رۆژوو نییە، منیش قاپێك شیرم بۆ رەوانـە كـرد كەلەسـەر وشـترەكەی راوەسـتابوو لـە عەرەفە خواردی یـەوە.هـەروەها لـە عبـدالله ی كوری ئیمـامی عومـەر دەگێرنەوەكـە دەیگـوت رۆژی عەرەفـە لەحـەج بـەرۆژوونابم چـونكە نـە پێغەمبـەر( d ) ونــە ابــوبكر و نــە عومــەر و عوپمان رەزای خوایان لێبێت بە رۆژوو نەبوونـە منیش بەرۆژوو نابم ( عون المعبود شـرح سـنن ابی داود(٧/٧٥).

*رۆژانی جـەژن بـەرۆژووبوون حەرامـە : : قـال رسـول الله صـلى الله عليـه وسـلم: "أيـام التـشريق أيـام أكـل وشـرب". مـسلم بـرقم (١١٤١) صحيح أبى داود رقـم (٢١١٤).رۆژانـی تەشـریق واتـە رۆژان جـەژنی قوربـان رۆژانـی خواردن و خواردنەوەیە وعن أنس t : "نهـی عـن صـوم سـتة أيـام مـن الـسنة: ثلاثـة أيـام التشريق، ويوم الفطر ، ويوم الأضحى ، ويـوم

الجمعة مختصة من الأيام". صحيح الجامع حديث رقم (٦٩٦١)

پێغەمبەر( d ) بەرۆژوو بوونی شەش ڕۆژی لە ڕۆژەکانی ساڵ قەدەغە کرد:سێ ڕۆژەی دوای یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان ،ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ، ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان ،وە ڕۆژی هەینی بەتەنها و تایبەت لە ناو ڕۆژەکان.ئەمەش بەڵگەی ئەو زانابەڕێزانەیە، کە فەرموویانە بەهیچ چەشنێك نابێت موسلمان لە ڕۆژانی جەژنی قوربان بەرۆژوو بێت کە ئەمەش فتوای شافعی و حەنەفی و زۆربەی زانایانە شرح صحيح مسلم للنووى (١٧/٨).

بەڕێزان : زۆر فەرموودەی لاواز و بێهێز یان هەڵبەستراو و درۆ بە زمانی پێغەمبەر( d ) لە بارەی ئەم دە ڕۆژانە دانراون تکایە گوێیان پێمەدەن ئەوانەی باسمان کردن بەسە بۆ موسلمانی ژیرو خاوەن باوەر ئەمەی خوارەوەش هەندێکن لەو فەرموودانەبەناو:.

١- يروى عن أبي هريرة، عن النبي( d ) قال: **"ما من أيام أحب إلى الله أن يتعبد له فيها من عشر ذي الحجة يعدل صيام كل يوم منها بصيام سنة، وقيام كل ليلة منها بقيام ليلة القدر"**. ضعيف

٢- وفى روايه عن ابن عباس قال: قال رسول الله( d ) **"من صام العشر فله بكل يوم صوم شهر ، وله بصوم يوم التروية سنة، وله بصوم يوم عرفة سنتان "**. موضوع

٣- وفي رواية : **"صيام أول يوم من العشر يعدل مائة سنة واليوم الثاني يعدل مائتي سنة فإذا كان يوم التروية يعدل ألف عام وصيام يوم عرفة يعدل ألفي عام"**. لا يصح .

٤- وعن ابن عباس: **"صوم يوم التروية كفارة سنة، وصوم يوم عرفة كفارة سنتين". موضوع**

٥- وعن منصور بن مهاجر ، قال: حدثنا محمد بن المحرم، عن عطاء بن أبِي رباح، عن عائشة رضي الله عنها: "أن شاباً كان صاحب سماع فكان إذا هل الهلال ذي الحجة أصبح صائما فأرسل إليه رسول الله( d ) فقال ما يحملك على صيام هذه الأيام؟ قال بأبي وأمي يا رسول الله إنها أيام المشاعر وأيام الحج عسى الله عز وجل أن يشركني في دعائهم، فقال لك

بكل يوم عدل مائة رقبة تعتقها، ومائة رقبة تهديها إلى بيت الله، ومائة فرس تحمل عليها في سبيل الله فإذا كان يوم التروية، فذلك عدل ألف رقبة، وألف بدنة، وألف فرس تحمل عليها في سبيل الله إذا كان يوم عرفة، فذلك عدل ألفي رقبة، وألفي بدنة، وألفي تحمل عليها في سبيل الله، وصيام سنتين قبلها، وسنتين بعدها". موضوع وەدەتوانی بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن لەم بوارە تەماشای ئەو سەرچاوانە بکەی (تنزيه الشريعة الكاملة ،وتذكرة الموضوعات ،والالىء المصنوعة ،والكامل)٠

تێبینی :

١- ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی قەبول بونی دوعایە وەرەحمەتی خودا وەك لیزمەی باران بۆ موسلمانان دێتە خوار، وە ڕۆژی لێخۆشبوونی گوناهەکانە، بۆیە زۆر دوعاوپارانەوەبکە٠وەك لەم فەرموودە هاتووە " ما من يوم أكثر من أن يعتق الله فيه عبيداً من النار من يوم عرفة، وإنه ليدنو ثم يباهي الملائكة فيقول: ما أراد هؤلاء".رواه مسلم **هیچ ڕۆژانێك هەندی ڕۆژی عەرەفە خودا بەندەکانی ئازاد ناکات لەئاگر وەك لە ڕۆژی عەرفات وە لێیان نزیك دەبێتەوە پاشان شانازییان پێوەدەکات لەلای فریشتەکان دەفەرمووێت ئەوانە چیان دەوێت٠ وأخرج مالك في الموطأ عن طلحة بن عبيد الله t أن رسول الله( d ) قال:**

**"ما رؤي الشيطان يوماً هو فيه أصغر ولا أدحر ولا أحقر ولا أغيظ منه في يوم عرفة، وما ذلك إلا لما رأى من تنزل الرحمة وتجاوز الله عن الذنوب".**

**قەت شەیتان نەبینراوە ڕۆژێك وەها بچووك وسووك وریسواو تورە،وەك لەڕۆژی عەرەفە دەبینرێ،ئەوەش لەداخی ئەوەیە کەخوا بەلیزمە ڕەحمەت دەنێرێەخوار لەگوناهباران خۆش دەبێت٠بۆیە یەکێك لەتابعینەکان دەڵێ ئێوارەی ڕۆژی عەرەفە شەیتانم بینی ، تۆزاوی وئالۆزو نارێك ،توورە گوتم چی روویداوە، گوتی ئەوانەی پەنجا ساڵە گوناهمان پێدەکردن،ئەمرۆ خوا لێیان خۆشبوو.**

٢-لە تەفسیری ئەم ئایەتە ابن عباس دەفەرموێ : قال: قال رسول الله( d ): ﴿ (إن الله أخذ الميثاق من ظهر آدم بنَعْمان ـ يعني عرفة ـ، وأخرج من صلبه كل ذرية ذرأها، فنثرهم بين يديه كالذّر، ثم كلمهم قِبَلا، قال: أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ﴿الاعراف: ١٧٢، ١٧٣﴾) رواه أحمد وصححه الالباني.واتە پێغەمبەری خوا( d ) فەرمووی خوای گەورە دوای دروست کردنی ئادەم ، لە عەرەفات لەپشتی ئادەم هەموو نەوەکانی دەرهێناو پەیمانی خوایەتی و بەندایەتی لێوەرگرتن٠

٣-:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ المائدة ٣) واتە ئەمرۆ ئایینکەتانم بۆ تەواو کردن ونیعمەتی خۆم بۆ تەواو کردن وە ڕازی بووم کەئایینی ئیسلام دینی ئێوەبێت ، جولەکەیەك چووە لای عومەری کوری خەتتاب t گوتی ئەی گەورەی بڕواداران ئایەتێك لە قورئانەکەی ئێوەیە ئەگەر بۆ ئێمەی جولەکە دابەزیبا دەمانکردە جەژن عومەر t فەرمووی کام ئایەت جولەکەکە گوتی،:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ عومەر t گوتی من زۆر چاك دەزانم بەکات و شوێنی دابەزینی، لەڕۆژی هەینی لەعەرەفات بۆ پێغەمبەر( d ) هاتەخوارەوە کە ڕاوەستابوو. (رواه البخاری ومسلم).

٤- هەروەها زۆر گوتنی ئەم زکرەچونکە پێغەمبەر( d ) فەرموویەتی چاکترین زکر کە من و پێغەمبەران پێش من کەگوتبیان٠ ﴿خير ما قلت أنا والنبيّون قبلي: لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير﴾ رواه الترمذي بسند حسن .

٥-بەلای جمهوری زانایان وئیمامی شافعی سوننەتە ئەو کەسەی بیەوێ قوربانی بکات لەیەکەم ڕۆژی ژوالحجە وە دەستکاری مووەکانی لەشی نەکات لە گەل نینۆکەکانی تا قوربانی یەکەی سەردەبرێت هەروەك لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر( d )هاتووە : ﴿ **إذا دخلت العشر، وأراد أحدكم أن يضحي فلا يأخذ من شعره ولا من ظفره شيئاً﴾ رواه مسلم** صحيح مسلم مع شرح النووي ١١٩/٤ ئەگەر دەرۆژەی ذی الحجە دەستی پێکرد و کەسێك لەئێوە ویستی قوربانی بکات با دەستکاری مووەکانی جەستەی و نینۆکەکانی نەکات.

٦- هەر لە گەل دەستپێکی یەکەم ڕۆژی ذوالحجة زۆر گوتنی الله اکبر سوننەتە لەهەموو شوێنێك و کاتێك لە ڕێگا لە مال لە مزگەوت لە بازار بە شەو بە ڕۆژ هەروەك لە حەدیسی بوخاری هاتووە.

٧- قال ابن عباس رچی الله عنه قال النبی: " إن هذا اليوم من ملك فيه سمعه وبصره ولسانه غفر له " . أخرجه الإمام أحمد .هەرکەسێك لەم ڕۆژە گوێ وچاو وزمانی لەحەرام بپارێزێت خوا لەگوناهەکانی خۆش دەبێت٠

٨- لەدوای نوێژی بەیانی ڕۆژی عەرەفە تا پێش مەغریبی کۆتایی جەژنی قوربان لە دوای هەموو نوێژەکان سوننەت و فەرز بە تەنها و بە جەماعەت تەکبیر لێدان سوننەتە (الله أكبر الله أكبر لا إله إلا الله، والله أكبر الله أكبر ولله الحمد)،ئەم سیغەیە بە فەرموودوی صحیح لەئیمامی عومەروابن مسعود هاتووە.

٩- هەرکەسێك قەرزی ڕەمەزانی لەسەربێت دەتوانی ڕۆژی عەرەفە بە ڕۆژوو بێت ،وەدەتوانێت هەردوو نیەت بێنێت ، ئەمەش ڕای زۆرێك لەزانایانی شافعی یە وابن عپیمین هەمان فتوای داوە. فەتوای پێداوە.

١٠-ئەگەر ڕۆژی عەرەفە کەوتە ڕۆژی شەممە یان جومعە ،ئەوا هیچ کەراهەتی نییە بە ڕۆژووبن ، ئەم فەرموودانەی لەم بارەوە هاتووە لاوازن وقسەیان لەسەرە ،ئەمەش ڕای جمهوری زانایانی ئیسلامە ،وە لێژنەی فەتوای سەعودی ( فتاوى اللجنه الدائمه) فتوایان پێداوە فەتوای ژمارە (١١٧٤٧) و (٦٦٥٥).

**خۆشەویستان ئەمەی بەردەستتان پوختەیەکە نەك هەموو شتێکە ، لە بارەی ئەم ڕۆژە پیرۆزانە ئومێدەوارم خوای میهرەبان بە ڕەحمەتی خۆی بمان بەخشێ و موسلمانانیش لە دوعای خێر بێبەشمان نەکەن.**

**و اخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.**

***سەرچاوەکانی ئەم نامیلکە هەر یەکە لە شوێنی خۆی ئاماژەی پێکراوە بۆیە دووبارەم نەکردۆتەوە.**

### لە مەسنەوی مەعنەویی جەلالەدینی رۆمییەوە:

### ( ٣ )

# ئەو تولە سەگەی لەناو سکی دایکییەوە دەوەڕێ



هێمن عومەر خۆشناو ( شەقلاوە )

شەوێکیان سۆفییەك لەخەلوەتدا خەوی لێکەوت، لەخەونیدا لای وابوو دێڵە سەگێکی ئاوس، تولەکانی لەناو سکیدا دەوەڕن، سۆفی ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

ئەم تولانە ئاخر نە گورگ راوەدووی ناون، نە راوچیو نەپاسەوان، باشە بۆچی دەوەڕن؟ گوێی لەدەنگیگ بوو دەیگوت: ئەمە زۆر بەحاڵی ئەو نەفامو جاهیلانە دەچێ کە بەبێ عیلمو مەعریفەت دەدوێن.

کورتو کرمانجی، پێویستە قسەو بیرمان لاسایی خەڵکی تر نەبن، بەڵکو دەبێ دروستکراوی خۆمان بن، دەبێ بەعەقڵی خۆمان بیر بکەینەوەو بەباڵی خۆمان بفڕین:

ئەگەر ویستت بڕوانی، ئەوا بەچاوەکانی خۆتەوە سەیر بکەو واز لەلاساییکردنەوە بێنە، ئەگەر ویستیشت بیر بکەیتەوە، ئەوا بەعەقڵی خۆتەوە بیربکەوە نەك عەقڵی کەسی تر، ئەم مەعریفەیەش تەنیا بۆ خۆتو کەسایەتی خۆتە.

ئەی ئەم مەعریفەیە لەچی دەچێت؟ ئەم مەعریفەیە لەکانییەك دەچێت کە هەرگیز وشك نەبێت (کانییەك لەماڵەوە بێت زۆر باشترە وەك لەوەی لەدەرەوە بێت).

ئەو مەعریفەیەی هی خەڵکی ترە، وەك ئەو ئاوەیە کە لەدەرەوە بۆ قەڵایەکیان راکێشاوە، کە تەنیا لەکاتی ئاشتیدا سوودی دەبێ، بەڵام لەکاتی شەڕدا کاتێك دەوری قەڵاکە دەگیرێ، لەهەموو ئەوانەی لەناو قەڵاکەدان ئاوەکە دەبڕن، بۆیە ئەو کاتە ئاوی گەرمی ناو قەڵاکە زۆر لەئاوی سازگاری دەرەوە باشترە.

لەوێکچواندنێکی تردا، مەعریفەی لاساییکەرەوە وەك دەنگدانەوەی تاوێرە بەرد وایە، کەتەمەنێکی کورتی هەیە. مەولانا باس لەوە دەکات کە مەعریفەی راستەقینە هەڵهێنجراوی وەحییە، ئەمەش نەمرەو هەرگیز لەناو ناچێت. دەڵێ: ئایا دەگونجێ شاخ دەنگی لێوە بێت؟ هۆ کابرای ساویلکە، جگە لەدەنگی کەسانی تر، هیچ دەنگێك لە چیاوە دەرناچێت. بێگومان وتە هاوردەکراوەکانت گوزارشتە لەسەدای ئەوانی تر، بۆیە هەموو هەوڵەکانت خوازراون، کەی لەناخەوە دەنگێکی رەسەنت لێ هاتە دەر، ئەو حەلە دەتوانی بە باڵی خۆتەوە بفڕی. تەماشای ئەو تیرە بکە کە بە باڵی کەسانی ترەوە دەفڕێ، ئایا بەختی بەگۆشتی باڵندەیەك هەیە کە راوی بکات؟ باز لە شاخان راوێ دەکات، بەڵام کە بەسەر ئیرادەی خۆی زاڵ نەبێت، ناتوانێ گۆشتی پۆڕێك یان تەیرێك بخوات کە راوی کردووە، بەڵکو دەبێتە نسیبی سوڵتان، بۆیە هەر قسەیەك کە هەڵقوڵاوی وەحی نەبێت، گوزارشتە لە بڵقو هەواو وەك گەردو غوبار وایە، گوتەی پێغەمبەر(د.خ) فانی نییە، بەڵکو نەمرە، چونکە لە هەواو ئارەزووەوە هەڵنەقوڵاوە،و هەڵقوڵاوی وەحی خودایە.

ئەم وتە رۆحییانەی مەولانا فێرمان دەکات کە لاساییکەرەوەیەکی کوێرانەی هەموو ئەدایەکی مەعریفی نەبین، بەتایبەتی بۆ کەسی زانا، ناشێ هێندە لەهەڵپەی ئەوە دابێت وەك ئەوانی تر بیر بکاتەوەو وەك ئەوانی تر بدوێت، دوانو بیرکردنەوەی رەسەنانە هەر دەبێ کاریگەری بەجێ بهێڵێ، چونکە لەکانییەکی وا هەڵقوڵاوە سەرچاوەکەی فیترەتو وەحییە.

گۆزە



# ماملاستا مەلا محەمەدی تەرجانی مردوو تازیەی دانەنا

ماملاستا مەلا محەمەدی تەرجانی پیاوەکی زاناو شارەزاو شەرعزان بوو، بە زۆری هاتووچۆی مزگەوتی شێخ مستەفای دەکردو، ئەندامی لیژنەی فەتوای هەولێر بوو، ماوەیەك بەر لە ئێستا کۆچی دوایی کرد، بەلام داوای کردبوو بە هیچ شێوەیەك تازیەی لۆ دانەنێن، دیارە دکتۆر عەبدوڵای کوڕی شێخ مستەفاش بە رەحمەت بن هەمان وەسیەتی کردبوو، رۆژی پێش جەژنی ئەم رەمەزانیش ماملاستا مەلا یاسینی بالیسانیێ دایکی کۆچی دوایی کرد، ئەویش لەسەر قەبران داوای لە موسلمانان کردبوو، کە هەرکەسەو بچنەوە ماڵی خۆیان‌و، ئەو پرسەی دانانێت، هەر دوای ئەو، هاوولاتیەکی دیکە هەمان شتی کردبوو.

ئەم هەلوێستانە بەلای منەوە چاوەڕوانکراوە، چونکە لەو رۆژەی هەستم بەخۆم کردووە هەمیشە جوانی‌و شتی جوانم لە ماملاستایان دیتووە، بەتایبەتی کە نەخۆش بووم زیاتر گەورەیی ماملاستایانم بۆ دەرکەوت، تا ئەوەندە خۆشەویستی‌و ریزیان نواند تا ماوم ناتوانم وەلامی چاکەیان بدەمەوەو بەلام ئەوەی مایەی تێبینییە، هیچ کەسێك رەخنەی لەم ماملاستایانە نەگرت کە تازیەیان دانەناو، وەك شتێکی ئاساییش تێپەڕی، بەلام ئەگەر هەمان شت بە نەزانی بکرابایە، بۆ نموونە لە پەنای ئەو قسەیە گووترابا، (خەلکینە تازیەی دانەنێن، گوناهتانە گاتیێ، گویێ مەدەنە رای مەزهەب‌و عولەمایان، ....)، بەم قسانە نەك هەر بە ئاسایی تێناپەڕی، بەلکو دەبووە هەلاو دەنگە دەنگ‌و، خەلك دەیگووت: ئەوە بۆ وا ئەکات، ئەو دینەتان لە کویێ هێنا!، ئەی بۆچی پێشان وامان دەکردو، کەسیش ئەو قسانەی نەدەکردن. بەلام ئەگەر بتوانین لەگەڵ خەلك بژین‌و، خۆمان بە بەشێك لە خەلك بزانین‌و، خەلکیش بە بەشێك لە خۆمان بزانێت‌و، بە هێمنی‌و دوور لە بەریەککەوتن، دەتوانین جوانترین خزمەت بکەین‌و، خەلکیش بە جوانترین شێوە گوێمان لێدەگریت.

سەرنووسەر

# کلتوری بێگانەو خۆمانە کامیان لە تۆی کورد جوانە

مەلائەحمەدی قامیشی



لێرەولەوێ بەگوێمان دەکەوێت خەڵکانێك بەناوی ڕۆژنامەنوس یان چالاکوان لەبواری کۆمەڵگای مەدەنی تانەو تەشەر ئەدەن لە ڕابردوو ڕەسەنایەتی ئەم گەلەوە لەو ڕێگەیەوە دژایەتی دینەکەش دەکەن، پێیان دەڵێین ئەگەر بڕواتان بەڕێنمایەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام نیە هەرچۆنێك بێت ئێوەکوردن (هەرچەندە زۆربەیان هیچیان لە کوردایەتی ناچێت) پێشینانی خۆمان فەرمویانە: (ڕێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕێتەوە.. گەرو لەڕێ‌ئەبێت پێی ئەتوێتەوە).

**پێناسە**: کلتور بریتیە لە شێوازی ژیان‌و بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت‌و نەریتی هەر گەل‌و نەتەوەیەك، کە دواجار دەبێتە جێگەی شانازی بۆ نەتەوەیە بەهەردولایەنی (سلبی و ئیجابی)، کە دەبێت لایەنە جوانەکانی کلتور پەرە پێ بدرێت‌و لایەنە خراپەکانی لاببرێت.

بەداخەوە ئەوەی لە ئەمرۆی کوردستاندا دەبینرێت بریتیە لە سڕینەوەی هەموو داب‌و نەریتی نەتەوەکەمان بەچاك‌و خراپەوە لەبەر ئەوەی گوایە کلتوری ئێمە وەحشی گەڕانەیەوخێڵەکیەو هیچی لەگەڵ دونیای مۆدێرن ناگونجێ، خەڵکیەنە ئەمە چ جۆرە عەقلیەتێکە ئەم جۆرە قسانە دەکەن؟! لەکاتێکدا ولاتێکی وەکوسوید، کە لە لوتکەی ئاشتی‌و دیموکراتی‌و پێشکەوتودایە تا ئیستاش شانازی بە دیاردەیەك دەکەن، کە لەکۆندا پێڕەویان لێکردوە ئەویش: (دیاردەی چەتەی دەریا)یە ئەوان دەڵێن ڕاستە چەتەی دەریا کارێکی خراپە بەلام ئێمە وەك کلتور ڕێزی لێدەگرین! ئەی بۆ ئێمە ڕێز نەگرین لەکلتوری کوردیمان، کە پڕەلە بەهای بەرزی مرۆڤایەتی‌و ئەخلاقی‌و ئاینی کەچی پێمان شەرم بێت باسی بکەین‌و بچین بۆکلتوری بێگانەو شانازی بکەین بەشەڕە پەڕۆو شەڕە ئاوو شەڕەقسە! ئێمە چەند ساڵە لە شەڕە پەڕۆ بێزاربوین ئەمجارەیان شەڕێکی تریشیان وەك داهێنان یا کلتورێکی داسەپاوی بێگانە بۆ زیادکردین ئەویش شەڕە ئاوە! پێمان بڵێن شەڕە ئاو چ پەیوەندی بە کوردو ئسلامەوە هەیە؟ هیچ، چ خزمەتێکی تێدایە؟ هیچ، بۆلەبیر خۆمانی بەرینەوە ئەو هەموو هاوکاری‌و خۆشەویستیەی خەڵکی گوندەکانی کوردستان لەگەڵ میوان‌و خزمەتی پێشمەرگەو ئازادکردنی سەرجەم ئەو سەربازانەی ڕژێمی پێشوو ساڵی (١٩٩١)، کە بۆ لەناوبردنی ئێمە هاتوون، بۆدەبێت ئەم ڕەوشتە جوانانە بەقێزەون‌و خێڵەکی لێك بدرێتەوە؟ ئەگەر نەتەوەیەك نەریت‌و کلتوری نەما چی دەمێنێتەوەشانازی پێوەبکات؟ ئەگەر ئێمە ڕێز لە حوجرەیەك نەگرین، کە چەندین کەڵەپیاوی پێگەیاندوە کە ئێستا نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر ژیان‌و نوسینەکانیان بەدەست دێنن ئەی بڵێین ئەو زانا بەرزانەمان لەکوێوە هاتووە؟ ئەگەر پشتمان کرد لە جلوبەرگی کوردی ڕەسەنایەتی گەلەکەمان هەر گوتمان (ئۆکەی، بای بای...) چی لە کەلتور دەمێنێتەوە بەتایبەت کلتوری ئێمەی کورد دووجار جێگەی شانازیمانە، کە لەئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە کە پڕیەتی لەگیانی لێبوردەی‌و خۆشەویستی‌و ڕێزگرتن، بەلام بەداخەوە ئەمرۆ هەندێ دەروێشی ڕۆژئاوا بێ گوێدانە هیچ بەهایەك دەیانەوێت سەراپا ئەو کلتورو نەریتەی هەمانە فڕێی بدەن‌و بەناوی پێشکەوتن‌و مۆدێرنەوە بەدروشمەکانی ڕۆژئاوا خڵەتاون، نازانن کە دروشمێکی بۆشە دەنگی دەهۆڵەو لە دووری خۆشە، بەلێ هەرچەندە ئەوان لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە پێشکەوتوون بەلام لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە سفرن، لەجەنگی جیهانی یەکەم‌و دووەمدا چی نەما بەیەکتری نەکەن.

ئێستاش ئەو کۆمەڵکوژی‌و جینۆسایدی کوردو فەلەستین‌و بۆرماو میصرو ئەفغانستان هەمووی بەپیلانی ئەوانەو بەندیخانەکانی وەك (ئەبوغریب و گوانتانامۆ) شایەتن بۆئەم ڕاستیە، کە هەموو دروشمەکانی ئازادی‌و مافی مرۆڤ بەدرۆ دەخاتەوە، خۆ ئەگەر مەبەست لە پێشکەوتن مەسەلە کۆمەڵگەی مەدەنی بێت ئەوا پێغەمبەر( a ) نزیکەی هەزار ساڵ پێش فەیلەسوفەکانی وەك (جون لۆك، جانجاك ڕۆسۆ) بنتیاتنەری کۆمەڵگەی مەدەنی بووە لە شاری مەدینەی پیرۆز لە سایەی دەستوری وەسیقەی مەدینەدا مسیحی‌و جولەکەو بتپەرست‌و موسڵمان پێکەوە دەژیان، کە پێشتر (یثرب) بوو بە (مدینە) شاری پێغەمبەر، مدینە لە مەدەنیەتەوە وەرگیراوە لە بەرانبەر (بَدَوِيَ، بەدەوییەت) دەشتەکی، واتە: شارستانی‌و سەروەری یاساو پێکەوەژیان لە بەرانبەر دەشتەکی‌و خێڵەکی‌و سادەژیان‌و تەنیا ژیان، لەکۆتایدا بۆ دەبێت ئەمرۆ بە فیتی خەڵکانێك کە هەست بە بەپرسیاریەتی ناکەن یان بەکرێگیراون تف لە ڕابردوی خۆمان بکەین کە بەوەش شەرمەزاری دنیاو دواڕۆژ دەبین، ئەو کلتورە جوان‌و پەسەندە دەیپارێزین لە توانەوەو شوێنکەوتنی بێگانەو بێباوەڕان ئەوەی خراپیشە یان چاك بکرێ یان لاببرێ.



# تـــــوورەكە

شيعری شاعيری ئيماراتی: د.شهاب غانم

وەرگێڕانی: مستەفای سەيد مينە/ سەنگەسەر

خەڵك وەكو توورەكەيە...
بەلاَم تەنها ئەوەندەيە...
چاو و گوێ و هەستی هەيە...
ئەگەر دوو ئافرەت كەوڵكەی ،
يەكێكيان دڵگير و شاجوان
ئەوی ديكەش،
ناحەز وەكو جند و شەيتان ...
هەردووكيان هەر:
دوو مێينەی ترسناكن لەبەر چاوان...
ئەگەر هەندێك پياوی سپی و
هەندێكی ڕەش كەوڵبكەی ،
لە هەموو شتێك وەكو يەكن
ناتوانی فەرقيان پێ بكەی ..
جا كە وا بوو:
كوا جياوازيی مرۆڤەكان؟!
يان تۆ بڵێ: توورەكەكان؟!
جياوازيی هەر :
لە گيان و هۆش و هەستدايە
بەلاَم مرۆڤ مايە پووچە
تەنها بەدوای توورەكاندا
غاردەدات و هەڵوەدايە!

# (( كوردينو ))

ملا صدرالدين محمد صادق عزيز



كوردينو نانێ وەپاتی بدەستێ خو
چ ويژدانه بكەنه دڤێ دژێ خو
فەره گەلو دەستێ خۆ بەن دەڤێ خو
سفرێ دانێن ل سەرمێزێ ل بەرێ خو
كوردينو بۆ چی دوژمن شيامه
وی قەتاندو بمه دارستن هريامه
كره كشتەك پێ گرێدا سەرێ مه
لەو خوينامه رژييا سەر خاكا خو
كوردينو پوچ جيهانێ دەنگ نينه
وەسا دادنين ڤی مللەتی ماف نينه
يێ باركەفتی چ هەڤالەك وی نينه
دگەل خەلكی بونه دزێت مالا خو
گەر تو ببی تو پاشاو تێر ببی
نه كه حاشا مللەتێ خو ژ بيربی
دێ بێن خو نەناسه هەر زيرەكو توشێربی
دەمالا ددەيی كو تو با ددەی ل هەژارا كه بێ خو
كوردينو بێژم بو وه هەميا
هلون راست كەن هەمی خاریو كەميا
ڤيكرا بكێلن تەڤرا دەشتو زەڤيا
دا به خورێ زی هەلينۆ تاجێ دانێن سەرێ خو
كوردينو گومان نينه كو هوين هەمی خۆش مێرن
بو ڤەنگا خو د نێچيرڤانو بسێرن
خەنجەر تيژن ل ديوانا لێ شێرن
بۆ چی كوردين بو دراڤا وه بەرزەكر ناڤێ خو
كوردينو نه دوبەری ئێك رێبازێ بگرن
ئاڵتونی رەش گەنجينەيەكانی هەمی ئاگرن
بابه گورِ گورِ مەشخەلەيه خەكێ بو خوپێد خورِن
بتەماشا نابن پاشا ببن يارێت خاكا خو
ببن ياريت خاكا خو ديبن سەرێ مللەتا
هممەت بێخن ملێ خو خودێ دێ دەت لەززەتا
خارناوه با خولی بێن نەگرن ريبازا خەلەتا
نەئێخن مالا خەكی دەركەهێ خانيكێ خۆ
كوردينو قەفتا شفكا ناشكێن پێكڤەبێ
دەستێ خورتا تێرِا دێ پيلاّو ئاسن بن
لێك جودا كەن هەمی دێ شكێن بساناهی لێك ڤەبن
جويها ڤگرن ئێكدو گرتو بون دەولەتەك سەربەخۆ
نەبين گەلو بسەخمەراتی هاری كاريا عالەمێ
ئەمژی ئێك بين دێ باسێ مه ئەو ژی دەنه قەلەمێ
دوو رێباز بين درێژ ناكەن ژمەرِا دەستێ كەرەمێ

لەو پاشكەفتین كو هەر ئێكێ تەفشی دانا بەرێ خو
من هاوارو گازییە میللەتێ ژار تازییە
گرارامە ناكە لێتن كوچكی ئاگر تێ نیە
دولابا ناچر خینێن ئاڤال ئاشی گرتیە
دارا ژینێ كید بینێتن نەزانا كر گوری خو
پیرو مەزنا ژمەڕا ڤریكر خەلات
ژیان دارەكە بەرزو بلندە د بێژنێ ئاوات
ژ بەرێ وێ نا خوی سەرنا هەلینی بێ هەل‌و خەبات

دێ هوین هەول دەن دارا ئازادیێ ئاڤ دەن بە خوینا خو
مرن خوشە ب سەر بەستی نەكو ژینا ل ژێر دەستی
كەس بگوشتی بەر ددانا نابێت تێرو بگریت هەستی
كەرژی بیهنا بها ناكا گەر جو رێ وی تو بپەستی
لێ شەڤامە چەند درێژ بیت دی هێت روژا سەربەخو
دی بلانەبانە خوزیكانە بان سێ تشت ل ڤێ دنێ
پیری‌و بن دەستی ل هەردوا سفكتر دارا مرنێ
گەلا زەرد بیت با د هژینیت دێ وەر هێت بنی
دارا خۆزیا هەر دەیا خرشا نادەت بەرێ خو
كێ وەدی تە مللەتە كێ ناڤ نەبیت
كویێ ساخەو دێ وی ل دنێ ژین هەبێت
یێ نەزانیت بلا بچیت سەرێ كەری بوی فە بیت
بلبل بەرگایی قەرەج خائین هەردێ نانێ خو
كوشتنا سەگەكی ل چول‌و غابات بیت
تاوانەك گەورە سەربێ جەلاد بیت
بەلێ مللەتەك بێ دەست هەلات بیت
بو ڤێ رویدانێ دەبی بنێرن حوكم‌و یاساییت خو
كوردینو چەند بەرزەنە خویشك‌و براو باب‌و كوڕ
مەپەزێ بوشی بەس لێ مایە مها لەنگ‌و كیسكێ گور
پیش گورگی ڤەڤەبە  ستییە شاخ مەزنەو كوشتێ ڤڕ
راستی ب ئاگری ناسو ژێتن من دەڤ تژی ئا ڤەخو
من بڕاستی نە بڕاستی سەرێ میری مەژی خاستن
نەك تو بخویی شەكرو شیری بدەیە من ئاڤا ماستی
خەلك ئیناتە گوڤەندێ دەستی هەما بگرە بڕاستی
دیفتە شێخانیێ دێكەن ڤێ دیلانی ل وارێ خو
كوردینو من كر بووە هەمیا چەند شیرەت‌و چەند خەبەر
زێر ساڤ بیت چەوادێ بیت ژەنگ‌و قرێژ كەڤنەسەر
ترسیت ئەزمان ژ ددانا هەردێ بیژم یان ژیان‌و یان وەغەر
لەو دبێژم داكو رابن خودان غیرەت نە چەمینن سەری خو
یێ بترسیت زلكا مێشا هنگڤین چویە پاش
لێ ناخوتن هنگڤین ببەن خاناسم تراش
یێ نەگوتی ل شەهیانا وەرنە گرتەچ شاباش
كوڕی ورجا بابێ نەبیت چا وادێ دەت بەر ئێكیدی ملێ خو
كوردینو بەرێ كەبیت دێ شین بیتن دناڤ ویدا گیاو لە ڤەڕ
چاوا تاڤین مەشكا خەلكێ بەندكێ خویێ سورو زەر




**شولێ خەکێ ئاڤا سەلکێ راست وا کوتی ئەڤ خەبەر**
**هیڤیا دەرا خولیا سەرا هوشرین کەن تامازاری ب رەنجا خو**
**بەلێ چ بکەم وەکی یێ چویی بریم زالا**
**ڤەگەریا ڤەب وان دلایێ دەست ڤالا**
**چەوا درێسم وەسا بادبەت دەف شەگالا**
**چ بکەم گەلو رێکا ژینێ هەمی کەسانە دابەرخو**
**کەنگی دبیتە ماستی تازە شیرێ دوتی بێ هیڤین**
**کەنگی دزانن قەدری پییاییت سەر دەستا نەگەرین**
**گەر هوین نەکە بگوتین مەزنا شاخێت بزنا دێ لوەهین**
**گەلی کوردا ئەز ماندی بوم ب وەڤە هێرو گێژو ڤێژکر سەر**
**کوردینو مە کوردستان مل کاریتە کەفتیە بەر**
**فەرە هەرکەس ملێ خوژی بدەبەر**
**دانەمینیت ل ڤی ئەردی کرا سێ دەش بیتە بەر**
**یا فهیتە هوین زامداری سەردا پاڤین با زاخو**
**ئاڤا ب شل بییت ناف تەنگاڤێ دەنگ لێدانا وێ فەرە**
**کەو دڤێتن خەو دڤێتن نە هوشیاری وەك کوژاوی فەنەرە**
**ئالایێ کوردا بچقینن نیشانا مە خەنجەرە**
**شەڤ چەند ب دزیت روناهییێن روژ دی هەڵدەت سەرێ خو**
**ناسناما مە ل جیهانی (مصطفی) بارزانی**
**شێرێ بێشا پڵنگێ چیا پڕ وەفاو رێزانی**
**تو مەلاو و تو سەرکیشی بووی ل دینو دونیا تەزانی**
**هزار رەحمەت لە گۆڕێ تە ئەی خەم خۆرو زەحمەت کێشێ گەلێ خو**
**دێ هەر بێژم دێ ڤەهوینم**
**ئاشتی خوژی دێ گێرینم**
**مەتە لۆکا ژوا رائینم**
**هەتا بار کەت (سەدر) ب هێلیت وارێ خو**

**★ پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەفتا (مەزن) ل گوندی (بامشمش) دینارتە،**
**تێبینی: ئەڤ هوزانە من یاڤەهاند ل سەر ئیشو ژانێت گەلێ خو ب چەند بەندەکێن پێشینان من ڤەهاندیە بو تفاقو یەك گرتنا میللەتی کوردی ستەم دیدە.**
**★ ٢/شبات/١٩٩٠ز، نەفت شاه، ئیران**

# بەراوردێك لەنێوان تەمەنی رووبارو تەمەنی مرۆڤا!

سەرهەد هادی

ئاشکرایە هەموو سەرەتایەك کۆتاییەکی هەیە، واتە هەر شتێك رۆژێك لە رۆژان نەبووبێت و دواتر بهێنرێتە بوون ئەوا رۆژێکیش دەبێت، کە تێیدا کۆتایی بێت‌و لە بوونەوە ببێت بە نەبوو، کەوابێ هەر شتێك سەرەتای نەبێت کۆتاییشی نابێت ئەمەش دوو خەسلەتن لە هیچ دروستکراوێکدا نین تەنها دروستکارو بەدیهێنەر نەبێت، کە خوداوەندی بالا دەستە، ئەوە تەنها خودایە سیفەتی (ئەزەل)و (ئەبەد)ی هەیە، بەو مانایەی نە سەرەتای هەبووەو نەکۆتاییشی دەبێت (كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فان * وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلال وَالإِكْرَام) الرحمن: ٢٦–٢٧ گەردوونیش (ئاسمانەکان) بەم گەورەیی و فراوانی خۆیەوە کە مرۆڤ ناتوانێ تەنها سنوری یەك جین لە جینەکانی دیاری بکات رۆژێك دێت بەرەو هاتنەوەیەك و لە ناوچوون دەچێت (يَوْمَ نَطْوِى السَّمَاءَ كَطَىِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ) الأنبياء: ١٠٤ مرۆڤیش کە بەرێزترین و جوانترین دروستکراوای کردگارە هەمان حاڵەتی بەسەردا دێت، بۆ زیاتر تێگەیشتنیش لەم مژارە گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان قۆناغەکانی تەمەنی (رووبار)و تەمەنی (مرۆڤ) دەبینین لێکچوونێکی سەرسوڕهێنەر هەیە، کە پڕە لە پەندو ئامۆژگاری!!

بێگومان رووباریش وەك تەواوی دروستکراوەکان سەرتایەکی هەیە کە لە بەرزایی شاخەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەموو رووبارەکانی جیهانیش رۆڵەی شاخەکانن. رووبار هەر لەسەرتای دروست بوونیەوە تا کۆتایی هاتنی بەسێ قۆناغدا گوزەر دەکات کەبریتین لەقۆناغەکانی (گەنجی، پێگەیشتن، پیری). رووبار راستەوخۆ دوای دروستبوونی پێ دەنێتە قۆناغی گەنجیەوە لەم قۆناغەشدا خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، بۆ وێنە رێرەوەکەی تەسکەو زۆر خێرایە لەرۆیشتن، چونکە لە بەرزاییەکی سەخت‌و لێژاییەکی دژواردا دێتەوە خوارەوە .

جا لەئەنجامی ئەو خێراییەی کە هەیەتی، کرداری داماڵین دروست دەکات، واتە ئەوەی بێتە بەردەمی لە بەردو خاك‌و خۆڵی ناوچەکە رایدەماڵێ، ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ قوڵکردنی رێرەوەکەی، تایبەتمەندییەکانی رووبار لەم قۆناغەدا (گەنجی) ئاماژەیەکە بۆ بەهێزی و تواناداری رووبارەکە! ئیتر دوای ئەم قۆناغە رووبار دەچێتە قۆناغی (پێگەیشتن)ەوە بەشێوەیەکی گشتی هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا هەبوون بەلام کەمێك جیاوازتر چونکە رووبار لەم قۆناغەدا لێژییەکەی کەمتر سەختە بەبەراورد بە قۆناغی یەکەم بۆیە دەبینین خێرایی‌و توانای داماڵینی کەمتر دەبێتەوەو رێرەکەشی فروانتر دەبێت. ئەو بەردو قورو لیتەیەش کە لەقۆناغی یەکەم هەڵی گرتووە بەرێژەیەکی کەم لەرۆخی خۆی دەینیشێنێ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ کەمێك هێوربوونەوەی رووبارو کارکردن‌و رۆیشتن بەشێوەکی جیاوازتر چونکە رووبار لەم قۆناغەدا هەمان (کەسەکەی) جاران نیە بەڵکو چووەتە قۆناغی پێگەیشتنەوەو هەڵسوکەوتەکانی لەئاست قۆناغەکەی خۆیدایە.

دواتر رووبار دەچێتە قۆناغی (پیر)بوونەوە خێراییەکەی زۆر کەم دەبێتەوە و توانی داماڵینیشی نامێنێت هەموو ئەو نیشتەنیانەی کە لەدوو قۆناغەکەی پێشوودا هەڵی گرتووە بەرێژەیەکی زۆر لەرۆخی خۆیدا دەینیشێنێ تا وای لێدێت تێکەڵ بە ئاوی دەریا یان زەریایەك دەبێت ئیتر لەوێدا کۆتایی پێ دێت‌و دەلتا دروست دەکات‌و هەموو نیشتەنیەکانیش دادەنێت بەجۆرێك سیمایەکی مەنگو هێمن دەنوێنێ. ئەو رووبارەی کە لەدوو قۆناغەکەی پێشوودا ئەوەندە تیژرەو دەسەلاتدار بووە بەلام هەنووکە لەدەسەلات‌و پەلویۆ کەوتووە. کاتێك سەیری مرۆڤیش دەکەین دەبینین دۆخەکە بەهەمان شێوەیە چونکە مرۆڤ دوای لەدایك بوون‌و تێپەراندنی قۆناغی منداڵی بەسێ قۆناغدا ژین بەرێ دەکات کە بریتین لە قۆناغەکانی (گەنجی، پێگەیشتن، پیری) دواتریش هاتنی مردن! ئیدی وەك چۆن رووبار لەقۆناغی گەنجی‌و پێگەیشتندا خاوەنی دەسەلات‌و توانایەکی زۆر بوو بەهەمان شێوە مرۆڤیش لەقۆناغی گەنجی‌و پێگەیشتندا تواناو بەهرەی لەبن نەهاتووی هەیە، وەك زانراوەو دەزانرێ گەنجان بەبربرەی پشتی کۆمەڵگاکان دادەنرێن‌و پێشکەوتن‌و داهێنان‌و شارستانیەتیش لە ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو ولاتانەی رێژەی گەنجانیان زۆرە بەولاتێکی گەنج دادەنرێن ئەمەش هۆکارێکە بۆ فەراهەم بوونی دەستی کاری زۆرو شارەزا بۆ گەشەپێدانی ئابووری ولات، لەهەمانکاتدا دروست کردنی سوپایەکی گەورە لەڕووی ژمارەوە.

بەلام لێرەدا پێویستە بڵێین جیاوازی نێوان قۆناغی گەنجێتی و پێگەیشتن لەوە دایە کەوا مرۆڤ لە قۆناغی پێگەیشتندا ژیری و بیر و هزری فراوانتر دەبێت و ئەو هەلانە دووبارە ناکاتەوە کە لە قۆناغی گەنجیدا ئەنجامی داوە. بەلام کاتێك شەمەندەفەری تەمەن لە رۆیشتن ناکەوێ گەنجان دەبات بۆ وێستگەی (پیری) لەم قۆناغەشدا وەك چۆن رووبار بێ دەسەلات بوو بە هەمان شێوە مرۆڤیش لە تەمەنی پیریدا هێز و دەسەلات و توانای جارانی نامێنێت، بەو واتایەی هێزی جەستەیی و هێزی بیرکردنەوە و بیرەوەریەکانی بەرەو کز بوون دەچێت. ئەمەش دوا هەمین قۆناغی تەمەنی مرۆڤە کە راستەوخۆ لە دوای ئەوەوە مردن دێت. بۆیە پێغەمبەرمان موحەممەد (د.خ) دەفەرموێ (شبابك قبل هرمك) واتە: گەنجێتیت پێش پیربوونت بەهەل بزانە!!!!

چونکە ئاشکرایە ئەوەی مرۆڤ لە گەنجیدا دەتوانێ بیکات هەرگیز لە پیریدا ناتوانێ ئەنجامی بدات بۆ نموونە مرۆڤ لە تەمەنی لاویدا توانایەکی زۆری هەیە بۆ ئەنجامدانی پەرستش و بەدەستهێنانی رەزامەندی خوای گەورە و کارکردن و کۆکردنەوەی سامان و بە دەست هێنانی بروانامەی بەرز و فێربوونی زانست و زانیاری و ئەنجامدانی کاری باش و ...تادوایی، ئەمە جگە لەوەی گەنج خاوەنی تەندرووستیەکی باشە، تەندروستی باشیش خۆی لە خۆیدا تانجێکە لەسەر سەری هەموو کەسێکە بەلام کەس نایبێنێ تەنها کەسی نەخۆش نەبێت!! بۆیە ئەوەی نەتوانێ تەمەنی گەنجی بقۆزێتەوە و ئەو شتانەی تێدا ئەنجام بدات کە پێویستە ئەنجامی بدات سەرئەنجام بێ بەرهەم وداماو دەبێت .

هەڵبەتە هەموومان تەنها یەك جار دەژین ئیدی دوای مردن دەرفەتی ترمان نابێت بۆ دووبارە دەست پێکردنەوەی ژیان لەم ژیانە کۆتادارەدا بۆیە دەبێت هەردەم لە بیری ئەوەدا بین تەمەنی گەنجێتیمان بە فیرۆ نەروات چونکە گەنجێتی سامانێکە بە هیچ شتێك پێوانە ناکرێ.

# کورتەیەك لە ژیانی مامۆستای نەمر مامۆستا كاكە حمە

# مامۆستا لەپێناوی پێگەیاندنی فەقێو قوتابی

**نوسینی : عبدالحمید بێلولەیی**

ژیانی مامۆستا ژیانێكی ئاسودە نەبووە، چونكە ئەوانەی كە خەم خۆری ولاتو گەلەكەیانن هەرگیز بەشوێن خۆشیو خۆش گوزەرانیدا ناگەرێن، بەڵكو ئاواتو هەوڵو كۆششی خەم خۆرانی ولات ئەوەیە كە گەلو نیشتیمانەكەیان بە ئازادیو سەربەستی بژین.

وە لەژێر چەپۆكی داگیركەرو ماف خۆری ولاتەكەی رزگاربێ، بۆیە مامۆستا كاكە حەمە دوو شت هۆكاری سەرەكی بووە بۆ ئەوەی كە ژیانی ئاسودەو خۆشیی بەخۆیەوە نەبینێت .

یەكەم: هەستی نیشتیمان پەروەری.

دووەم: خۆ بە بەرپرسیار زانینی ئەوەی كە ئەبێ رۆڵەی نیشتمانەكەی لەمۆتەكەی جەهلو نەزانین رزگار بكات. لە پێش ئەوەدا كە كورتەیەك لەژیانی مامۆستا باس بكەم حەز دەكەم كە بزانین مامۆستا كێیە؟

مامۆستا ناوی: كاكە حەمە، كوڕی حاجی سیف الله، كوڕی حاجی مەلا حبیب، كوڕی مەلا میرمەلیك، لەبنەماڵەی كوردەكانی (تالش)ە. لەساڵی (١٨٨٤) هاتوەتە دونیاوە وە لەساڵی (١٩٦١)ی زاینی كۆچی دوایی كردووە، پاش ئەوەی بە نەخۆشی لەگوندی (باقوبەرە) وە دەیگەڕێننەوە بۆ سلێمانی، وەك لەسەرچاوەی (زانینو زانیاری) وەرگیراوە ئەویش لەنووسراوەكەی مامۆستا نەریمان وەریگرتووە لەڕێكەوتی (١٩٦١/٥/١٠) لەكاتژمێر (یەك ونیو)ی پاش نیوەڕۆ ماڵئاوایی لەدونیا كردووە هەزار رەحمەت لە گیانی پاكی.

باپیرەی لەسەر داوای سەربەخۆی بۆ گەلی كورد دەر بەدەر ئەبێت لەگەڵ (سیف الله)ی كوریدا لە سابلاغ ئەگیرسێنەوە، حاجی مەلا حبیب تەشریف دەبات بۆ زیارەتی ماڵی خوا لەوێ كۆچ دەكات. (سیف الله)ی كوڕی دێت بۆ سلێمانی لەوێ (موفتی چاومار) برازاكەی خۆی لێی مارە دەكات.

سەردەمی مامۆستا وەك ئێستا قوتابخانە ئاستی هۆشیاری زۆر نەبوە، بەڵكو ئەو سەردەمە زیاتر زانایانی ئاینی بە هۆی حوجرەوە توانیویانە رۆڵێكی باشیان هەبێ بۆ پێگەیاندنی رۆڵەی كورد. وە بۆخزمەت كردن بە ئاینی پیرۆی ئیسلام.

مامۆستا كاكەحمە تەواوی ژیانی بۆ خزمەت بەدینی پیرۆزی ئیسلامو بۆ خزمەت بە گەلو نیشتیمانەكەی تەواو دابوو، وە نەبێی مامۆستا لەبنەماڵەیەكی كەم دەستو هەژار بێ، بەلام بەهۆی سەرقاڵی بە خزمەت كردنەوە ژیانی نیمچە هەژاری ولاتەكەی بۆ ژیانی خۆشو ئاسودەی ناوشاری بەجێ هێشتو وازی لەخێزانو ماڵو داریەكەی هێنا. روی كردە گوندەكانو بڕیاری دابوو بە قەڵەمی خوێندەواری هۆشیاریان بكاتەوەو تیان بگەیەنێت بە هەویری نیشتیمانپەروەریو كوردایەتی وە بیان شێلێت.

دەیان گوندی نیشتمانەكەی گەڕاوەو لە هەر گوندێك لەسەر ئەركی خۆیو بەهاوكاری ئەو گوندە دەیان قوتابی كۆئەكردووە بەڵكو گەورەكانیش بانگ ئەكرد بۆ ئەوەی بخوێنن، ئەی فەرموو (رۆلەكانم برینی جەستەی گەلی كورد زۆر كاریگەرە تەنها چارەسەركردنی یەك شتە ئەویش خوێندنە) ئێمەی كورد وەك میللەتانی جیهان مافو ئازادیو سەربەستیمان هەیە، بەلام خەوی نەزانین هەموو شتێكی لەدەست داویین من وەك قوتابیەك زیاتر لە پێنج تا شەش ساڵ لە خزمەتی ئەم زاتەدا بووم لەگوندی (باقوبەرەو چیارەزا) مامۆستا زیاتر لە (بیست تا سی) قوتابیو فەقێی هەبوو، لەقورئان خوێندنەوە هەتا ئەگاتە موختەسەرو عەقائید.

بۆیە حەزدەكەم كە گۆشەیەك لەژیانی مامۆستا باس بكەم، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بزانیین هەمیشە زانایانی ئاینی سەرقافلەو جاركێشی نیشتمانپەروەری بوونو هەمیشە بەئاشكراو نهێنی رۆڵەكانی گەلەكەیان هەڵناوە كە ڕاپەرین بەرامبەر بە زوڵمو ستەم، وە داواكردنی مافو ئازادی نە گوناهەو نە تاوان (حب الوطن من الایمان)یان كردووە بەسەرمەشقی ژیانیان.

مامۆستای نەمر نەخێزانو نە منداڵی لەگەڵدا نەبووە، بە دەیان كاغەزی لای ماڵو منداڵیەوە بۆ دەهاتو داوای گەڕانەوەیان لێ دەكرد لەوەلامدا دەیفەرموو: ئێوە دوو كوڕن، بەلام ئێستا لەم گوندەدا بەدەیان كوڕم هەیە، من بێكەس نیم لێرە ئەم قوتابیانەو خەلقی ئەم گوندە كەسی منن.

ئەو كۆمەڵە فەقێو قوتابیانە كە لەخزمەتیدا بووین لەسەر ئەركی مامۆستا دەژیاین. ماڵێكی تایبەت كردبوو لەو گوندەدا هەمیشە نانو چێشتی حازر دەكردو بەحازری دەهات بۆ حوجرەو خۆی دابەشی دەكرد بەیەكسانی بەبێ ئەوەی خۆی هیچ جیاوازیەكی هەبێ لەو بەش كردنەدا.

مامۆستا لەلایەن دەوڵەتی پاشای ئەو سەردەمەوە موچەیەكی هەبوو وا دەزانم نەدەگەیشتە (بیست) دینار ئەگەر بەشی مەسرەفی نەكردایە قەرزی بەدەمەوە دەكرد. خواردنو خەوتنی مامۆستا لە فەقێكان جیانەبوو. جلوبەرگی زۆر سادەو ئاسایی بوو، هەرچەندە لەو سەردەمەدا باوی لەبەر كردنی كەواو سەڵتە بوو بەتایبەت لە قەزای خانەقین. مامۆستا رانكو چۆغەیەك لەگەڵ پەستەكێكو جامانیەكی بەسەرەوە بوو بە كەمی مێزەری مەلایانەی دەبەستەوە.

مامۆستا محمود فەرەج كە خەڵكی (دار بەرووی) ناحیەی سەنگاوە، كە مامۆستاكە كەحەمە نەچیتە داربەرو دەبێتە قوتابی هەتا كۆچی دوای مامۆستا لەخزمەتیدا بووە. ڕۆشتم بۆ لایو لەبارەی مامۆستاوە وتی: مامۆستا بە كەمی جلی مەلایەتی لەبەر كردووە. كاتێ مامۆستا لەناو جاف دا بووە لەگەڵ (حەسەنی رۆستەمی حاجی قادر)ی موكایەڵی كە ریش سپی ئەو كاتەیان بووە، ئەبنە میوانی (محمود خانی دزلی) كە خاوەن دەسەڵاتی ئەوكاتە بوو.

مامۆستا جلی مەلایەتی لەبەرا نەبوو، لەمەجلیسەكەدا باسی مەلا دەكرێت، محمود خانی دزڵی دەڵێت: مەلاكان ئەوەندە بەفەقێی دەگەڕین دەری ماڵ بەماڵ شەرمو حەیایان لا نامێنێ.

مامۆستا كە ئەمە دەبیسێت خۆی پێ ڕاناگیرێو دەفەرموێت محمودخان ئەگەر مەلا نەبوایە كەس نەی ئەزانێ تۆ كوڕی كێی، محمود خانی دزڵی رووئەكاتە رۆستم ئەڵێی ئەمە كێیە، لەوەلامدا ئەلێی ئەمە مامۆستا كاكە حەمەیە، محمودخانی دزڵی شەرم ئەیگرێو لەقسەكەی پاشەگەز ئەبێتەوە ئەڵێی من بە هەموو مەلایەك نالێم.

مامۆستا محمود وتی مامۆستا بە گەنجی لەسلێمانی دەرئەچێو ئەچێتە لای شێخەكانی كربچنە، چەند ساڵێك لەوێی ئەیێ زیاتر لە (٢٠ تا ٣٠) فەقێ ئاخر مادە خوێنو خوارتری ئەبێی، ئەمجا ئەچێتە (داودە) كە سەر بەقەزای دووزخورماتووە، لەوێی مەدرەسەیەكی گەورە ئەكاتەوە كە زیاتر لە (٦٠ تا ٧٠) فەقێو قوتابی هەبووە، لە فەقێیكانیدا عەرەبیشی تیا بوو، نزیكەی پێنج شەش ساڵ لەوێی ئەبێی، لەو ماوەیەدا خەڵكی ئەو ناوە زۆر زانیاریو خوێندن لە مامۆستاوە فێرئەبن، لە هەموو بوارێكدا.

ئەمجا لەوێشەوە ئەگوێزێتەوە بۆ (خان رۆستم ئاغا) لە (زەنگەنە) چەند ساڵێكیش لەوێی ئەبێ، لەوێش بە كۆمەڵ فەقێ قوتابیی ئەبێ، مامۆستا لەو گەڕانەدا بە شوێن مووچەو پارودا نەگەڕاوە، تەنها ئامانجی مامۆستا ئەوە بووە كە رۆڵەكانی كورد بەهۆی خوێندنو زانیاری وە وریا بكاتەوە، لە هەر گوندێك زانیبێتی كە خەڵكەكەیو ئەو گوندانەی چواردەوری فێری خوێندنو خوێندەواری بوون ئیتر لەو شوێنە گواستوێتیوە بۆ ناوچەیەكی تر.

لەدوای خانی رۆستم ئاغا تەشریف دەچێتە گوندی (فەقێی موستەفا) لەوێش منداڵانی ئەو گوندە بانگ ئەكا بۆ خوێندن بەڕۆژ دەرس بە ئەوان ئەڵێو بەشەویش دەرس بەگەورەكان. لەو قوتابیانە پیاوی وەكو (مەلا تەقی) هەڵكەوتووە كە زۆر بەناوبانگ بووە. لەدوای بەینێك ئەگەڕێتەوە بۆ لای شێخەكانی كربچنە.

**مامۆستا خاوەنی نەفسێكی زۆر بەرزبوە قەت بۆ دەسكەوتو سەروەتو ماڵ سەری بۆ كەس دانەخستوە، وە زۆر پێی ناخۆش بووە كە زانایانی ئاینی سەر بۆ دەسكەوت داخەن.**

مەلا مستەفا ناوێك لەكربچنە مەلا ئەبێ ئیمامی ئەو شوێنە ئەبێ مامۆستا

تەماشا ئەکا کوڕی مامۆستا هەموو ڕۆژێك ئەچێت لەڕیزی فەقیرو دەروێشەکان رائەوەستێ بۆ شوربا وەرگرتن.

مامۆستا بانگ ئەکاتە مەلا موستەفا ئەڵێی جارێکی تر ئەو کوڕە بنێری بۆ شۆربا وەرگرتن قوبولی ناکەم. بانگ ئەکاتە شێخ قادر موچەیەکی مانگانە بۆ مەلا ببڕێتەوە ئەفەرموێ بە شێخ قادرە کەی شیاوی ئەوەیە کوڕە مەلا وەك دەروێشێك چاوەڕێی شۆربای تەکیە بکات. لەپاش کربچنیە یەت بۆ (دار بەرووی) ناحیەی سنگاو. لەوێش چەند ساڵێك ئەمێنێتەوە هەتا خەڵکی ئەو ناوە فێری خوێندن ئەبن. ئەمجا لەوێشەوە یەت بۆ گوندی (باقوبەرە)ی سەر ناحیەی میدان لەقەزای خانەقین.

لەساڵی ١٩٤٨دا هاتوەتە باقوبەرە. لەکاتێ کە شێخ عبدالقادری بە گوللە نەبر قایمقام بووە وە شێخ موستەفا مودیری ناحیە بووە ماموستایش قازی بووە.

**بەئەغلەبی کاری قایمقامو مودیری ناحیەی هەر ماموستا ئەنجامی داوە.**

مامۆستا لەباقوبەرەوە ئەچێت بۆ (چیا رەزا) بۆ لای شێخ عوسمان تاڵەبانی لەوێش هەمان قوتابخانەو هەمان قوتابیو فەقێی ئەبێ.

**مامۆستا سەری بۆ هیچ ناحەقیو ئاغاو بەگێك دانەخستووە.** ئەی فەرموو من بۆیە ژیانی خۆشو خاوخێزانم واز لێ نەهێناوە کە سەر بۆ هیچ ناحەقیو ستەم کەرێك شۆرنەکەم.

**پەیمانم داوە بە خوای خۆمو گەلی کورد هەتا دوا هەناسەم لەپێناوی ئاینو نشتیمانمدا ژیانم تەواو کەم وە ئەو قەڵەمەی هەلم گرتووە بۆ خزمەتی رۆڵەکانی کورد لەدەستی دانەینم هەتا دوا هەناسەم دەرئەچێ.**

## مامۆستا لەبواری پێی گەیاندنی فەقێو قوتابیدا

لەبواری پێی گەیاندنا پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەبووە کە لەباقی پرۆگرامی حوجرەکانی کوردستان گەلێی جیاوازی هەبووە پرۆگرامەکەی بەم جۆرە بووە. ئەوانەی کە لەسەرەتاوە دەستیان ئەکرد بەخۆێندن ئەلفوبێ عەرەبی بە (٢٨) حەرفی بۆ ئەنووسی لەئەلفەوە هەتا يێ. ئەمجا داوای ئەوە (٨) هەشت حەرفی کوردیش بۆ ئەنووسی وەك: **(پ/چ/ژ/ڤ/گ/ڵ /ۆ/ی)**، لەدوای فێربۆنی خۆیندنەوەی ئەم پیتانە ئەمجا نەوعی حەرفەکانی بۆ ئەنووسی وەك (بێی ئەوەڵ (بـ) بێ ناوەڕاست بێی ئاخر (ب) نەوعی هەموو جۆرەکانی حرفەکان پێی فێر ئەکرا بۆ ئەوی ئەگەر قوتابیەکە حەرفێك نەزانی پێی ئەوتری حەرفی ئەوەلە یا أخر لەدوای شارەزابوونی تەواوی ئەم پیتانە ئەمجا دەس پێی ئەکرا بەخوێندنی قۆرئان لەسەر تەرتیب حیجە هەر قوتابیەك قەڵەمو دەفتەرێك پێی ئەدرا بەدەس پێ کردنی قورئان دەس ئەکرا بەنووسین لەسەر سەر دێری کاغەز نووسین. وە رۆژانە تایەبەت هەبوو بۆ ژمارە نووسین ئەبوایە بەلای کەمەوە هەر قوتابیو فەقێیەك جەمعو تەرحو زەرب فێربوایە ئەی فەرموو ئەگەر ئێوە ئەمانە نەزانن کە بوونە مەلا چۆن میرات دابەش ئەکەن سبەینان زوو لە خەو هەلی ئەساندین بەرەو چەمی هەواسەن بەراکردن کە دەست نوێژمان ئەشۆری بەراکردن ئەیهێنانیەوە.

لەمزگەوتدا ئەبووە ئیمامو ئێمەش جەماعەتمان ئەکرد. کە لەنوێژو وێردەکان ئەبوینەوە لەبەر هەیوانی مزگەوتەکەدا رای ئەگرتین بۆ وەرزش کردن. لەپێشەوە سرودی ئەی منالینە بابچینە مەکتەبی پێ ئەخوێندینەوە ئینجا راهێنانێکی سەربازی بەکوردی بەماوەی نیو کاتژمێر وەرزشی پێی ئەکردین. لەپاش تەواو بوونی وەرزشە کە سرودی دڵ لەدەردی وەتەن پەستوگیراوەی پێی ئەخوێندینەوە. ئەمجا سفرە رائەخرا بۆ نانو چای خواردن. لەدوای چاو نان خواردن دەس ئەکرا بەدەرس خوێندن. هەریەکە لەبواری دەرسیی خۆیدا لەدوای پشویەك دەرسی لەبەر بوون هەبوو بۆ قوتابیەکان. دەرسێکی ئاین وەك ئەسلی دینو ناوی حەزرەتو وەچەو نەسەبیو شوێنی لە دایك بوونیو ساڵ کۆچ کردنو فەوت کردنیو ماوەی پەیامبەرایەتی*.

دەرسێکی جوغرافیای عێراق مەساحەتی پانو بەرینی سنورەکانی لە هەر چوار گۆشەیەوە دەوڵەتەکان کێن. ناسینی دەریاچەکانی سنورەکانی لەکوێوە دێو بۆب کوێی دەروا شاخە بەناوبانگەکانیو مەساحەی بەرزی رێژەی کشتوکاڵ ئەوانەی بە زۆری لەعێراقدا بەکاردین کانگاو کانزا تەبیعیەکانی ژمارەی موحافەزەکانی لەگەڵ ناوەکانی وە لەگەڵ ژمارەی گشتی عێراقدا. دەرسێکی پاكو تەمیزی سیحە. دەرسێکی ئەخلاق هەر یەکە لەم دەرسانە رۆژی تایبەتی خۆی هەبوو کە لەبەر پێی ئەوترا. لەدوای دەرس خوێندن قەڵەمو دەفتەر حازر ئەکرا بۆ فێربوونی نووسین. پرۆگرامی فێرکردنی نوسینی قوتابیو فەقێی مامۆستا کاکە حەمە کوردی بوو لەو سەردەمدا زاناکانی کوردستان لەحوجرەکانیان بۆ فێربوونی نووسین (تۆماریان) بەکار ئەهێنا چەند کاغزیەکی فارسی کۆئەکرایەوە ئەدرایە دەم یەكو ئەدرایە فەقێی بۆ ئەوەی لەبەر پێنوسی فێری نووسین ببی.

بەڵام مامۆستا لەپێش عەرەبیو فارسیدا نووسینی کوردی بەقوتابیەکانی فێر ئەکرد کە کاتیی فێری کوردی ئەبو ئەمجا فێری نووسینیی عەرەبی فارسی تورکی ئەکردن زۆر جار گلەی لە زانا ئاینیەکان ئەکرد ئەیفەرموو زمانەکەی خۆیاینان فەوتاندوەو زمانی بیگانە زیندو ئەکەنەوە، یا لەبەکارهێنانی وشەی عەرەبی لەجیاتی کوردی ئەی فەرموو ماموستا ئەمە دەرسی کوردی ئەڵێتەوە. ئەڵێێ (الكليمە) کەلیمەی (الفز) لەفزیکە (موزوع) مەوزوع بی. دەباشە ماموستا ئەمە کامەی کوردیە نە مامۆستا خەتیکی زۆر خۆشو جوانی هەبوو ئەوانە لای مامۆستا ئەیانخویند خەتیان زور جوان یوو. چونکی راهێنانی نووسیی ئەکردن.

ماموستا محمود ئەڵێ ماموستا بۆی گیراوینەوە، کتێبێکم ئەویست کە بیخوینم بەڵام کەسم دەس نەکەت پیم بلێی بۆیە رویشم بۆ لبنان بۆ خوێندنی ئەو کتێبە، لەویش زورگەرام کەسم دەست نەکەوت کەسێکی ئەهلی تەشەیع ئەودەرسەیان ئەوەتە، لەدوای دەرسەکەچومەلای ئەوزانایە داوام لیی کرد کەچێگەم پیی بدا ئەوکتێبە بخوێنم، لەدوای دەس ماچ کردن وتی (ئەز کوجائ ئامەدی) گفتم (ئەز هەمەدان بەرای زیارەت وە خواندنی ئین کتاب ئەویش موافەقەکردو لەویێ مامەوە هەتا ئەوکتیی بەم خویند، ئەمجا گەرامەوە بۆ سایمانی، ماموستا لەسلیمانی بەرەشبگیری تورك ئەیگرێ. ئەوکاتەی کە عیراق لەژیر دەستی تورکەکاندا بووە. بەپیادە ئەیبەن بۆ بەیروتی لبنان، لەویی ئەکریێ بەعەسکەر لەبەر زیرەکیو لێهاتوشی نیشان (عەقیدی) پیی ئەبەخشن. لەریزی سوپای تورکدا ئەینێرنەوە هەتا ئینگلیز عیراق داگیر ئەکاو تورك دەرئەچێ. مامۆستا بەبریندراری ئەگیرێی، لەخەستەخانەدا ئەتوانێ ڕابکا چونکە برینەکەی سوك دەبێ.

ماموستا فەقێی زۆرخۆش ئەویست هەرچییەکی دەسکەوتایە بۆ ئەمانی سەرف ئەکرد دەیان جار بینیومە لەباقوبەرەوە خەڵقی ناردوە بۆ خانەقین کە بابیان هێناوە بۆ فەقییێ. هەموو شەوانیك ئەبوایە میوە خواردن ببوایە ئەگەر هاوینە بوایرتکاروینە ئەگەر زستان بوایرزستانە، شەوان کاتی خەوتن مامۆستا داستانو بەسەرهاتی بۆ فەقیی ئەگیرایەوە داستان رۆسەمو زوراب ئەوکاتە هەبوو بە فارسی نووسرابوو بەحەوت بەش مامۆستا وەریگیرابوو بۆ کوردی هەموو شەوانێك پارچەیەکی بۆ ئەگێراینەوە نزیکە مانگێکی زیاتر ئەخایان. ئەم داستانەی لەناو مەکتەبە دەوڵەمەندەکەی مامۆستادا بوو بەداخەوە وەکو باقی کتێبەکانی تری ئەمیش نامێنێ.

## مامۆستا لەبواری کۆمەڵایەتی

مامۆستا دەستێکی باڵای و بەنرخی هەبوە لەبواری کۆمەڵایەتیدا. هەرچەندە زانایانی ئاینی بەزۆری لەم بوارەدا پێش رەوی هەموو چینو توێژیکن، بەڵام مامۆستا کاکە حەمە زیاتر خەم خۆری گەلی کورد بووە بۆ ئەوەی هەموویان براو تەبابن وەهیج ناکۆکیەك لەبەینی هیچ خێزانو بنەماڵەو قەومو عەشیرەت دروست نەبێ. بۆیە هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی ئەکرد.

ئەی فەرموو برابن دوژمنایەتی یەکتر مەکەن چونکە میللەتی کورد ماف خوراوی دەستی دوبەرەکیو دوژمنایەتیە. میللەتی کورد هەلی زۆر بۆ هەڵکەوتوە کە ئازادبێ بەڵام دوژمنەکانمان بەشەڕی کورد بەکورد ئەو هەلەی بەئاسانی لەدەسی وەرئەگرێتەوە.

بەزۆری شێخو ئاغاکانی ئەو ناوچەیە هاتوچۆی لای مامۆستایان ئەکرد بەبێ شەرم کردن قسەی لەگەلا ئەکردنو ئەیفەرموو خەڵك بەناحەق ئەچەوسێنەوە. ئێوە چی جیاوازیەکتان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا هەیە ئەو دەسەڵاتەی هەتانە ئازای خۆتان نیە میری ئەو دەسەڵاتەی پێی داون مامۆستا واعیزی سەیاربووە لەناحیەی میدان هەموو گوندەکانی ئەگەڕا. لەهەر گوندێکی خەڵکی گوندەکەی کۆئەکردەوە ئامۆژگاری ئەکردن. ئەگەر ژن و مێردیش ناکۆك بواین رێکی ئەخستن. لەلای خەڵکی ناوچەکەوە زۆر رێزو حورمەتی لێ ئەگیرا. هەتا کاربەدەستانی ئەو سەردەمە دەوڵەتی پادشایەتی زۆر بەنرخەوە تەماشایان ئەکرد.

چەند جار من خۆم بینیومە قایمقامی قەزای خانەقین کە بۆ سەردانی ناحیەی میدان ئەهات لەپێش ئەوەدا بچێتە ناحیەکە ئەهات بۆ لای مامۆستا کاتێ کە ئاگادار ئەبوەوە لەهاتنی قایمقام هەموو قوتابیەکانی ریز ئەکرد. کە

قایمقام دائەنیشت سرودی ئەی منالّینەی پێ ئەخوێندنەوە. ئەمجا مامۆستا یەکێك لەقوتابیە زیرەکەکانی دەست نیشان ئەکرد. لەپێشدا پرسیاری ئاینی لێ ئەکرد لەناوی خوا لەناوی پیغەمبەر(ص) لەدایك بوونی لەکۆچ کردن لەبنەماڵەی لەعەشیرەتی لەماوەی پێغەمبەرایەتی لەکاتی بوونی بەپێغەمبەری لەئەسلی دین و فەرعی دین، ئەمجا پرسیاری سیحەو تەندروستی. ئەمجا ئەخلاق ئەمجا جوغرافیای عیراق. ئەو قوتابیە مامۆستا هەر پرسیارێکی لێ بکردایە زۆر ئازایانە وەڵامی ئەدایە. بۆیە ئەبو جێگەی سەرسورمانی پیاوانی میری. ئەوەنەی تر خۆشەویستو بەرێز ئەبوو لایان مامۆستا میری ئەو سەردەمە سەرپشکی ئەوەی کردبوو کە نابێ هیچ مامۆستایەکی ئاینی ژن مارە ببڕێ لەگوندەکانی ناحیەکەدا تەنها ئەو نەبێ. بەلام مامۆستا ئەم فەرمانەی جێ بەجێ نەئەکرد.

هەر گوندێك مامۆستای بوایە. مامۆستاکەی بانگ ئەکرد ئەی فەرموو ئێوە نیکاحی خۆتان بکەن. من تەنها هەر ئەوەم ئەوێ ئەو نیکاحەی ئەی کەن ناوی ژنو ژن خوازو ژن بەشودەرو شاهێدو ژمارەی مارەیی بەقەرزو حازرەوە بۆیی بنوسن و بۆیی بهێنن ئەگەر میری پرسیاری کرد خۆم وەڵامی ئەدەمەوە.

شێخی نەمر شێخ محمود پەیوەندێکی زۆر گەرمی لەگەڵ مامۆستادا هەبوە دایم کاغەزی بۆ ئەنوسی..

مامۆستا محمود کە قوتابی مامۆستا بووە. وتی لەساڵی ١٩٤٢ لەسەر دەعوەتی شێخ محمود مامۆستا بانگ ئەکرێ لەگەل شێخەکانی قەلاگە بۆ سەردانی منیش ئەوکاتە لەخزمەتیدابوم یەك هەفتە لە (داری کەلی) شێخ نەی یەلا بگەڕێنەوە. کاتێ مۆلەتی گەرانەوەمان وەرگرت شێخ لەگەڵ مامۆستادا هاتە دەرەوە بۆ خواحافیزی کردن کاتێ خواحافیزی کرا شێخ دای بەسەر شانی مامۆستادا فەرموی تۆ لەبابە علی کوڕم راست ترت کرد.مامۆستا زۆر خەمی ژێر دەسەی میللەتی کوردی هەبوو. بۆیە هەمیشە بەدەم هەمو ئازارو ڕوداوێکی خۆش و ناخۆشی گەلەکەیەوە بوە. لەهەر لایەك و لەهەر ناوچەیەك بووە نەی یەلاوە کەشتی ناخۆش و نارەوا ڕوبدا. ئەتوانم بلێم دکتۆرێکی لێی هاتوی ئازابوە بۆ پێك نوساندنەوەی کۆمەڵێی کوردایەتی. مامۆستا چەن شتێکی فەرمو وەك کەرامەتێك بووە بۆ ئەو:

یەکەمیان: ئەمەیە لەساڵی ١٩٥٨ کە مامۆستا لەچیارەزا بووە ئەوکاتە گیسکێك بە ٧٥٠ فلس بوو فەرموی خەڵکینە ڕۆژیك دێتە پێشەوە ئەوەی بمێنی بەچاوی خۆی ئەی بینێ کە مریشك بەلاق لاق بفرۆشرێ. ئێستاکە ئێمە بەچاوی خۆمان فەرمودەکەی مامۆستامان دی کە بەراست دەرچوو هەموو جارێگ خەڵکی ئەو گوندە وەك کرامەتێك بۆ خەڵکی ئەگێرنەوە.

دووەم: مامۆستا محمود وتی کاتێ مامۆستا لەچیارەزا گەڕایەوە باقوبەرە لەساڵی ١٩٦١ من جمع الجوامیعم ئەخوێند بەیانیەگ فەرموی محمود وەرە دەرسەکەت بخوێنە لەکاتێ کەلەدەرس بوینەوە فەرموی من خەوم دیوە دایکم بانگی کردم لەم هەفتەیەدا ئەمرم هەر لەو حەفتەدا نەخۆش کەوت بەنەخۆشین بردیانەوە لەسلیمانی کۆچی دوای کرد. مامۆستا ئەیفەرمو بەکەس مەلێی باش کەوتت باش ئاگاداربە خۆت نەخەیتە درۆوە. هەموو جارێ ئەی فەرموو من هەتا نەمرم کەس نازانێ من چیم. زۆر بەداخەوە ئەوە مامۆستا چل و یەك ساڵە فەوتی کردووە ئەو هەمو خزمەتەی کردووە کە من گۆشەیەکی زۆر بچوکم باس کردووە هێشتا کەسێك نەبووە بەتێرو تەسەل باسی ئەم کەلە پیاوە کورد پەروەرە هەتا ئێستا وەك من لەسەر دێری ژیانەکەیدا نووسیومە ئەستێرەیەکی ون لەئاسمانی کوردەواریدا هەر ونەو میللەتی کورد نازانێ مامۆستا کاکە حەمە کێیەو چی بۆ کورد کردووە. حکومەتی بەعس کاتێ کە خوێندنی کردە ئیلزامی لەخوێندنەوەکەیدا تۆزێك مامۆستای ناساندبوو لەژێر سەردێری مامۆستای نەمر، بۆیە ئەڵێم بەحکومەتی هەرێمی کوردستان تکایە هەوڵ بدەن ئەوەی خزمەتی دۆزی کوردی کردووە بیناسێنن بە کورد.

## مامۆستا لە بواری زانستدا

مامۆستا لەبواری زانستدا چرایەکی روناك و جوان و گەشاوەبوو زۆر زیرەك و شارەزاو دەم پاراو رەوان بوو، بەشوێن خوێندنی ئایینی فێربوونی زمانی عەرەبی لای زاناکانی سلێمانی و سابلاغ و سنەو سەقزو سەردەشت و باقی زانا بەناوبانگەکان گەراوە ئیجازەی مەلایەتی لای مامۆستا بەهائەدین ناوێك وەرگرتووە. لەکاتی دەرس وتنەوەدا نەمبینیوە وەك باقی مامۆستاکان موتالەعەی کتێب بکات لە دەرسە سەرەتاییەکانەوە هەتا ئەگاتە کتێبە دوایەکان وەك (موختەسەرو عەقاید) مامۆستا وەنەبێ تەنها لەبواری دوانزە عیلمە مەشهورەکان تەوانای هەبێ بەلکو لەبواری ئەو دەرسانەی کەلە قوتابخانەکاندا ئەخوێنرێ وەکو مێژوو و جوغرافیا تایبەت بەعیراق وەجوغرافیای گشتی عالەم. ژمارە حیساب و هەندەسە بەهەموو بەشەکانیەوە زانیوە. عیلمی ژیوار ناسیی هەتا ئاخر شارەزایەکی زۆر چاکی هەبوو بەتایبەت لەعیلمی کیمیاو فیزیادا .کاتی وا بوو نەبونی بێ مەسرەفی وای لێ کردوە کەدەس بداتە (سکە دراو) دروست کردن وەك بۆمانی گێراوەتەوە لەساڵێك لەساڵە گرانیەکان نان خۆش دەبێ کیسەیەك ئاردیان ئەبێ لەحوجرەدا شەو سەگ ئەی خوا بەیانی فەقێیەك بەگریانەوە ئەچێتە لای مامۆستا ئەلێی مامۆستا ئاردەکەمان سەگ خواردویەتی.

مامۆستا ئەفەرموێ مەگری مامۆستاتان خۆش بێ.. ئاردتان بۆ زۆر دەکا.. ئەو ڕۆژە دەس ئەداتە دراو دروست کردن هەتا ئێوارە زیاتر لەسەد مەجیدی کەرواجی ئەو کانە بوو دروست ئەکاو.. ئەفەرموێ ئادەی فەقێی چی پێویستە برۆن بیگرن .

لەوەرگێراندا زۆر بەتوانابوە عەرەبی بۆ کوردی.. فارسی بۆ کوردی.. تورکی بۆ کوردی. بەپێچەوانەشەوە زۆر لێی هاتوبوو. لەسەر ئەمانەشەوە زمانی فەرەنسی زانیوە.

مامۆستا بەئەغلەب ڕۆژو شەو قەڵەم و وانەکەی لەدەس دانە ئەنا خەریکی وەرگێرانی عیلمەکان بووە چونکی هەموو ئەو عیلمانەی کە فەقیۆ قوتابی ئەی خوێند ئەبی لەسەریەوە بەحاشەیە بەکوردی بینەسیایە لە عەوامیلەکانەوە هەتا موختەسەرو شەرح عەقاید .ئەم کتێبانە کە ژمارەیان (٤٠) دانەیە وەری گیراونەتە سەر زمانی کوردی وەك لەکتێبی زانین و زانیاری کەبەرگی یەکەمی منهاجە کەمامۆستا وەری گیراوە وە مامۆستا محی الدین قەرەداغی بەچاپی گەیاندووە . ئەویش لەسەرچاوەی کتێبەکەی مامۆستا شاکرو...مامۆستا نەریمانەوە وەری گرتووە کە بۆ ژیان نامەی مامۆستا نوسیویانە .

ئەمەش ناوی کتێبەکانە

| | |
|---|---|
| ١– قورئانی پیرۆز ماناکەی | ٢١– مەبادئی هەندەسە |
| ٢– نەحو لەسەری تەرتیمی کافیە | ٢٢– حیسابی ساغەو پارچە |
| ٣– سەرف لەسەر تەریبی شافیە | ٢٣– ئەشیای حەیوانات |
| ٤– استعارەی مەلا ابو بکر | ٢٤– ئەشیای زراعە |
| ٥– وضع | ٢٥– سیاحە |
| ٦– مەنتیق لەسەر تەرتیبی بورهان | ٢٦– تەجویدی قورأن |
| ٧– عیلمی موحاسەبە | ٢٧– قانونی لەزمە |
| ٨– عەقایدی نەسەفی | ٢٨– لوغەتی عەرەبی |
| ٩– عیلمی کەلام | ٢٩– مێژووی کورد |
| ١٠– ئسولی فیقەو تەرتیبی جمع الجوامع | ٣٠– عیلمی فیزیا |
| ١١– تشریح الافلاك | ٣١– لوغەی فەرەنسی |
| ١٢– عیلمی بەلاغە | ٣٢– ئامۆژگاری زمانی کوردی |
| ١٣– منهاج وتالبین | ٣٣– وەرزشی بەدەنی |
| ١٤– مەعلوماتی ئایینی | ٣٤– تأریخی تەبیعی |
| ١٥– ئەخلاف | ٣٥– عقوباتی بەغدادی |
| ١٦– قەواعیدی کوردی | ٣٦– قانونی ئەرازی |
| ١٧– مەعلوماتی مەدەنی | ٣٧– قانونی تەسویە |
| ١٨– جوغرافیای عیراق | ٣٨– عوقر لەزمە |
| ١٩– جوغرافیای گستی | ٣٩ – واجباتی زارع |
| ٢٠– تأریخی گشتی | |

# مامۆستا لە بواری سیاسەتدا

مامۆستا ئەوعەقڵ و هۆش و زانیاری و سیاسەتەی کە هیبـووە هیـچی بـۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاری نەهێناوە. چونکە ئەگەر لەپێناوی خۆیـدا بـۆ دەسـتکەوتنی مەنـسەبوو رئاسـەت وکورسـی و سـوفرەی چـەوری رزاوە بەکاری بهێنایە چ لەسەردەمی تورکەکاندا چ لەسەردەمی داگیر کەرانی عیراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە یالەسەردەمی پاشایەتی عێراقدا بەرزترین مەنسەبی دەس ئەکەوێت، وەك لەخوارەوە نمونەیـەکتان بـۆ ئەگێرینـەوە، گـەورەترین سیاسەتی مامۆستا بەکاری هێناوە لەو سەردەمەدا وە تیدا سەرکەوتوو بووە خزمـەت کردنـی گـەلی کـورد بـووە لەڕوانگـەی فێرکردنیـان بەخوێنـدن و پـێ گەیاندنیان بەبیرو باوەری کوردایەتی مامۆستا وەك عـادەتی خـۆی بـەیانیان وەرزشی بەفەقیەو قوتابی کردووە، لەپێشەوە سـرودی ئـەی منداڵینـەی پـێ ئەوتن، بەسرودی دڵ لەدەردی وتـن پـەسـت و گـیراوە کۆتـایی ئـەهێنا کـاتێ لەزەنگنە دابـوە ئـەم دوو سـرودە ئـەدزرێ و ئـەدرێ بەحکومـەتی پادشـای، رۆژێك تەبلیغ ئەکرێ لەبەغدا رەشید عالی کە وەزیری ناوخۆی ئەوکاتـە بـووە بانگی ئەکا، مامۆستا تەشریف ئەبا، کە ئەچـێتە لای رشـید عـالی پێـی ئـەڵێ تۆخـەیاڵێکت هەیـە بەرامبـەر بەدەوڵـەت خـەریکی ئـەوەی میللـەتی کـورد لەحکومەت هەڵبێنی ،شایەت مان ئەم دوسرودەیەکە بەقوتابیـەکانی ئـەڵێی، سرودەکەی لا ئەبێ پیشانی مامۆستای ئەدا، مامۆستا ئەفەرموێ من عەرەبی نازانم با کەسێك بۆمی تەرجومەکا رەشید عـالی پـێ ئەکـەنێ ئـەڵێ مامۆسـتا هەڵمان مەخەڵەتێنە، دەست ئەبا یەك دووکتێب کـەوەرگێرانی مامۆسـتا بـوە لەعەرەبیەوە بۆ کوردی دەرئەهێنێ ئـەڵی ئـەدی ئەمـە هـی کێیـە، مامۆسـتا ئەفەرموێ ئەمانە کراون بەکوردی من نەم کردووە.

رەشید عـالی ئـەڵێ بەڵگـەی تریـشمان هەیـە کـەتۆ خـەریکی چـیت، باشـە زەنگەنە ،ناوچەیەکی وشکی دەیمی بـێ دەسکەوت و بـێ دەرامـەت، خـۆت گەیاندۆتە ئـەو شـوێنە کۆمـەلێکی زۆری فـەقیو قوتابیـانی ئـەو ناوچـەیەت کۆکردوتەوە، ئەمە تەنها یەك شت ئەگەیێنێ ئـەویش ئەوەیـە کـەتۆ بەرامبـەر بـەمیری خیاڵێکت لەمێشکدایە، لەمـەودوا تۆنـابێ بچیتەوەو ئـەبێ لەبەغـدا بمێنیتـــەوە بـــۆ دەرس وتنـــەوە، هەمودەرســێك دینارێکــت بــۆ دیــاری ئەکەین.مامۆستا ئەفەرموێ بەغدا زانیاری زۆری تیایە پێویـست بـەمن ناکـا، من حەز لەوە ئەکەم لەشوێنێك خزمەت بکەم کەزانیاری تیا نەبێت بۆ ئەوەی رۆڵەکان وریا ببنەوە، بۆ ماوەی هەفتەك مامۆستایان گیردا بۆ ئەوەی أجباری کا کەبچێت بۆ بەغـدا، ئەفـەرموێ :رۆژێـك بـۆ ئوتێلەکـەی خـۆم ئەگەرامـەوە توشی (ئەدمنسی) سیاسەتمەداری ئینگلیز بوم کەلـە عێراقـدا کـاری ئـەکرد، لەوەو پێش ئەم ناسی لەدوای تەوقە کردن و چاکوچۆنی وتی من ئیشم بـەتۆ هەیە بابچینەوە بۆ ئوتێلەکە، کە چوینە ئەوێ خەریتەیەکی دەرهێنـا کـە بـۆ سنورەکانی عێراق ئێران دانرابوو لەسنوری کورستانەوە وتی ئـەم خەریتەیـە کەم و کوری تیایـە تـۆ لـەبواری جوغرافیـای عێراقـدا بەتایبـەتی کوردسـتان شارەزایت هەیە بۆم چاك کە ،منیش ئەمەم بەهەلێکی چاك زانـی بـۆ ئـەوەی لەدەستی رشید عالی رزگار ببم، وتم بۆت چاك ئەکەم بەشـەرتێك وتـی چـیە؟ فەرمووی رشید عالی دەیـەوێ لەبەغـدا دەس بەسـەرم کـاو دام بـنێ، منـیش ئەمەوێ بگەرێمەوە بۆ کوردستان، هەر لەوێدا تەلەفۆنی کرد بۆ رەشـید عـالی کتوپڕ رەشید عالی وتی باشە ئەمجا منـیش لەسـەر پەیمانکـەی خـۆم دەسـم دایە نەخشەکەو هەموو کەموکوریەکانم بۆچاك کرد، لەپاشا گەرامەوە بـۆ نـاو زەنگەنە.

مامۆستا ئەفەرموێ کـاتێ لەکرپجینـە بـوم کەسـێك هـات بـەناوی مـەلای میسری لەتەکیەدا بوو، هاموشۆی لای منی ئەکرد زۆر خۆی بەموسـوڵمانێکی تـەواو پیـشان ئـەدا هەمیـشە خـەریکی نوێـژ کـردن و عیبـادەت بـو دەرسـی قورأنی ئەوتەوە ،کەئەکەوتە نوێژ کردن دەیان نوێژی لـەپاڵی یەکدا ئـەکرد، سەرنجی خەڵکی ئەو ناوەی بۆ خۆی راکێشابوو، رۆژێك شـێخ تـاهیر قـورأنی ئەخوێند، گوێم لـێ بـوو ووتـی عێـراق زەعیـف کـاتێ ئەمـەم بیـست کەوتمـە گومانەوە!

کەئەمـە شـتێکەو شـتێکی لـەژێر سـەردایە، ئـەگینا قورئـان خوێنـدن چ عیلاقـەی بـەزەعیفی عێراقـەوە هەیـە رۆژی دوایـی رۆژی جومعـە بـو منـیش هەڵسام خوتبەیەکی زۆرکاری گەری سیاسـەتمەدارانەم خوێنـدەوە کـاتێ کـە لەجومعەکە بوینەوە، هەواڵیان پێدام مامۆسـتا مـەلا میـسری رۆیـشت، کـاتێ تەماشامان کرد لەگوندەکە دور کەوتوتەوە، منیش کەسێکم نارد بـۆ ئـەوەی بگەرێتەوە کەزەلامەکە نزیکی بووە لای کردوە وتی مەیەن من ناگەرێمەوە.

وای زانی بـوو لـەمانای خوتبەکـەم کـەپێم زانیـوە چیە کـاتێ گەیـشتەوە شـاری سـلێمانی (ئەدمنـسی)کاغـەزێکی بـۆم نووسـی مامۆسـتا ئـەو مـەلا میسرییەی کەلاتان بوە ناوی (لـورانس )بـوە انگلیزیـە ئەگـەر بتـان ناسـیایە کاری زۆری بۆ ئەکردن ،ئەمە بۆ سیخوری کردن هاتبو بۆ لای مامۆستا بزانێ خەریکی چیە مامۆستا توانیویەتی سیاسەت مەدارانی أینگلیز بخەڵەتێنێت.

لەکاتێکدا کە (ئەدمنسی) بوو بەحاکمی سیاسی سلێمانی مامۆسـتاو زانـا ئاینیـەکانی شـاری سـلێمانی کۆبونـەوە کەبـچن بۆخێرهـاتنی ،وتیـان ئێمـە هاتووین بەخێر هاتنت بکەین دوعا گـوێی تـۆین، مامۆسـتا وتـی ئـەم قـسەیە نابێ چونکە ئەو کابرایەکی أینگلیزە باوەری بەدوعا نیە، بەڵام کەچـوین مـن قسە ئەکەم، کـاتێ کەچـونە لای (ئەدمنـسی) مامۆسـتایەکە تەقـدیمی کـردن لەپاشا فەرمووی ئەمانە زاناو عولەما رۆحانیەکانی شـاری سـلێمانین هـاتوون بـەخێرهاتنت ئەکـەن . (ئـەدمنس) ئەمـەی بینـی زۆری پـێ خـۆش بـوو خێرهاتنێکی گەرمی کردن وموچەیەکیشی بۆ برێنەوە . من وای ئەزانم تـەنها ئەمە بەسە بۆ سیاسەتمەداری مامۆستا کەلەوکاتەدا میللەتی کورد.

دەوڵەتـەکانی ئـەو سـەردەمە هـیچ حسابێکی بۆنەکردوون،وەدانـە دانـە قوتابخانەکانـە لەشـارەگەورەکاناکردوەتەوەو وە بـۆ گونـدەکانی کوردسـتان بەتـەواوی بـێ بـەش بـوون لەچرای خوێنـدن ئەمـەش سیاسـەتێەك بـوە کـە دوژمنـانی کـورد بەرامبـەر بەمیللـەتی کـورد بـەکاریان ئـەهێنا ،هـەتاوەکو ئاغاکانیـان هـەڵ ئـەنا بۆئـەوەی منداڵـەکانی گونـدەکان نـەخوێنن مامۆسـتا توانیویەتی بەبێ هاوکاری هـیچ کەسـێك لەهـەر گونـدێکا بـەدەیان قوتـابی و فەقێ ێ بگەێنێ **بۆیە ئەڵێم ئەبوایە لەهەر شارێکی کوردستان پەی کری ئەم زانا کوردە بوایە وەلەژێرەوە بنوسرایە ((چـرای رونـاکی وڵاتەکـەمان )) .**
جێگەی داخە کە هەتائێستا ئەم زانا بەناوبانگە کەهەموو ژیانی بۆ کوردو بـۆ گەلی کورد تەواو کرد هێشتا هەر فەرامۆشەو تۆزێك نەکەوتوتـە بـەر قەڵـەمی رۆشن بیران و نووسەران ... وەهیچ پاداشتێك ڕەنجە زۆرەکەی نەدراوەتەوە، ئومێدەوارم من توانیم بێ ئەم کەڵە کوردەم خستبێتەوە فکری گەلەکـەمان و نوسـوران و رۆشـن بـیران بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش بتـوانن ئـەم زانـاو دانایـە بەگەلەکەیان زیاتر بناسێنن، هەروەها خوێنەرانی گەلەکەشمان لەژیانی ئـەم زانا کوردە تۆزێك شارەزابن .

من لە کۆتای ئەم دیمانەیەدا ڕو دەکەمە رۆحی نـەمری مامۆسـتا و دەڵێم:

ماموستای نەمر گۆرت پڕ ڕەحمەت
ناوت وون نابـێ هەتا قــیامەت
تۆ هەموو ژیانت دابوو بەمیللەت
بۆ خزمەت کردن نەك بۆ ریئاسەت
قەڵەمـت چەك بـو لــە بـۆ ڕزگاری
بۆ کورد خوێندنت کردبوو بە دیاری
لـەجێگەی سەروەت یا ماڵ و خـێزان
رۆڵەی ئەم خاکەت بۆ کورد پێگەیان
دەتگوت رۆڵەکان بنواڕن دونــیا
بەچرای خوێندن جەهلی تیا نەما
کەچی گەلی کورد هێشتا لە دوایە
عالەم ڕاپەڕی کورد لە خەودایـە

بەچەکی قەڵەم بەریزی یەك بوون
زۆر زۆر ئاسانە دوژمن لەناوچوون
ئامۆژگاری تۆ ماموستای نەمــر
بۆ میللەتی کوردلەحەڵوا خۆشتـر

ئــەبوایە ناوت ویسامێ بوایە
لــە بەرۆکی گشت کورد بدرایە

شەرتە ماموستا وەك شاگردی تۆ
حمید یـادی تۆی لەبیر نەچێتۆ

# ژیاننامـا ماموستا (مەلا کەرەم) باکورمانی خودێ ژێ رازی (١٩٠٣-١٩٨٤ز)

مەلا صدرالدین محمد کادانی- زیباری



گـەلو زور فـەرە کـو ئـەم ئـەم ئـەڤرو وە فاداری بکاربینین و شانازییێ ب ڕابردوییێ خوو ملـەتێ خـو و زانـاو بـەرێزێن خـو بکـەین و نـەهێلین جهـێ تلێـت وان وخزمـە تـا پـڕ بەرەکاتاوان بە زرببیت و بنـەوە ێـن ل دویـڤ مە ڕاتێن ڕابگە هینین مێژوویا وانا پڕخە باتو سەروەری ب هە دەر نە چیت.

خـودێ لێ خوشـبوی ماموسـتاو زانـایێ ژێ هـاتی (عبـدالکریم عبـدالله کـرم) بـەرنیاس ب (مەلا کەرەم باکورمانی) ئێکـە ل وان مـەلاێت بناڤ و بانگێت دەڤەرا ئاکرێ ل سالا (١٩٤٥ – ١٩٨٠) زچـونکە شـیایە دڤـێ ماوەیێـدا خزمەتـەکا بهێـز پێشکێـشی ئـاینێ پـیروز بکـەتو هەسـتا ئـاینی و رەوشـە نـبیری و کومەلآیـە تـی و کـورد پـەروەرییێ دنـاڤ هـە موچـینێت خـە لکـێ دە ڤەرێـدا بـەلآڤ بکـەت. نوکـەش زورل پـە یـڤ وحیکـەم وقـسێت جـە نابێ وی ماینە وجهـێ ڕێـزو تەقدیرێنـە ل نـك خە لکی.

زوربـەیێ ئـەو مـەلاو زانـاییێن دەڤـەرێ کـو خزمەتا ئاینێ پیروز دکەن پشکەك ل خوندنا خو ل (مەدرەسا مزگـەفتا باکورمـان) ل سـەر دەستێ ڤی زاتەی وەرگرتیە. ماموستا (مـە لا کەرەم) ل سالآ (١٩٠٣) ل گونـدێ سپینداریێ نزیـك شـارێ (ئامێـدیێ) ل دایـك بویـە ول بنەمالـەکا ئـاین پـەروەرو بەرنیاسـە ب (مـالا هەمزەوی) کە ل بنەرەتدا ل گوندێ (پێنـدرو) ل نافـچا مزیـری ژووری کوچـبەر بویـە بـۆ دەڤـەرا ڕێکـان و گونـدێت (خالکـاو مـازی) پێـشکو ل گونـدێ ( سـپینداریێ) ئـاکنجی ببیت.

سەرەتاییێ خوندنا فەقیاتێی ل سەردەستێ بـابێ خوبـو (مـەلا عبـدالله) پاشـی ل سـالآ (١٩١٥)ز دژییێ (١٢) سالییێدا بەرێ خو ددەتە شارێ ئاکرێ دەمێ شەڕێ (سە فەر بـەگلك – سەفەر بۆمرنێ) ئەوی بخوڤە دگێرا.

ل ئـاکرێ دەسـت بخوێنـدنا خـوکرە ڤـەو زوربە ییێ خواندناویش هـەر ل وێـرێ بویـە ل دەڤ هەردوو زانایێن بەرزو لێهاتی (قازی خالد ئەفەندی و مفتی هیبت الله) و دیـسان ل لایـێ مەلا (عمر) ئـاکرەیی. پاشـی بـۆ خوێنـدنێ ل زور جهێن دی یێن کوردستانێ گەڕ یایە وەکی (دهوك)یێ ل نك (مەلا احمد)یێ زاخویی پاشـی ل مەدرەسـا بلـێ و کـوییێ و دویمـاهی جـار ل (هەولێر)یێ ئاکنجی بـۆ هـەتا ئیجـازا مـەلاتییێ (١٢عیلم) ل نك ماموستاو زانایێ بناڤو دەنگێ وی سـەردەمی (مـەلا أحمـد مـە لا رسـول دهلیزی) کـە بەرنیاسـە ب (ابـن الـدهلیزی) ل هەیڤا رەبیعا ئێکـێ سـالآ (١٣٦٠ك –١٩٤٢) ز بدەست ڤەئینا.

پشتی وەرگرتنا ئیجازێ (شهادە) زڤریە ڤە بۆ ئاکرێ و ل گوندێ (باکورمان) وەکی پێش نڤێـژوو وتاربێـژ بفـەرمی هاتـە دامەزرانـدن و هەردوێ سالێدا خێزانـداری پێکئینا ل وێـرێ

ئاكنجی بۆ.

## دامەزراندنا مەدرە سا ئاینی ل گوندێ باکورمان

گوندێ باکورمان دکەڤیتە دویری (٢٠) کم ل رۆژئاڤایێ شارێ ئاکرێ ل بلندیا چیایە وب (تری) بەرنیاسە پشتی جێگیربونا سەیدای ل وێرێ ل سالا (١٩٤٢)ز دەست ب دامەزراندنا (مەدرەسەکا ئاینی) کرو جهێ ڤەحەواندنێ و خارنێ بۆ فەقیان (قوتابیان) دابینکر ب هاریکاریا خەلکێ گوندی کوبەر نیاسن ب مەردایەتێی و خزمەت کرنا فەقیان هەر وەك تێتە زانین کە ئەڤ جورێن (مەدرەسا) ئێکەم سەروکانی بون ل زوربەیێ دەڤەرێت کوردستانێ بۆ فێربونا خواندن و نڤیسینێ مەدرەسا ماموستا (مەلا کرم) ئێك بو لوان مەدرەسان لەوما فەقیان بەرێ خوداڤێ مەدرەسێ خواندنێ دەستپێکر ماددێن خواندنێش زانستێت ئاینی بون (وەکی: نحو صرف و منتق و بلاغەو... هتد) هە ژمارا قوتابیان گەهشتە زێدەتر ل (٢٠) کەسان. دەنگ و باسێ شیانێ و لێهاتن و شارەزایا سەیدای د(وانە) بێژێیێدا زور بەلاڤ بۆ، بویە ئەگەرێ وێ چەندێ کو فەقی ل دەڤەرا ئاکرێ بتایبەتی ل زێبارێ و هەروەها ل شێخان و ئامێدیێ و سوران و زور جهێن دی کو بەرێ خو بدەنە باکورمان ول ڤێ مەدرەسێ بخوینن.

هەژی گوتنێیە کوخوندن د مەدرەسا سەیدا (مەلا کەرەم)ی دا بۆ ماوێ (٤٠) سالا یا بەردەوام بو، دگەل ڤی ماوەییش ل شورەشا ئەیلولا نشتیمانی بەشداربو. سەیدا د(وانە) بێژێیدا زورعە بقەری و چالاك بۆ زوربەیێ مادان ل بەربون و ل وان کەسێت کود (مەدرەسا) ویدا خوینددی زانایێ بە رنیاس (شێخ تاهر شوشی) کە مەولیدە کا (ابن حجر)ی بدەست خەتێ خو بۆ سەیدایێ خو (مەلا کەرەم)ی نڤیسی بو، رێزو تەقدیرا خو تێدا دەربری بۆ سەیدایێ خو.

هەر وەسا شەهید (مەلا عبداللە اڤدل باکورمانی)و فەقی محمد کادانی وشێخ جامی چاربوتی وشێخ عبدالعزیز شرتی ومەلا عیسی شەهی وشێخ عزیز شوشی و مەلا عبدالرحمن چالی ومەلا زاهربانی و مەلا صالح بانی و مەلا عارف هەرنی و مەلا جبار کادانی و مەلا یوسف خدر کادانی و مەلا عبداللە صادق زیباری و مەلا سعید هەرکی و مەلا عبداللە خورتی و مەلا ممدوح مزیری و مەلا محمد تاهر گوهەرزی و مەلا حجی مەهیدی ژبلی ڤانە زور زورمەلایێن دی کە هەر هەمیان بلایێ کێمیڤە پشکەك ل خوێندنا خو دڤێ مەدرەسێدا بدوماهی ئینایە.

نمونەیەك: ل شارەزایی و عەبقەریەتا سەیدای دزمانێ عەرەبیدا: ڤە دگێرن کە کورێ سەیدای یێ مەزنترێ بناڤێ (محمد) پێش (شەهید بوناوی) قوتابی بۆ ل رێزا چواری ئامادەیی ل هەولێرێ دنیڤا سالێت شێستان ل تاقیکردنەڤێت سەرێ سالێدا ل وانا (قواعد)ا زمانێ عربی ڤەما بو دەدمێ بێنڤە دانا هاڤینێدا چوبولایێ (بابێ) خو ل چیایی لدەڤەرا رزگارکری سەر ب ئاکرێ ڤە ل گوندێ (بەرکە ڤرێ) ل وێرێ دەرسا خولنك بابێ خو خوندەڤە بۆجارا دوویێ ڤە دگەرێتەڤ هەولێرێ ل پاش ئەنجامدانا ئەزمونا خو ماموستایێ وی یێ عەرەبێی خەلکێ (مصری) بو دەرچوێی زانکویا ئەزهەرێ بۆ زور سەرسورمایی بوو لێ پرسی و گوتی: موستەوایێ تە یێ خراپ بو چەواتە هو رێکوپێك بەرسڤا خودایە ئەڤە کی ماموستای هاریکاریاتە کریە؟ ئەویش ئێکسەر گوتی چومە لایێ بابێ خو، ماموستای گوت: ئەرێ بوچی بەری وەخت تە نە دگوت بابێ من ماموستایێ زمانێ (عربیێ)یە بابێ تە ل کێرێ یە من دڤێت ببینم داکولێ فێربم (محمد)ێ گوتێ: تو نەشێی ببینی ماموستای لێ پرسی ئاخر بو من بێژە؟ گوتێ: چونکە بابێ من یێ دگەل شورەشێدا ل چیای ئەڤجا ماموستایێ (محمد) محمد ماچی کرو گوتێ: جێی شانازیێ یە کو زەلامێت هوییێت لێهاتی و زانا دزمانێ (عربی)ێ دا دناڤ رێزێن شورەشا هنگودا هەبن.

## هەڵوێستێ ماموستای بەرامبەر ڤەکرنا خوێندنگەهان

سەیدا (مەلا کەرەم)ی رولەکێ بەرچاڤ و بوێر هەبو بۆ هاندانا خەلکی بو فێرکرنا بچویکاو فرێکرنا وان بۆ قوتابخانا بەروڤا ژیا زوربەیێ زورێ ماموستایێن ئاینی یێن وی سەردەمی چونکە ل دەڤ سەیدای زورا سەیر بو دەمێ مەلا یەکی گوتبا: خوێندنا قوتابخانا زانستەکێ (مکروه)ە زور تأکید ل سەر ئایەتێن قورئانا پیروزو فەرمودێت پێغەمبەرێ خوشتڤی کە برون ئاشکرا دیار دکەن پاداشتا عیلم و زانستێ دناڤ جڤاکێ ئیسلامێدا چەندێ بەرزو پیروزە، دگوت: میللەتێ کورد پێتڤیەکا زورا ب عیلم و زانستێ هەیی داکو وەکی میللەتێن دی یێن موسلمان و جیهانێ بشێن هەردەم بژیانە کا ئارام ل سەر خاکا خو بژین.

ڤی هەڵوێستەی وە لێ کر کو دگەل کەسانێن مەزن یێت گوندێ باکورمان ل پایزا سالا (١٩٥٨)ز داخازنامەکێ ئاراستەی حکومەتا (ع. قاسم)ی بکەن و رەزامەندی هاتە وەرگرتن و هەردوێ سالێدا بۆ جارا ئێکێ (فێرگەهـ) ل باکورمان ڤەکرە ڤە و ماموستایش د پێش هەمو خەلکێ گوندی ناڤێن کورو کچێت خوتومارکرن دوێ قوتابخانێدا بخوش ژبلی مەدرەسا خو وەکی محازر ل وێ قوتابخانێ وانێن ئاینی دگوتنە قوتابیان. ئەڤ هەڵوێستەش دیسان بۆ جهێ نەرازیبونێ ل نك زور مەلا یێت برادەرێن وی بەلێ ماموستا هە رێ رژت بو ل سەر رەئیا خو و بوان دگوت پاشە روژ دێ دیارکەت کا هەڵوێستێ کێ لمە راسترە.

## هەڵوێستێ نشتیمان پەروەری

سەیدا (مەلا کەرەم) نە یێ بەرنیاسبوکە بتنێ زانایەکێ ئاینێی پایە بلند بو، بەلکو مروڤەکێ شورەش گێرو تێکوشەر بو، هەڵوێستەکێ کوردایەتیا توندو ب هێز هەبو ئێکەمین مەلا یێ (١٢) عیلم بو ل دەڤەرا ئاکرێ کوهەر ددە سپێکا شورەشا ئەیلولا نشتیمانی ل سالا (١٩٦١)ز دگەل تەڤایا خەلکێ گوندێ باکورمان پەیوەندی ب رابەرێ شورەشێ (مەلا مستەفا بارزانی) کری دگەل خێزانێن خوچونە دناڤ رێزێن شورەشێدا، فەتوایێن وی بۆ بەرگری کرنێ ل خاك و نشتیمانێ گەلێ کوردو باوەری بون بمافێت رەوایێن گەلێ کوردێ ستەم دیتی کاردانە ڤە یە کا کویرو دویر هەبو ل ناخو دلێ پێشمەرگەیدا.

تێبینی: ئەڤ ژیاننامەو پێزانینە من یێ ل کورێ خودا لێ خوشبوی هێژا (ئەندازیار: محمد سعید عبدالکریم)ی وەرگرتی رێڤەبەرێ رێکو پرا ل ئاکرێ .

## لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان رێز لە مامۆستایانی ئاینی دەگرێت




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مـەلاعولا روسـتایی:** بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ڕێزلێنان دەبەخشێتە شەش زانای ئاینی.

بەمەبەستی بەرز ڕاگرتن و نرخاندنی هەوڵ و ماندووبونیان، سەر لە بەیانی ٢٠١٣/٨/٢١ شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەخشی بە شەش زانای ئاینی ناوشاری هەولێر، بەرامبەر ئەو خزمەت و ماندووبونەی پێشکەشیان کردووە ، بەمزگەوت و موسڵمانان بە درێژایی تەمەنیان و سوپاس و پێزانینی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاڕاستە کردن و هیوای خواست بە تەمەنێکی درێژتر و تەندروستی باشتر زیاتر بەردەوام بن، لە خزمەت گەیاندن بە مزگەوت و کۆمەڵگەی کوردەواری.

## لقی سلێمانی یەکێتی زانایان زەوی بەسەر چەند مامۆستایەکی ئایینی دابەش دەکات

**ڕاگەیاندنی لـق/ مـلا محمـد کەڵکـە سمـاقی:** دوای هـەوڵو کۆششێکی بەردەوامی لقی سلێمانی بۆ دابین کردنی زەوی بۆ کۆمەڵێك لە ئەندامانی سەر بە لقەکەمان لەسنوری شارەوانی عەربەت ڕۆژی هـەینی بـەرواری ٢٠١٣/٩/٢٠ بەمەبەستی دابەشکردنی (٢٦) پارچە زەوی بەسەر ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە زەوییەکانیان بۆ دەرچووە لە بارەگای لقی سلێمانی یەکێتی زانایان بەئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا عباسو مامۆستا سعیدو مامۆستا محمد کەڵکە سماقی کارگێرانی لق ژمارەی زەوییەکانیان بەسەر مامۆستا بەڕێزەکاندا دابەشکردو بەڕێزەوە گشت مامۆستایان بەڕێکران. هەر بۆیە بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەگشت مامۆستا بەڕێزەکان دەکەین کە سودمەند بوون وە هیوادارین ئەو مامۆستا بەڕێزانەی تریش کە سودمەند نەبوون لە زەوی وەرگرتن زەوییەکانیان پێ بدرێتو لەکۆتایدا ئێمە وەك ستافی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان سوپاسو پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بەرانبەر ئەو هەوڵو کۆششانەی لەلایەن بەڕێز کاك (جەوهەر) سەرۆکی شارەوانی عەربەتو هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە هەوڵیان داوەو هەروەها سوپلسو پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی کاك سالار لەبەشی زەویو زار وە گشت کارمەندە ماندو نەناسەکانیان لەسەرجەم بەشەکانی شارەوانی عەربەت.




## لێژنەی فەتوای هەولێر لە هەشت مانگی ڕابردوو زیاتر لە ( ٧٠٤ ) کێشەی هاوڵاتیانی چارەسەرکردووە

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلاعولا روستایی:** لیژنەی فەتوای هەولێر، هەموو ڕۆژانی (دووشەممە و پێنج شەممە) لەبارەگای لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لە مزگەوتی صواف دانیشتنی خۆیان بەرێوەدەبەنو، خەڵکانێکی زۆر سەردانی ئەم لیژنە دەکەن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان، لەرێگای شەریعەتی ئیسلامەوە.

بەرپرسی لێژنەی فەتوای هەولێر مامۆستا مەلا ئەنوەر سێبیرانی، بە نووسراوێکی فەرمی لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٢٣، پێی ڕاگەیاندین کە ئاماری کارو چالاکییەکانی لیژنەی فەتوای هەولێر لە هەشت مانگەی ڕابردوو واتە ( ١ / ١ / ٢٠١٣ تاوەکو ٣١ / ٨ / ٢٠١٣ ) زایینی.

بەم شێوەی خوارەوەیە:-

١- ( ١٥٩ ) کێشەی تەڵاق خواردن.

٢- (٩٠) تەلاقدان، کە نووسراو کراوە بۆ دادگای هەولێر.

٣- (٨٥) کێشەی خولع.

٤- (٨٥) کێشەی دووبارەکردنەوەی مارەبڕین.

٥- (٦٤) کێشەی میرات.

٦- (٤٦) پرسیار دەربارەی کێشەی کرینو فرۆشتن

٧- (٩٠) پرسیاری دەربارەی کرین کەلو پەل بەقیست.

٨- (٦٠) پرسیار دەربارەی سولفەی خانووبەرە.

٩- (٢٥) کێشەی شیر خواردن.

بەم پێیە کۆی ئەم کێشەو داواکارییانەی لە لێژنەی فەتوای هەولێر یەکلایی کراونەتەوە گەیشتوتە (٧٠٤) داواکاریو هەریەکەیان دوای بەدوادا چوونو گرتنەبەری رێگای شەرعی چارەسەرو رێوشوێنی تایبەتی بۆ ئەنجامدراوە.

## لێژنەی فەتوای سلێمانی لە گۆڕستانێکی کۆن دەکۆڵێتەوە

**ڕاگەیاندنی لق / مەلا محمد کەڵقەسماقی/** ڕۆژی یەکشەممە بەرواری ٢٠١٣/٨/٢٥ لیژنەیەکی پێکهێنراو لە لقی سلێمانی بەرێز مامۆستا نجم الدین قادر بەرپرسی لق و مەلا عەتا پێنجوێنی جێگری لق و مەلا ابراهیم و مەلا سعید و مەلا محمد و مەلا عباس کارگێڕانی لق و بەڕێزان د. احمد شافعی سەرۆکی لێژنەی فەتوای باڵای سلێمانی و مامۆستا اسماعیل دێرەیی و مامۆستا عبدالله پەرخی ئەندامانی لێژنەی فەتوای باڵا پێکهینرا بۆ کەشفکردن و سەیرکردنی زەویەك لەگوندی کەڵکەسماق کە لەپێشتردا گۆڕستان بووە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر کە ئاسەواری گۆڕستانی پێوەدیار نەماوە، بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە گوندەکەدا. لە کۆتاییدا لیژنەکە ڕایانگەیاند دوایی پرس و ڕاوێژکردنی گشت ئەندامانی لێژنەی فەتوا بڕیاری کۆتایی دەردەکەن.

# سۆران: سەرۆکی یەکێتی زانایان چەند سەردانێك ئەنجام دەدات

**راگەیاندنی لقی سۆران:** بەڕێز مەلا عبداللە مەلاسەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو ستافەکەی و هەروەها یاوەری مەلا وەیسی مەلا سەعید بەڕێوەبەری ئەوقاف سۆران، سەردانی بارەگای لقی ١٠ ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن دکتۆر عەلی تەتەر بەرپرسی لقو کارگێڕانەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە دانیشتنێکدا باس لە باروودۆخی ئەمڕۆی کوردستانو بە پیرەوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان کراو، جەخت لەسەر قولکردنەوەی گیانی ئاشتیو برایەتی کرایەوەوخۆدوورخستنی سەرجەم لایەنە سیاسیەکان کە ببێتە مایەی نیگەرانیو تێکچوونی باری ئەمنی بە زەرورەت زانرا بۆئەوەی بە شێوەیەکی مەدەنیانە پرۆسەکە بەڕێوەبچێ، هەروەك لەو بارەشەوە رۆلی زانایانی ئاینی سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان لە تێگەیاندنی رۆشنبیری هەڵبژاردنو چۆنیەتی رۆیشتن بەرەو سوندوقەکانی دەنگدان بە بایەخەوە باسکرا.

لەلایەکی ترەوە هەمان شاند بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆرانی بەسەرکردەوەو لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردە مامۆستا عەزیز سەعید پێشوازی لێکرا، لەو دیدارەی نێوانیاندا رەوشی پەروەردەو خوێندن لە سنورەکە هەلوەستەی لە بارەوە کراو، شاندەکە هیوای خواست سالی نوێی خوێندن سالێکیتر بێت لە بەرەوپێشچوونی بواری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستانو بەرزبونەوەی ئاستی زانستی ناوچەکە، هەروەك هەردوولا رایانگەیاند کە مامۆستایانی ئاینی بەردی بناغەی فێرکردنو هزری رۆشنبیری بوونە لە کوردستان.

دوابەدوای سەردانەکەیان بۆ پەروەردەی سۆران، شاندەکە دەزگای ئەیلولی سۆرانیان بەسەرکردەوەو ئەمەو لەلایەن حاجی میرخان بەرپرسی دەزگاکە بەگەرمی پێشوازی کرانو، لەو دیدارەی لە نێوانیاندا ئەنجامدرا رۆلی زانایان لەمەڕ سەرخستنو کاریگەریان و پالپشتیکردنی شۆرشی ئەیلول و خزمەتکردنیان بە مافەرەواکانی گەلەکەیان هەلسەنگێنراو هیوایان خواست کە بە هەمووڵایەك ئەو ئەزموونەی لە بەردەستدایە لە کوردستان بپارێزنو باشتر کار بکرێت بۆ سەرخستنی مافەکانی گەلی کورد.

# لقی رانیەو یادی (٤٣) ساڵەی دامەزراندنی یە کێتی زانایان

**راگەیاندنی لق / مەلا عبدالرحمن:** رۆژی (٢٠١٣/٩/٢٢) لقی رانیە هەستا بە دابەشکردنی شیرینی و هەڵواسینی لافیتە بەبۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان کە (٤٣) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنیدا هەروەها لافیتەی پێشوازی لەمیوانانی هەڵواسی تاوەکو بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی ئەو زانایانە بکات کە لەگەڵ میوانانی تری بەڕێز بەم بۆنەیەوە سەردانی لقی رانیە دەکەن.

شایەنی باسە هەموو ساڵێك لە ٩/٢١ ئەم یادە لە لقی رانیە دەکرێتەوە، هەرچەندە ئەم ساڵ کەوتە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بەم بۆنەیشەوە هیوادارین پەرلەمانو حکومەتێکی خزمەتکاری لێبکەوێتەوە، بە دواکەوتنی رۆژێکیش ئەم یادە هەر کرایەوە.




# شاندێکی ناوچەی خانەقین سەردانی بەشی پۆلیسی خانەقین دەکات




**دانا مەلا حەمەئەمین ـ گەرمیان:** پاش ئەوەی بەشی پۆلیسی خانەقین لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیانەوە وەکو خزمەتێکی بەئاسایشی شارەکە لە شاری خانەقین کرایەوە، شاندێکی ناوچەی خانەقینی سەربەلقی گەرمیانی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان مامۆستا مەلا نجم عبداللە بەرپرسی ناوچەو هەریەکە لەبەڕێزان مامۆستا مەلا عبدالرحمن محمد سعید و مامۆستا مەلا ریاز علی کارگێرانی ناوچە سەردانی بەشی پۆلیسی خانەقینیان کردوو لەلایەن عەمید ئازادەوە بەگەرمی پێشوازی کران و شاندی زانایان بەناوی زانایانی ئاینی یەوە پیرۆزباییان لە تەواوی دانشتوانی خانەقین کرد بەبۆنەی کردنەوەی ئەو بەشەوەو بە فاکتەرێکی باشیان وەسف کرد بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی شارەکەیان و لەبەرامبەریشدا عەمید ئازاد خۆشحالی خۆی بۆ سەردانی شاندی ناوچەی خانەقین دەربری

# خانەقین: ناوچەی خانەقینی یەکێتی زانایان
# بەشداری لەبەڕێکردنی حاجیانی شارەکەیان کرد

**دانا مەلا حەمەئەمین ـ گەرمیان:** لەنێو ئاپۆڕای موسوڵمانانی شاری خانەقینداو وەکو پیرۆز سەیرکردنی ئەرکەکەیان شاندێکی ناوچەی خانەقینی سەربەلقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەشداریکرد لە بەڕێکردنی ئەو بەڕێزانەی بۆ ئەمساڵ ناویان هەبووەو بەشداری لە بەجێهێنانی فەریزەی حەج دەکەن.

شایانی باسە ژمارەی ئەمساڵی حاجیانی سنوری خانەقین (١٠٨) کەسەو لە رێورەسمێك و پەرۆشیەکی زۆردا لەبەردەم مزگەوتی عمر ئەبی حەفص خواحافیزبونیان لەدۆستان و کەس و کاریان کرد و بەرەو وڵاتی عەرەبستانی سعودی بەڕێکەوتن.

# لقی سۆران بەشداری کردنەوەی مزگەوتێك دەکات

**راگەیاندنی لقی سۆران:** پێش نیوەڕۆی ٢٠١٣/٩/٢٤ شاندێکی لقی سۆران کە لە بەڕێزان مامۆستا مەلا مستەفا باپشتیو، مەلا رسول گەزنەیی، مەلا یوسف احمد کاگێرانی لق پێکهاتبوو بە یاوەری مەلا وەیسی مەلا سەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران، لە گوندی روست سەر بە ناحیەی سمیلان بەشداری کرد لە کردنەوەی مزگەوتی گوندەکە.

ئەمەو لە رێورەسمی کردنەوەکەدا بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بە ناوی لقی سۆرانو ئەوقافەوە وتەیەکی پێشکەش کرد کە تیایدا رۆلی گەورەی مزگەوتو بایەخی لە کۆمەلگای کوردیدا خستەروو، هەروەك راشیگەیاند کە مزگەوت کە لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی گەورەی بە گەلی کوردو زانستو فەرهەنگی کوردی کردوە.

ئەمەو لە کۆتای رێورەسمەکەدا چەند سروودێکی ئاینی پێشکەشکرانو کۆتای بەڕێورەسمەکەهات.

# شاندێكی ناوچەی خانەقین سەردانی كۆمیتەی ڕێكخستنی ڕۆژئاوای یەكێتی دەكات




**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:** بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی ناوچەكەیان شاندێكی ناوچەی خانەقینی سەربەلقی گەرمیانی یەكێتی زانایان كە پێكهاتبوو لەبەڕێزان مامۆستا مەلا نجم عبداللە بەرپرسی ناوچەو هەریەكەلەبڕێزان مامۆستا عبدالرحمن محمد سعیدو مامۆستا ریاز علی كارگێڕانی ناوچە سەردانی كۆمیتەی ڕێكخستنی ڕۆژئاوای یەكێتی نیشتمانی كوردستانیان كردو بەگەرمی لەلایەن بەرپرس و كادیرانی كۆمیتەكەوە پێشوازی كران.

سەرەتا مامۆستا مەلا نجم بەناوی خۆیو ناوچەكەیەوە پیرۆزبایی لە ئاسۆ محمد سایەخان كرد بەبۆنەی دەست بەكاربوونی وەكو بەرپرسی نویی كۆمیتەو هیوای سەركەوتنی بۆ خواست لەپێناو خزمەتكردنی شارەكەداو لەبەرامبەریشدا بەرپرس و ئەندامانی كۆمیتەی ڕۆژئاوا خۆشحالی خۆیان بۆ سەردانی شاندی زانایان دەربڕی.

# شاندێكی لقی شەقلاوەی یە كێتی زانایان بەشداری خەڵاتی ڕێز لێنانی قوتابیە یەكەمەكان دەكات




سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە رێكەوتی ١٦-٩-٢٠١٣شاندێكی بالای شەقلاوەی یەكیتی زانایان كە پیكهاتبوو لە بەریزان م.تحسین خۆشناو بەرپرسی لق و م.تەها كانی چرگانی كارگیری لق بەشداریان كرد لە دابەش كردنی خەلاتی ڕێز لێنان بەسەر قوتابیە یەكەمەكانی شاری شەقلاوە و دەورو بەری كە لە لایەن بەریوبەرایەتی پەروەردەی شەقلاوە مە راسیمەكە ریكخرابوو.

---

# لقی چەمچەماڵ و ئیدارەی شار هەفتەی هاوكاریان بۆ كوردانی ڕۆژئاوا ئە نجامدا




**ڕاگەیاندنی لق/مەلا مژدە شوانی:** لە نێوان ڕۆژانی چوارشەممە ٨/٢٨ تا ٢٠١٣/٩/٣ هە لمەتێكی كۆكردنەوەی پیتاك و هاوكاری دەستی پێ كرد كە ئیدارەی چەمچەماڵ بە هاوكاری لقی چەمچەماڵی یەكێتی زانایان ئە نجامیان دا.

شایانی باسە لەو هەڵمەتەدا ڕێژەیەكی باش لەپارەو شتومەك لەلایەن خەڵكی سنورەكەوە كۆكرانەوەو دواتر لەلایەن لیژنەیەكەوە كەپێكهاتبون لە نوێنەری لقی چەمچەماڵ و قایمقامیەت و ئەوقافی گەرمیان بەسەر ئاوارە كوردەكانی ڕۆژئاوادا دابەش كران.

# كەلار : بەبەشداری لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان چەند چالاكیەك لە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئە نجام درا




**دانا مەلا حەمەئەمین– گەرمیان:** سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٨ بە بەشداری ژمارەیەكی زۆر لە لێپرسراوانی حكومی و ڕێكخراوەیی و زانایانی ئاینی لە ژێر دروشمی (تەنها یەك نەخوێندەوار لە كوردستان بمێنێت زۆرە)و لە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی نەخوێندەواری چەند چالاكیەك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلارەوە ئەنجامدرا.

بەم بۆنەیەشەوە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان لە كەلار بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار مەراسیمێكی ڕێكخست كە چەندین ووتارو چالاكی تێدا ئەنجامدراو، هەر لە مەراسیمەكەدا مامۆستا مەلا حەمەئەمین كەلاری ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی و لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان لە وتەیەكدا تیشكی خستە سەر گرنگی و پێگەی خوێندن و خوێندەواری و ڕێگاچارەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ بنبڕكردنی نەخوێندەواری.

# سۆران : خولێکی ڕێنمایی بۆ حاجیان بەڕێوە چوو



**راگەیانــــدنی ســـــەنتەر:** بەمەبەســـتی هوشـیارکردنەوەی ئـەو هاوڵاتییانـەی ئەمسالّ سەفەری حەج دەکەن بە ئامادەبوونی بەرێز قاسم رسـول بـەرزنجی بەرێوەبـەری گـشتی حـەج و عـومرە، سـەنتەری زانایـان بـۆ چـالاکی ئـایینی بەهەماهـەنگی بەرێوەبەرایـەتی ئـەوقافی سـۆران خولێکی رێنمایی ئیداریو شەرعی کردەوە.

دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئـانی پـیرۆز، لـە وتـەیـەکی دا وەیسی سـەعید وەیسی بەڕێوەبـەری ئـەوقاف سـۆران باسـی لـە رێنماییـە ئیدارییـەکان کـرد سـەبارەت بـە چۆنیـەتی خـۆ ئامادەکردن و چۆنیـەتی سـەفەرکردنی حاجیـان، هەروەك داوای کرد کە پابەندبن بە رێنماییـەکانی تایبـەت بـە سـەفەری حـەج و گیـانی برایـەتی و هاوکـاری و خۆشەویـستی لـەنێوانیان بـە بـەرزی رابگـرن و هـەر یەکـەیان ببێتـە باڵیۆزێـك بـۆ ناسـاندنی مافـە رەواکـانی گەلەکـەیان، هـەروەك داواشـی لـێ کـردن کـە دوعـای خێـر بـۆ گـەلی کوردستان وئەزموونی سیاسی کوردستان بکەن.

لەبەشـێکی تـری خولەکـەدا مامۆسـتا مـەلا عبداللە شـێرکاوەیی ئەنـدامی دەسـتەی کـارگێڕی سـەنتەری زانایـان بابـەتێکی لەسـەر رێنماییـە شـەرعییەکان پێشکەش کـرد، کـە باسـی لـە فەلـسەفە وحیکمەتـەکانی حـەج کـردن کـردوو چـۆنیەتی سـەفەرکردنەکەی کـرد لـە رووی شـەرعییەوە، هـەروەك چـەندین بابـەتی شـەرعی تایبەت بە پیاوان و ئافرەتانی خستنە روو.

لەدوایـشدا چـەندین رێـورەسمی حـەج بـە شـێوازێکی کـرداری وەك تاقیکردنـەوە ئـەنجام دران.

ئامادەبووانی مەراسیمەکە خۆشحالّی خۆیان دەربـڕی بـە خولەکـە و بـە چـەندین پرسـیار و تێبینی و وەڵام کۆتایی بە خولەکە هێندرا.

ئـەم سالّ ٢٦٧ هـاوڵاتی لـە سنوری ئـەوقافی سـۆران سـەفەری حـەج ئـەنجام دەدەن و واش بڕیـارە لـەدوایی بەرێوەچـوونی پرۆسـەی هەلبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان لـەرێگای فڕۆکەخانـەی نێودەوڵـەتی هـەولێرەوە بـەرەو عەرەبستانی سعودیە سەفەر بکەن.

# شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان بەشداری فیستڤاڵێکی تاییەت بە تصوف دەکات



**دانـا مـەلا حەمەئـەمین– گـەرمیان:** سـەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٥ شـاندێکی لقـی گەرمیانی یـەکێتی زانایـان کـە پێکهـاتبوو لەبـەڕێزان مامۆسـتا مـەلا حەمەئـەمین کـەلاری ئەنـدامی مەکتـەبی تـەنفیزیو بەرپرسـی لـقو هەریەکـە لەبـەڕێزان مامۆسـتا مـەلا سـەلام تاوگۆزی جێگری لێپرسراوی لقو مامۆستا مەلا محمد حەمەئەمینو مامۆسـتا مـەلا عومـەر فارس کارگێڕانی لق بەشدارییان کـرد لـە فیـستڤاڵی تاییـەت بەڕێوڕەچـەی نەقشبەندیو بەرهەمی شاعیرەکانی لەهۆڵی ئوتێل پەرێز لەشاری سلێمانی.

لەو مەراسیمەدا کە ژمارەیـەکی زۆر لەبەرپرسـانو زانایـانی ئـاینیو شـێخانی تەریقـەت ئامادەی بوون چەندین وتارو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەنجامدرا.

# کەلار: شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستا مەلا کەریم زەلکەییان کرد



**دانا مەلا حەمەئەمین– گـەرمیان:** پـاش سـەردانی کردنـی بـۆ دەرەوەی وڵاتو ئەنجامدانی نەشتـەرگەری سـەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٨ شـاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان سەردانی مامۆسـتا مـەلا کـەریم زەلکـەییان کـردو لـەباری تەندروسـتیان پرسـیەوەو پـشتیوانی لقەکەیان بۆ دووپاتکردەوەو ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکارییەکیان دەربڕیو لەبەرامبەریشدا مامۆستای ناوبراو سوپاسی شاندی لقی کـردو پـەرۆشـی لقـی گەرمیانی بۆ زانایانی ئاینی بەرز نرخاند.

# لقی رانیەی زانایان بەخێرهاتنەوەی مامۆستا مەلامستەفا دەکات



**ڕاگەیاندنی لقی ڕانیە:** بـەرواری (٢٠١٣/٩/٥) بەرپرسـی لـق بـەڕێز (م.عبداللە)ی زەنگلّ لەگەلّ کارگێڕی ڕێکخستن و کـارگێڕی ڕاگەیانـدن سەردانی حاجیاوایان کرد بە مەبەستی بەخێر هێنانـەوەی جێگری لـق (م.مـصطفي) کـە بـەڕێزیان سـەردانی دەرەوەی وڵـاتی کردبـوو بـە مەبەستی چارەسەری خێزانی کـە تووشـی نەخۆشـی فەقـەڕاتی پـشت هـاتووە هـەواڵیان پرسـی و هیوایـان خواسـت بـە زووتـرین کـات خـودا شیفای بدات.

# لقی سۆران پێشوازی لەوەزیری ئەوقاف دەکات




**راگەیاندنی لقی سۆران:** لەو سەردانەیدا کە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بۆ دەڤەری سۆران ئەنجامیدا، لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بە گەرمی پێشوازی لە بەرێزیانو شاندی یاوەری کرد.

لە کۆبەونەوەیەکدا لە بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران کە بەرپرسی لق بەرێز مەلا خالد مەلەکیو کارگێرانو ژمارەیەك مامۆستای ئاینی ئامادەبوون، وەزیری ئەوقاف رۆلی زانایانی سنورەکەی بەرزنرخاندو، بە بایەخەوە باسی لە کارو چالاکیەکانی ئەوقافو لقی سۆران کرد، هەروەك ئاماژەشی بەو هەماهەنگیە کرد کە لە نێوان لقی سۆرانو ئەوقافی سۆران لەسەر بنەمای خزمەتکردنی بواری ئاینیو زانایانی سنورەکە دروستبووە.

لە بەرامبەریشدا لقی سۆران سوپاسی هەلوێستی جەنابی وەزیری کردو هیوای خواست کە زیاتر هەول بدرێت بە مەبەستی خزمەتکردنی زانایان کە پێشەنگی بواری زانستو زانیاریو هەلوێستی نەتەوەی بوونە لەکوردستان.

# لقی موسڵ دژی کوشتنی کوردانی شەبەك نارەزایی دەردەبڕێت




**عبدالخالق علی سلیمان:** راگەهاندنا لقا موسل یاییکەتیا زانایین ئاییني ئیسلامی ل کوردستانی

١– ل روژا سێ شەمبی ریکەفتی ٢٠/ ٨/ ٢٠١٣ بەرپرسێ لقێ (شیخ محمد میرسیدی) لگەل چەند ئەندامان سەرەدانا لقا (١٤) یاپارتی دیموکراتی کوردستان کر لپاریزگەهاموسل، وە لگەل بەرپرسێ لقێ (عصمت رجب) کومبینەك سازدا بو ئاگادار بونی ل رەوشا موسل و دەور بەرا.

٢– هەروەسا لقامە بەیاننامەیەك نڤیسی و دا دامو دەزگەهیین حزبی و حکومی، دڤێ نامێدا نەرازی بونا خو دەر بری بەرامبەر کوشتنا کوردیێن شەبەك لباژیرێ موسل بدەستی تیرورستا.

# لقا زاخۆ کۆمبوونا ئاسایی ئەنجامدا

ل روژا ٢٦/٨/٢٠١٣ێ ل دەمژمێر (١٠) سپێدێ ل بارەگاییێ لقا مە ل مزگەفتا حەجی ئیبراهیمی ل زاخو لقامە کومبونەکا نە یاسایی ئەنجام دا. ب ئامەدەبونا گشت بەرپرس وکارگێرێن لقو ناوچێن سەر ب لقا مە ڤە. و پشکداریا رێڤەبەرێ گشت ئەوقافا پاریزگەها دوهوکێ جەنابێ ماموستا(سمیان عبدالخالق)و رێڤەبەرێ ئەوقافا زاخو جەنابێ (مەلا سعید) ل دەسپێکێ سورەتێ (الفاتحە) هاتە خواندن ل سەر گیانێ گشت شەهیدانو تایبەت شەهیدێن خاکا کوردستانێ پاشی بەرپرسێ لقا مە پەیڤەك پێشکێش کر.و تێدا دیارکر وەزعێ جیهانێ.و ئاریشێن (مصرو سوریا)و ململاو هەڤرکیا ئەمریکاو ئەوروپا دگەل روسیاو ئیرانێ سەر ڤێ ئاریشێ. پاشی ل سەر روژئاڤایێ کوردستانێ بەرفرەهی بەحس کر.و



گوت فەرە ئەم هەمی لایا ڤە دگەل وان بینو هاریکاربین یێن ئابوریو سیاسی.و گوت ئەف ئاوەری یە زیانەکا گەورەیە بو ملەتی کورد ل کوردستانا روژئاڤا. دێ رێژا کوردا کێم بت.. پاشی بابەتێ هلبژارتنا هاتە بەحس کرن.و دووپات کر کو فەرە ئەم ئێکەتیا زانا هەول بدین جەماوەرێ زاخو بو ئامادەبونا وان ل سەر صوندوقا یێن هلبژارتنێ کو ئەرکەکی نیشتیمانییە. فەرە هەر هاولاتی یەك پشکداربت.

پاشی جەنابێ رێڤەبەرێ گشتی ئەوقافا پارێزگەها دوهوکێ دوپاتکر سەر ڤان پەیڤا.و کومبون بدوماهیك هات لدەمژمێر یازدە ونیڤ.

# چالاکیەکانی لقی کۆیەی زانایان

**لقی کۆیە – راگەیاندن:**

١. بەشداریمان هەبوو لەدەزگا راگەیاندنەکانی تەلەفیزونی ئاسمانیو ناوخۆیی وە لە رادیۆیەکانی بەبەرنامەو وتارو پرسیارو وەلامو وتارمان هەبووە لە مزگەوتەکان لەشەوانی قەدر بەشێوەیەکی بەرچاو.

٢. لە بەرواری ٨/١٦ شاندێکی لقەکەمان بەشدریمان کرد لەیادی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئیران کە جیگای خۆشحالی ئامادەبوان بوو.

٣. لەبەرواری ٢٠١٣/٨/١٨ بە ئامادەبونی بەرپرسی لق و کارگێرانی لق سەردانی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پ.د.ك. کرد بەمەبەستی یادی دامەزراندنی ٦٧ مین سالرۆژیانەوە کە جیگای رێزو پێزانین بوو.

٤. لەبەرواری ٢٠١٣/٨/١٩ بەرپرسی لق و کارگێرانی سەردانی بەرێز بەرێوبەرایەتی ئەوقافی کۆیەمان کرد بە مەبەستی زیاتر هەماهەنگی لەنێوان یەکێتی زانایان و ئەوقاف کە زۆر بەرێزەوە پێشوازیان لێ کردین.....

# کەلار : بەبەشداری لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان
# خولێکی ڕێنمایی و فێرکاری بۆ حاجیانی سنوری گەرمیان بەڕێوە چوو



**دانا مەلا حەمەئەمین– گەرمیان:** دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٩/٨/٢٠١٣ بەبەشداری شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و بەڵێندەران بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی گەرمیان خولێکی ڕێنمایی و فێرکاری بۆ ئەو کەسانە بەڕێوە برد کە بۆ ئەمساڵی فەریزەی حەج ناویان دەرچووە

سەرەتا مامۆستا ئیدریس ژاڵەیی بەڕێوەبەری حەج و عومرەی گەرمیان لە ووتەیەکدا بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و پاشان مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان لە ووتەیەکدا پیرۆزبایی ئاراستەی ئەو کەسانە کرد کە ناویان دەرچووە بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج و هیوای سەفەرێکی سەرکەوتوی بۆخواستن و داوای لێ کردن بە جوانی ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و خۆڕاگر بن و نزای خێر بۆخۆیان کەس و کارو خاك و نیشتمانەکەیان بکەن

پاشان لەلایەن مامۆستایان و بەڵێندەرانەوە ووتە پێشکەش کرا و باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە کرا

## لقی شارەزوور کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت



ڕۆژی ٢٩/٨/٢٠١٣ بە ئامادەبوونی بەڕێز بەرپرسی لق و کارگێڕان و بەرپرسی ناوچەکان کۆبونەوەی ئاسایی مانگانەی لق ئەنجامدرا دوای خوێندنی قورئانی پیرۆز بەڕێز م.غازی لەسەر ئەم تەوەرانە دوا دوای پیرۆزبایی لە بەڕێکردنی ڕەمەزان و جەژن دەستخۆشی لە مامۆستایان کرا بۆ ئەو هەڵمەتەی کە

ڕامانگەیاندبوو بۆ هاندانی خەڵکی بۆ یارمەتیدانی کوردانی ڕۆژئاوار

٢. کارو چالاکییەکانی لق.

٣. نوسراو و ڕاسپاردەکانی بەڕێز مەکتەبی تەنفیزی.

٤.وە بەدوورگرتنی مینبەری مزگەوتەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و تەنها داوا لەلایەنەکان دەکەین هێمنی و ئارامی بپارێزن وە لە هاوڵاتییان کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن

٥.بەخوێندنەوەی چالاکی ناوچەکان کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

## لقی سلێمانی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست



**ڕاگەیاندنی لق /ملا محمد کەڵکە سماقی:** بە سەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا نجم الدین قادر بەرپرسی لق و، بە ئامادە بوونی کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەکان بەمەبەستی بەرەو پێشچونی کارو چالاکییەکانیەوە، لقی سلێمانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١٣/٨/٢٩ کۆبونەوەی ئاسایی بە ئەنجام گەیاند.

سەرەتای کۆبونەوەکە بە وتەی بەڕێز مامۆستا نجم الدین دەستی پێکرد، لە ووتەکەیدا سەرەتا بەڕێزیان دەستخۆشی و سوپاسی مەکتەبی تەنفیزی بە گشت مامۆستایانی ئاینی ڕاگەیاند لە بەرامبەر هەوڵ و کۆششەکانیان لە ڕەمەزانداو بەتایبەتی بانگەشەی ووتار بێژەکان بۆ هاوکاری و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ براکانمان لە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها لە درێژەی وتەکەیدا بەڕێزیان ئاماژە ی بە دووخاڵ کرد:

یەکەم: ئەنجامدانی هەڵمەتی خوێن بەخشین بە نەخۆشیەکانی تالاسیما لە لایەن لقی سلێمانی و سەرجەم ناوچەکانی ناوە وەودەوروبەری مەرکەزی شاری سلێمانی و دیاریکردنی روژێك لە بانکی خوینی سلێمانی.

